KURDISTAN




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ٣٥ وتار پێشکەش بە ٣٥مین ساڵڤەگەری تیرۆری دکتۆر قاسملوو هاورێیانی

بەبۆنەی ٣٥مین ساڵڤەگەری تیرۆری دکتۆر قاسملووی ڕێبەرو لە پێناو ڕێزنان لەو ڕێبەرە بلیمەتەی کورد، زنجیرە وتارێک لە پیوەندی لەگەڵ رەهەندە جیاوازەکانی کەسایەتی دکتور قاسملوو لە روانگەی زانستی ڕێبەریدا بڵاو دەکرێتەوە. بەو هیوایە بەو کارە توانیبێتم لانی کەمی ئەمەگناسی خۆم بە قاسملوو و هەموو ڕێبوارانی ڕێبەرانی شەهید نیشان دابێت.

مەجید حەقی

---

# پێڕست ی بابەتەکان بۆ ئەم نامیلکەکە

١- پێشەکی بۆ ئەم نامیلکەیە........................................................................ ٤

٢- لە سەر پێویستی باسکردنی مژاری ڕێبەری.................................................................. ٧

٣- قاسملوو هێمای یەکیەتی نەتەوەیی..................................................................... ١٣

٤- قاسملوو بەهایەک بۆ ئاشتی و خۆشەویستی............................................................. ١٥

٥- یازدە رەشەمە رۆژێک بۆ دێموکرات، رۆژی دێموکرات................................................... ١٧

٦- ڕێبەری ئامازەیی..................................................................................... ١٩

٧- ئەوەی دەبێ لە ڕێبەرانمان فێر بین............................................................................ ٢١

٨- قاسملوو هەروا ڕێبەری ڕووداوەکانی کوردستانە......................................................... ٢٩

٩- ٢٣ی پووشپەر - راسان و یەکگرتنەوەی دووبارەی دێموکرات.............................................. ٣٢

١٠- لە ٢٣ی پووشپەرەوە بەرەو ٢٥ی گەلاوێژ.............................................................. ٣٦



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە


١١- قاسملوو ڕێبەرێک کە سیمای مرۆڤی بە حیزبێکی نەریتی بەخشی.............................. ٤٠

١٢- قاسملووو ڕێبەریی ستراتیژی................................................................ ٤٣

١٣- قاسملوو بەرز کەرەوەی شیانی ڕێبەریی بە کۆمەڵ............................................ ٤٦

١٤- هونەری ڕێبەریی بەهاو بایەخەکان لە ڕوانگەی کەسایەتی قاسملوویەوە.............................. ٥٠

١٥- قاسملوو ڕێبەرێک بۆ پێگەیاندن.............................................................. ٥٤

١٦- ڕێبەری ڕاستی تواناکانی دەوروبەریان بە هێز دەکات.......................................... ٥٨

١٧- گۆڕینی کۆمەڵگا پێویست بە بیرکردنەوەی جیاواز دەکات.......................................... ٦١

١٨- قاسملوو - ڕێبەرێک کە بەدوای ڕێبەرانی دوارۆژ دەگەڕا.......................................... ٦٧

١٩- قاسملووو ڕێبەریی دڵان...................................................................... ٧٦

٢٠- جێگای ڕێز بوون یان خۆشەویستی هەموو کەس؟................................................ ٨٠

٢١- ڕێبەری چاک، گوێگرێکی هاودڵە............................................................. ٨٢

٢٢- قاسملوو ڕێبەری گۆڕانکاریخواز و خزمەتگوزار..................................................... ٨٥

٢٣- گۆڕینی ڕێکخراوێکی نەریتی بەرەو ڕێکخراوێکی خۆفێرکار و زانست خوڵقێنەر..................................... ٨٩

٢٤- سەربەخۆیی کلیلی سەرکەوتن و پێشڤەچوونە............................................... ٩٢

٢٥- ڕێکخراوی خۆفێرکار پێویستی بە کادری داهێنەر هەیە.............................................. ٩٥

٢٦- فێربوون لە ئەزموون بە واتای مانەوە لە مێژوودا نیە.............................................. ٩٨

٢٧- گەشەکردنی کاری تیمی دەبێتە هۆی فێربوونی گشتی............................................ ١٠١

٢٨- خوڵقاندنی ئاسۆی هاوبەش هێز دەداتە چالاکی گشتی ڕێکخراوە........................................ ١٠٤

٢٩- ڕێبەری گۆڕانکاری خواز و کولتووری ڕێکخراوەیی............................................ ١٠٨

٣٠- پێوەندی نێوان شێوازی ڕێبەریو کولتووری ڕێکخراوەیی................................................ ١١١

٣١- ڕێبەری ئەخلاقی.............................................................................. ١١٥

٣٢- ڕێبەری ئەخلاقیو کاردانەوەی لە سەر ژینگەی ئەخلاقی ڕێکخراو.................................... ١١٨

٣٣- ڕابردوو چرای دوارۆژ نیە........................................................................ ١٢٣

٣٤- حەوت وانە لە قاسملوو بۆ ڕێبەرانی داهاتوو...................................................... ١٢٦

٣٥- ڕێبەری ٣٦٠ پلە.............................................................................. ١٣١




سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## پێشەکی بۆ ئەم نامیلکەیە




نووسینی: د. مەجید حەقی

پێشەکی و سپاسی فراوان لە گەرمەی شۆرشی ژینادا، کوردستان یەکپارچە هاواری دەکرد:

"قاسملوو قاسملوو ریگەت درێژەی هەیە".

بە بێ زیادەگۆیی دەتوانم بێژم هیچ ریبەرێک لە مێژووی خەباتی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕادەی قاسملوو تەنانەت دوای نەمانی لە ژیان ئەوەندە نفووزی هەبێت و ڕۆژ بە ڕۆژ ناو و بایەخەکانی لەناو کۆمەڵگا دا قووڵتر بێتەوە. ئێمە هەرچی لە رێکەوتی ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ دوورتر دەکەوینەوە بایەخەکانی "رێبەریی" قاسملوو زۆرتر تێدەگەین. قاسملووش وەک هەموو مرۆڤێک خاوەنی کەمۆکۆری خۆی بووە. هەڵەی هەبووە. لەوانەیە هەڵوێستی هەڵەی گرتبێت و زۆرجار تووشی بڕیاری نابەجێ بووبێت کە گەورەترین و کارەساتبارترینیان بڕیاری گفتگۆی نهێنی لە گەڵ دیپلۆمات تیرۆریستەکانی رژێمی ئێرانە کە، تیرۆری ناجوامێرانەی بوو بە هۆی خولقاندنی تراومایەکی نەتەوەی بۆ جۆلانەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی. لەوانەیە یەکەم کۆمەڵە لای خوێنەری ئەو بابەتانی دروست بێ ئەوە بێ کە مەبەست لە نووسینی ئەم زنجیرە وتارانە لە سەر دکتۆر


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قاسملوو چییە؟ ڕەنگە خوێنەر پاشان لە زنجیرە وتارەکاندا بە دوای ژیاننامە، یان بیرەوەرییەکانی د. قاسملوودا بگەڕێ. لەو ڕۆژەوە کە دوکتۆر قاسملوو بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردرا، ڕێبەرایەتی لە ناو بزاڤی ڕزگاریخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا یەکێک لە جوانترین و پڕواتاترین قۆناغەکانی خۆی دەست پێ کرد. قاسملوو لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی خۆیدا ئاڵوگۆڕێکی گرینگی لە ئاستی سیاسی، ڕێکخراوەیی و پەیوەندییەکانی جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات لە جیهانی دەرەوە و ناوچەکەدا پێک هێنا. ڕەمزی سەرکەوتنی قاسملوو، پێکهێنانی هەلومەرجی گونجاو بۆ پاراستنی پرەنسیپەکان و پێکهێنانی زەمینەی گونجاو بۆ ئاڵوگۆڕ لە ناو بزاڤی نەتەوایەتیدا بەگشتی و لەناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتی بوو. قاسملوو ڕێبەری سەردەمێک بوو کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە شۆرشی پێشەسازییەوە بەرەو شۆرشی زانیاری و سەدەی ڕاگەیاندن دەگواستەوە. زانست، زانیاری و ئاسۆبینیی ئەو، بووبوونە هۆی ئەوە کە پێش سەردەمەکەی خۆی، پێشبینیی قۆناغی دیموکراسیی زانستی بکا. **بۆیە ئێستاش ٣٥ ساڵ دوای تیرۆرکردنی، سەرەڕای ئەوەی کە بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر بەرەو پێشەوە چووە، بەو حاڵەش ڕێبەرانی بزاڤی سیاسی لە رووی پێویستیی هەڵگرتنی هەنگاوێکی دیکە لە پێناو پێکهێنانی ئاڵوگۆڕدا، نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستە پێویستەی زانست و ڕێبەری تاکو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە دیسکۆرسی سیاسی و ستراتێژیی بزاڤی کورد لەو بەشەی کوردستاندا پێک بێنن.** قاسملوو بزوێنەری شەپۆلی فەرهەنگی ڕێبەرایەتی بوو لە کوردستاندا و توانیی حیزبێکی نەریتی و گرێدراوبکاتە حیزبێکی مۆدێرن، پێشکەوتوو، سەربەخۆ و خاوەن ستراتیژی، بە بەرنامە، بنەما ئەخلاقی، بایەخەکانی سەردەم و ڕێبەریی بەکۆمەڵ. ڕێبەری لە ناو خەڵک وهەروەها پرەنسیپەکانی ڕێبەریی بەکردەوە بکاتە ڕۆژەڤی بزاڤی نەتەوایەتیی کورد .ئەم زنجیرە وتارە بۆ هێنانە بەرباسی مێتۆدی ڕێبەریی دوکتۆر قاسملوو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا و هەروەها بەرزکردنەوەی گرینگیی رۆڵی ڕێبەری (Leadership) نەمازە ڕێبەریی ئاڵوگۆڕخواز و ڕێبەریی ٣٦٠ پلە لە هەلومەرجی ئەمڕۆی بزاڤی نەتەوایەتیدا. لەم زنجیرە وتارانەدا گرینگترین خاڵگەلی پەیوەندیدار بە هونەری ڕێبەری و مێتۆدی ڕێبەریی دوکتۆر قاسملوو بە کەڵکوەرگرتن لە دوایین تیۆرییەکانی زانستی ڕێبەری باس کراون. لەژێر تیشکی دەرسەکانی ڕێبەرایەتیی د. قاسملوودا، ئەو تایبەتمەندییانەی کە ڕێبەرێک دەبێ هەیبێ، خراونەتە بەر باس وکاریگەریی ڕێبەری لە سەر ژیانی خەڵک و ئەوانەی کە لە گەڵ ڕێبەر کار دەکەن، نیشان دراون .هەر مرۆڤێک لە ڕەوتی ژیانی خۆیدا، دەتوانێ لەسەر ژیانی هەزاران کەس شوێن دابنێ. پرسەکە لەوەدا نییە کە داخوا لەسەر کەسانی دیکە شوێن دادەنێین یا نە، بەڵکوئەوەی گرینگە چۆنیەتیی شوێندانانەکەمانە. ئامانجی ئەو بەرهەمە هاوکاریکردنی خوێنەرانە بۆ بەهێزکردنی توانای ڕێبەرییان وهەروەها سەرکەوتنیانە لە کاروباری تایبەتی و ڕێکخراوەییاندا. ئەگەر بمانەوێ نەوەکانی دوارۆژمان سەرکەوتوو بن و قوربانیی کەمتر بدەن، گەر بمانهەوێ لە خەبات و کاری ڕێکخراوەیی خۆماندا سەرکەوتوو بین، یەکەم هەنگاو بەهێزکردنی ئاستی ڕێبەریی خۆمانە. پوختەی پەیامی پەرتووکەکە ئەمەیە: خەبات لەپێناو رزگاریی نەتەوایەتی و بەرەوپێشبردنی بزاڤی دیموکراتیکی گەلی کورد لە هەر هەلومەرج و قۆناغێکدا،زێدەباری هەرجۆرە کێشە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە


قەیرانێک؛ بۆ تێپەربوون لێیان پێویستی بە ڕێبەرایەتییەک هەیە کە وەڵامی سەردەم بداتەوە و بە کەرەستەی پێویستی ڕێبەری و چارەسەری و بەڕێوەبردنی کێشەکان ئەرکی مێژوویی ڕێبەرایەتیی بزاڤی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان راپەڕێنێ .قاسملوو ڕچەشکێنی خەباتی دژی خەباتی نەریتی بوو. ڕێبازی قاسملوو نوێگەرا، پێشکەوتنخواز، دیموکرات و خاوەن بنەماکانی ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤایەتی و ژینگەپارێزییە .ئەم پەرتووکە پێشکەشە بە هەموو ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان. ٣٥ ساڵ دوای کارەساتی تیرۆری قاسملوو، ئاستی وشیاری و بەربڵاویی خەباتی نەتەوایەتی ئاسۆیەکی نوێی خولقاندووە. ئاسۆیەکی جیاواز، ئاسۆیەکی بەهێزتر بەڵام، نەرمتر. بەرینیی ئەو ئاسۆیەش پڕە لە ئاشتی، نەرمی و خۆشەویستی. بەو هیوایە توانیبێتم بەرامبەر بە شەهیدان و خەباتکارانی ڕزگاری نەتەوەکەم ئەمەگناس بووبم. هیوادارم خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە وەڵامی خاڵانەی سەرەوەی دەست بکەوێ و زیاتر و ەدوای ئەوسەرەداوانە بڕوا کە ئاماژەم پێ کردوون. کاک ڕەحمان نەقشی لە کۆکردنەوە و بڵاو کردنەوەی ئەو زنجیرە وتارەدا ئەرکی سەرەکی گێراوە. لە سەردەمی مێژووی بێ مێژووییدا و لە کاتێکدا کە مرۆڤەکان بە تەواوی سەرقاڵی ژیانی خێرا و بگۆڕی خۆیانن لە رکەبەری لە گەڵ جیهانی دیجیتال و ئاڵۆگۆرە خێراکان، کەم کەس هەن بتوانن سەرنج بدەنە کۆکردنەوەی بەرهەمی کەسانێکی بچووکی وەک من. کاک ڕەحمان نەقشی ئەو ئەرک و ئینیسیاتیڤەی بە ئەستۆ گرتووە و گەورەییەکی مەزنی بەمن بەخشیوە بۆ بڵاوکردنەوەی زنجیرە وتارەکان بە شێوەی پەرتووکێکی ئەلەکترۆنی. ئاشنابوونم و ناسینی قاسملوو بۆ من لە تەمەنی دوانزدە – سێزدە ساڵییەوە ئەوکاتەی کە قوتابی دواناوەندی لە شاری ورمێ بووم وەک ئولگوو و هێمایەک بووە کە هەمیشە هەوڵم داوە بە هەموو شێوەیەک کە بۆم بگونجێت ڕێگەی بپێوم. لە ڕوانگەی دەروونناسی مرۆڤیشەوە بێت، مرۆڤ دەبێ ئەو ڕێگەیە بپێوێت کە هێماکەی پێوایەتی بۆ ئەوەی بە لووتکەی سەرکەوتن بگات. دەزانم ئەوەی لێرەدا نووسراوە بەشێکی زۆری ڕوانگەی سوبجێکتیڤی هەیە. خۆزگە دەخوازم دەرفەتێک بخوڵقێت بۆ نووسینی بەرهەمێکی زانستی لە سەر پرسی ڕێبەری لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی دا. قاسملوو دەکرێ بێژین "ڕێبەرێکی بنەماتەوەر" بوو، کە مخابن ڕێبەرانی دوای ئەو نەیانتوانی ئەو بنەمایانەی ڕێبەری ڕەچاو بکەن.

پووشپەری ٢٧٢٤ی کوردی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە سەر پێویستی باسکردنی مژاری ڕێبەری



ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژەی ساڵانی ڕابردوو تووشی قەیرانێکی قووڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری بووە و بزاڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ یەکێک لە ئەستەمترین کێشەکان کە بریتی بێت لە قەیرانی ڕێبەرایەتی و یەکریزی نەتەوایەتی دەست و پەنجە نەرم دەکات. شێرپەنجەی لێکترازانەکان و نەبوونی گوتارێکی هاوبەش بووتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان بە سەر چەندین جەمسەری جیاواز و یەکتر لاوازکار دابەش بێت و بزاڤی کورد نەتوانێت لەو بەشەی کوردستاندا ببێتە خاوەنی دەستکەوتێکی بەرچاو و دەستگر. لە ماوەی چڵ ساڵی ڕابردوودا ڕژێمی ئێران بە بێ بچووکترین نیگەرانی و بێ سەرنجدان بە دژکردەوە و ڕەخنەی کۆمەڵگای ناونەتەوەیی دەستی داوە بە ژێنۆسایدی نەتەوەکەمان. لە هەمووی ئەو ساڵانەدا نەبوونی ڕێبەریەک کە بتوانێت جوڵانەوەی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەکەمان ڕێبەری بکات و خەباتی نەتەوایەتیمان بگەیەنێتە ئاستێکی کشتگر و سەرانسەری هەست پێ کراوە. ئەم کێماسیە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە. بەڵام ئەوەی کە ئێستا بزاڤی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەلی بەرەوروویە پەرتەوازەیی و دابەشبوونی کۆمەڵگایە کە بەهۆی لێکدابرانەکان و نەبوونی ئامادەیی و توانایی ڕێبەرانی ئێستای ناو حیزبە سیاسیەکانی کوردستان بۆ چارەسەری پرسەکان و زاڵبوون بەسەر قەیرانەکاندا هەرەشە لە داهاتووی نەتەوەکەمان و جوڵانەوەی ڕزگاری خوازانەی خەڵکی کورد دەکات. ڕێبەرانی و بریاربەدەستانی حیزبە کوردستانیەکان کە بە هۆی کارکردە نارێکەکانیان کۆمەڵگایان تووشی لێکترازان کردووە، بەهۆی نەبوونی ئیرادەی پێکەوە ژیان و یەکگرتنەوەی سەر لە نوێ بە هەڵبژاردنی تاکتیکی هەڵاتن بەرەو پێش (فرار بە جلو)، کۆمەڵگا و جوڵانەوەیان بەرەورووی تەقینەوەی ناوخۆیی کردووە. قەیرانی پێوەندیدار بە بوونی دوو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دێموکرات، چەند کۆمەڵە و دانپێدانەنان بە یەکتر و هاوکات لەژێر پێنانی ستانداردە پەسەندکراوەکانیان. ئەمە لەکاتێکدایە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بازنەی گەمارۆکانی بۆسەر ڕژێمی ئێران تەنگتر کردووە و ئەگەر کورد یەکگرتوو بێت، دەتوانێت ببێتە یەکێک لە ئەکتەرەکان سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە ئێران. بەڵام بەو پەرتەوازی و لێکدابراوانە جگە لە دۆران و پەراوێزخران دەستکەوتی دیکەیان نابێت.

لێکترازانەکان دۆخێکی نەخوازراویان بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندووە، دۆخی تووڕەیی، تەنگەژەدەروونیەکان، کە لەلایەن ڕژێمی داگیرکاری ئێرانەوە ڕادەی ئەو زەختانە بە پڕۆپاگەندەی ژەهراویی خۆی بەکەڵک وەرگرتن لە هەموو کاناڵەکانی پێوەندی قورستر و بەرینتر دەکات. شمشێرێک کە کۆماری ئیسلامی ڕۆژ بە ڕۆژ بە سەختکردنی هەلومەرجی ژیان، تێکدانی ئێکۆلۆژی کوردستان، کوشتاری کۆڵبەران و بەرتەسک کردنی مەیدانی ژیان لە خەلکی کوردستان، ڕێگەی هەناسە کێشان لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرتەسکتر دەکات. سەرکوتی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەلکی کوردستان کەمتر لە شەڕێکی سەرانسەری نیە و ئەنجامی ژێنۆسایدە سیستماتیکە بۆتە هۆی نیگەرانی هەموو دڵسۆزانی چارەنووسی نەتەوەکەمان. هەر لەوکاتەدا کە ئێمە هیچکات بە ڕادەی ئێستا شاهیدی بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی و ئیرادەی یەکگرتووی خەڵکی کوردستان نەبووین، وێرای ئەمەش لە مێژووی چڵ ساڵەی ڕابردوودا هیچ کات وەک ئەمڕۆ هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێک نەترازون و پرش وبڵاوی بەسەریدا زاڵ نەبووە، پرشوبڵاویەک کە سەرەرای بوونی باشترین زەمینەی پێشکەوتن و بەدەستهێنانی دەستکەوتی نەتەوایەتی ڕۆژبەڕۆژ توانایی شوێندانەری هێزە سیاسیەکانی ڕکەبەر و بەداخەوە دژبەیەک لاوازتر دەکات. هیچ کات لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی کوردا ڕووی نەداوە کە هاوکات ڕژێمی دەسەڵاتدار و حیزبە بەرهەڵستکارەکان لاواز بن. ئەوەی کە کێشەکە قووڵتر دەکات، بوونی فرەجەمسەری سیاسی لە ناوچە و دابەشبوونی هێزەکانی کوردستانی بەسەر لایەنە جۆراوجۆر و جەمسەرە دژبەیەکەکانە. ئەمەش سەرەرای هەموو لاوازی ڕژێمی داگیرکاری ئێران دەرفەتی گەورەی بۆ خوڵقاندووە بەربەست بخاتە بەر خەباتی نەتەوەکەمان و بەکەلک وەرگرتن لە لێکترازانەکانمان مرۆڤی کورد دژی یەکتر بەشەڕ بدات. بە جۆرێک کە هاوکات کە بە مووشەک هێرش دەکاتە سەر بنکەکانمان لەباشووری کوردستان، بە جیاتی یەکگرتوویی و پێکەوە بوون، مەودای نێوانمان زیاتر و هەستی هاوبەشمان لاوازتر دەبێت. لە ئەنجامدا ئەمڕۆ بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە دەست نارێکی و قەیرانی قووڵی ڕێکخراوەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و دەروونی دەناڵێت و کەشێکی خەماوی بەسەر جڤاکدا سەپاوە.

سروشتیە لە قۆناغێکی وا هەستیار و گرینگی مێژووییدا، پێویستمان بە دۆزینەوەی وەڵام بۆ پرسیارەکان هەیە. پێویستمان بە چارەسەری کێشەکان و دارشتنەوەی پلانێکی نوێ و سەردەمیانە هەیە. ڕژێمی ئێران بە سەپاندنی شەڕێکی نابەرامبەر و هەمەلایەنە بەسەر خەڵکی کوردستان و تیرۆر و دووبەرەکی نانەوە بەدوای دەرفەتی زۆرترە بۆ ئەوەی نەتەوە و بزاڤی ڕزگاریخوازانەکەی بە تەواوی لە ناو ببات. کەمترین بەرهەمی ئەم ڕەوشە نالەبارە ئەوەیە کە لە هەلومەرجێکدا کە


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەرفەتەکانی ناوچەیی و ناونەتەوەیی یارمەتیدەری بەهێزبوونی بزاڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کوردستان ببێتە دۆڕاوی سەرەکی ئاڵوگۆڕەکان و کورد نەتوانێت لانی کەمی مافەکانی خۆی بەدەست بێنێت.

بزاڤی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک کاروانێک دەچێت کە ڕێگەی ون کردووە، بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانەوە تووشی دزران و تاڵان بران لەلایەن نەیارانەوە بووە. هەرکەسێک دەتوانێت هەرەشە لە منداڵێکی هەتیو بکات، تەنیێی بکا و یاخود خۆی لێی بکاتە خاوەن. ئەمە ڕاست ئەو شتەیە کە ئێمە ئەمڕۆ شاهیدی ئەوین. ڕژێمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی بەجۆرێک خەڵکی کوردستانی تووشی لێکترازان کردووە کە سروشتیە بە هۆی تەنگەژەی ئابووری، هەژاری و نەبوونی هیوا و بڕوا خەڵک نەتوانێت بیر لە داهاتووی خۆی بکاتەوە و هەموو هەوڵەکەی بۆ ئەوەی بێت، ئەمڕۆ بە سبەینێ بگەیەنێت. لێکترازانەکانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان و لەسەرووی ئەوانەوە حیزبی دێموکرات دەرفەتی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران خوڵقاندووە کە بتوانێت بەئاوتەکانی لەمێژینەی خۆی لەمەڕ پەرتەوازەترکردن و لاوازترکردنی کورد بگات. ئۆپوزیسیۆنی چاوەدێر، بێ کردەوە و لێکدابڕاو و بێ بەرنامەش زۆرتر خەڵکی کورد و نەوەی نوێی تووشی ناهومێدی کردووە.

نەتەوەی کورد ئەمڕۆ پێویستی بەڕێبەریەکی یەکگرتوو هەیە کە بتوانێت بە لێبڕاوی هەڵقووڵاوی ویست و داخوازەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت. خاوەنی پێناسەی هاوبەش بێت بتوانێت کورد لە دەوری مانیفیستێکی هاوبەش کۆ بکاتەوە و چارەنووسی نەتەوەکەمان بەهاوکاری ئەندامانی کۆمەڵگا دیاری بکات. ڕێبەریەک کە ڕێگە نەدات خەڵکانی دیکە بە جیاتی ئێمە بڕیار بدەن. گەر قاسملوو لە ماوەی ڕێبەریی خۆیدا سەرکەوتووبوو کە بتوانێت لە باشوور تا باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەوری دروشمەکانی حیزبی دێموکرات کۆ کاتەوە و ببێتە نموونەی ڕێبەرایەتیەکی سەرکەوتوو، بەهێز و هیوابەخش، ئەمڕۆش نەتەوەکەمان دەتوانێت ئەو هێزە پێک بێنیت و لە هەلومەرجێکدا، کە ئاستی تێگەیشوویی، دەرفەتەکانی چالاکی، پێوەندی و سازماندان بەرفراوانتر لە سەردەمی قاسملوون خوڵقاندنی دەرفەتی هاوبەش و کۆبوونەوەی لە دەوری ئامانج و بەهای هاوبەش ئاسانتر دەنوێنێت. بۆشایی گەورە لەو نێوەدا ڕێبەریی هاوبەش و یەکگرتووە.

**پرسیاری سەرەکی لەو نێوەدا ئەوەیە لە هەلومەرجێکدا کە ڕادەی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبن، ئاستی لێکترازانەکان زۆرتر دەبن، چ کەس و کەسانێک دەتوانن ڕۆڵی کۆکەرەوەی هێزەکان بەدەوری یەکتر بگێڕن و خەباتی ئازادیخوازانە و ڕزگاریدەرانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێبەری بکەن؟**

کاتێک کە باس لە ڕێبەریی سیاسی دەکرێت، بیر لە قەیران، کێشەکان، قەیرانە چارەسەرنەکراوەکان و چۆنیەتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

رزگاربوون لەو کێشانە بە مێشکی مرۆڤدا دێت. لە هەلومەرجێکی وەک هەلوومەرجی مێژوویی ئێستا کە بۆ نەتەوەی کورد خوڵقاوە، رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە ناوەندێکی بەهێز و یەکگرتووی بڕیاردەر هەیە بۆ کۆمەڵگا. ئێمە لە مێحوەرێکی وا کە بریتی بێت لە ڕێبەرایەتیەکی یەکگرتوو و گشتگر بێ بەشین. خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەمرۆ زیاتر لە هەمووکاتێک پێویستیان بە گەمیڤانێک هەیە کە بتوانێت خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو باهۆزە توندە مێژووییانە کە هەڕەشە لە مان و نەمانمان دەکات بەرەو کەناری ئارام رێنوێنی بکات.

**جێگەی داخە کە سی و پێنج ساڵ دوای تیرۆری دکتۆر قاسملوو تا ئەمرۆشی لەگەل بێت بزاڤی نەتەوایەتی کوردستان نەیتوانیوە بە هاوکاری رۆشنبیران و ئازادیخوازانی دیکەی کوردستان کۆدەنگیەک لە مەڕ پرسی رێبەری و گرینگی ئەو لە روانگەی مێژوویی شی بکەنەوە و هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان نەیانتوانیوە رێبەریەکی وا گشتگیر پێک بێنن.** زۆربەی هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی لێکدابڕانەکان، لەتبوون و ئینشعابەکان هەموو سەرنجیان لەسەر لەمەیدان دەرکردنی لایەنی جیابووە و سەرکوتی جیاوازیەکان و هۆی جیابوونەوەکانە، لە باشترین حاڵەتی خۆیدا پێکهێنانی هاوپەیمانی و هاوکاری کورتخایەن و رواڵەتین کە ناتوانن وەڵامدەری پێویستیەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی کوردستان بن و قەیرانەکانی ناو بزاڤی کورد لەو بەشەی کوردستان چارەسەر بکەن. بەداخەوە ئەو هاوپەیمانیە کاتیانەش بەو شێوەیەی کە پێویستە کار ناکەن و هاوپەیمانیەکان زۆرتر بۆ بەهێزبوون لە بەرامبەر رکەبەرە نوێ و خاوەن ئایدیۆلۆژی جیاوازەکانە تا هاوپەیمانی ستراتیژیک. لە جێدا هاوپەیمانی ستراتێژیک کاتێک دەتوانیت مسۆگەر بێت کە سێ پرسی سەرەکی لە پێوەندی لە گەڵ هێزەسیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چارەسەر بکرێت:

**یەکەم پرسی یەکگرتنەوەی لایەنەکانی حیزبی دیموکرات و لایەنەکانی کۆمەڵە و هەروەها پرسی پێناسەی خەباتی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەلەبەرچاوگرتنی گەشەی پرسی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵات و گۆرانکاریەکانی قەوارەیی کۆمەڵگای کوردستان و سێهەم پێناسەی بایەخ و ستراتێژی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان.** نەخۆشیەکانی سێکتاریستی و خۆ ناوەندی بینی تاکەکەسان و حیزبەکانی کوردستان کە لە جۆری بیرکردنەوەی بڕیاردەرانی پێوەندیدارەوە سەرچاوەدەگرێت بووتە هۆی ئەوەی کە ناوەندەکانی وەک ناوەند گەلی وەک "ناوەندی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران" زۆرتر وەک کلابی گفتگۆی کۆمەڵایەتی سنووردار کە نابێ جیددی بگیرێت ببینرێت، چونکە ئەو ناوەندە لە پێوەندی لە گەڵ داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لە ۲۱ی خەرمانانی ۲۷۱۸ی کوردیدا بێتوانایی خۆی نیشاندا و بەوە بڕوای کۆمەڵایەتی بە رێبەرایەتی مەوجوودی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەورووی تەنگەژەیەکی مێژوویی بوو. رێبەرانێک کە وەڵامدەرەوە نەبن، ناتوانن تاسەر ببنە جێگەی بڕوای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

رادەی هاوکاری نێوان هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هیوای رووداوەکانی پێوەندیدار بە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەرامبەر ئێران دارێژراون، ئەمەش لە هەنگاوەکان، هەڵوێست و شێوەی کار و چالاکیەکانی ئەو هێزانەوە دەبیندرێت. لە لایەکی دیکەوە هێزەکانی گۆڕەپانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی هەردوو بەشی لێکدابراوی حیزبی دێموکرات بەهیوای لاوازبوونی لایەنی بەرامبەر و بەهێزەوە چوونی ناو وڵات خەونی ئەوە دەبینن، لە پێوەندی لە گەڵ یەکتر ئەو قسە و پێشبینیە ڕەشانەی کە لە کاتی جیابوونەوەی ساڵی ٢٠٠٦دا بۆیەکتر بینیویانە وەدی بێت و یەکێک لە لایەنەکان دۆڕاوی ئەو لێکدابرانە دەرکەوێت. ئەنجامی ئەم سیاسەتە هەڵەیە ماراتۆنی گفتگۆکانی "یەکگرتنەوە" و نەبوونی هیچ ئاسۆیەکی دیار لەو پێوەندیەدا، ئاشکراکردنی نهێنەیەکانی تەشکیلاتی و ناوخۆیی لە ژێر ناوی بیرەوەری و وەڵامدانەوە بە یەکتر و قووڵکردنەوەی نێواناخۆشیەکان و لەناوبردنی کەشی بڕوا و لاوازکردنی گشتی جوڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لایەنەکانی لێکدابراو لە پێناو پووچەڵکردنەوەی چالاکیەکانی یەکتر بۆ دەربازبوون لە قەیرانی "ناسنامەیی" و "ئەخلاقی" کە بەهۆی سیاسەت و هەڵوێستەکانی دوای لێکدابرانەکان ڕەچاویان گرتووە تووشی هەڵەگەلی تاکتیکی نادروستی زۆر بوون کە ئەنجامی ئەو بەهێزبوونی داخراوەیی حیزبی و گەشەی کەشی تەکرەهەندی و وەڵامدەر نەبوونی بەرپرسانی پلە یەکی حیزبیە. ڕێبەرایەتی هەردوو بەشی حیزبی دیموکرات و بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیچکات وەڵامی ئەو پرسیارەیان نەداوەتەوە کە ڕۆڵی ئەندامان و خەڵکی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ چارەسەری پرسەکان چیە، ئەوان چۆن دەیانهەوێ بڕوای کۆمەڵایەتی لە ناو خەڵکدا بەهێز بکەن بۆ ئەوەی بتوانن لە پۆتانسیەلی خەڵک لە پێناو تێپەڕبوون لەو قەیرانانە کەڵک وەرگرن. بەهۆی ئەوەی کە بەکردەوە لادانێکی ستراتیژیک لە ئامانجی سیاسی ڕێبەرانی حیزبی دا ڕووی داوە، ئەوان بە جیاتی خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوایەتی، سەرەنج و تەمەرکوزی خۆیان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لە ناو حیزبدا کۆکردۆتەوە، پرسی ڕێبەری سیاسی و بەهێزکردن و گەشە کردنی ڕێبەرایەتی سیاسی کە گرێدراوە بە پێوەندی ڕاستەوخۆ و تەنگا تەنگ لە گەڵ خەڵک و ڕۆڵی چارەنووس سازی ئەو لە پێوەندی لە گەڵ بەشداری کردنی بەکۆمەڵ لە پرۆسەی گەشەکردنی هەموو ڕەهەندەکانی خەباتی نەتەوایەتیدا لەبیر کراوە. ئەمرۆ تەنانەت لە پێشکەوتووترین کۆمەڵگاکان جیهانیش، ڕێبەری سیاسی، شوێندانەریەکی حاشا هەڵنەگری هەیە لە ڕێبەری کردنی گۆڕانکاریە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا.

کە باس لە ڕێبەری دەکرێت مێشکی مرۆڤ بەرەو زیندوو بوونەوە کەسانێکی وەک لێنین، پێشەوا قازی محەمەد، ماندێلا، گاندی، قاسملوو و ڕێبەرانی دیکە دەڕوات کە هەرکام لەوان لە قۆناغێکی مێژوویی دا توانیویانە مرۆڤایەتی لە قەیرانە جیاوازەکانی بەشێواز و مێتۆدی ڕێبەریەتیەکی سەرکەوتوو بەرەوپێش بەرن و ببنە هۆی سەرکەوتنی شۆڕش یا خەباتی نەتەوەکان و قەیران و ڕووداوەکان بکەنە دەرفەتی پێشڤەچوون. لێکۆلینەوە و خوێندنەوەی تایبەتمەندی و تواناییەکانی ئەو کەسایەتیانە، تایبەتمەندیەکانی ڕێبەرایەتیەکی بەتوانە بۆ ئەمرۆی جوڵانەوەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شی دەکاتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەهێزی بەکۆمەڵەوە ڕێبەرایەتیەک بۆ تێپەڕبوون لە قەیرانەکانی ئەمرۆ پێشنیار بکرێت. لە گەڵ ئەمەش کە ئاگادارین بارودۆخی کۆمەڵایەتی و شوێنگەیی و پارامێترە مێژووییەکانی ئەو ڕێبەرانە لە گەڵ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

هەلومەرجی ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێمە زۆر جیاواز بوون و سەردەمی ئێمە سەردەمی بەکارهێنانی توانایی و شیانەکانی بە کۆمەڵ و ڕێبەرایەتی زانستیە.

**لەو پێوەندیەدا راوەستان لە سەر چەند پرسیاری گرینگ پێویستە:**

**ڕێبەری سیاسی چیە؟**
**دەبێ خاوەنی چ تایبەتمەندیەک بێت؟**
**دەبێ کام لە بەربەستەکان لە سەر ڕێگا هەڵگرێت؟**
**ئەرکی سەرەکی ئەو ڕێبەریە چێە؟**
**و سەر ئەنجام چۆن دەتوانرێت ڕێبەریەکی بۆ بزاڤی رزگاری خوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک بهێنرێت؟**

بۆ هەڵسوکەوتی لۆژیکی پێویست بە بیرکردنەوە دەکات. بۆ مرۆڤێک کە دەیهەوێ هەنگاوی گرینگ هەڵگرێت، پێویستە بزانێت لە چ بارودوخێکدایە. ئەوەکە هەنگاوی ئەو سەرکەوتوو دەبێت یا نە بەوە گرێدراوە بە جۆری تێگەیشتنی ئەو لە دۆخەکە. ئەگەر مرۆڤێکی ژیر و بەمشوور بێت هیچ هەنگاوێک هەڵناگرێت تا ئەوەی کە گوێرایەڵی بۆچوونی هەموو مرۆڤەکانی دەوروبەری بێت بۆ ئەوەی بەراستی دۆخەکە وەک ئەوەی کە هەیە تێبگات، بۆ ئەوەی باشترین پلانی کاری دابرێژێت. گەر ئەو بارودۆخەکە لەبەرچاو نەگرێت، بارودۆخ ئەوی لە بیر ناکات. بارودۆخ خودایەک نیە کە مرۆڤ سزاوەرگرتن لە ئەنجامی کردەوەی هەڵە بەجێ بێڵێت.

## ژینگەی سیاسی و پێویستی پێناسەکردنی پرسی ڕێبەری

کە باس لە پرسی ڕێبەریی جوڵانەوەی کوردستان دەکرێ، پێویستە خوێندنەوەیەک لە سەر ژینگەی سیاسی - کۆمەڵایەتیی کوردستانی ئەمڕۆ بکرێت بۆ ئەوەی دۆخی مێژوویی ئەمڕۆ وەک خۆی ببیندرێت، پێویستە ڕەوشی شارنشینی، گوندنشینی، لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی لە گوندو شارەکان و جۆری پێوەندیەکانیان، سیستەمی بەرهەمهێنان و بەکارهێنەری (مصرف)، بازرگانی و بەرهەمهێنانی سەرمایە، کڕین و فرۆشتنی کاڵا لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەلەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتی لە ناوی جوغرافیای ئێران، دیاسپۆرای کورد و ڕۆڵی ئەوان لە تەواویەتی کۆمەڵگا، شوێندانەریی ئایین و مامۆستایانی ئایینی لە سەر کۆمەڵگا، بنەماڵە و فەرهەنگی باوکسالاری، ڕۆڵی بنەماڵە و پێوەندیەکانی نێوان نەوەکانی جۆراجۆر و هەروەها شوێندانەریی سیستەمی کۆماری ئیسلامی لە سەر خەڵکی کوردستان و هەڵسوکەوتی خەلک و لەو چوارچێوەیەدا ڕۆڵی ڕێبەریی بزاڤی نەتەوایەتی شی بکرێتەوە.

**پووشپەڕی ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## قاسملوو هێمای یەکیەتی نەتەوەیی



دوای زیاتر لە سێ دەیە لە کارەساتی ویەن لە بیست و دووی پووشپەڕی ١٩٨٩ ئەمڕۆ دەتوانین بێژین "قاسملوو هێمای یەکیەتی نەتەوەیی"یە. بەدەر لەوەی کە ئێمە ئەندام یان لایەنگری حیزبی دێموکرات بین، یا خود ئەندامی ڕێکخراوێکی دیکەی سیاسی بین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت ئەگەر چالاکڤانی سیاسی سەربەخۆش بین، لە هەلومەرجێکدا کە کۆمەڵگای کوردستان نەبەهۆی بیروباوەڕی سیاسی بەڵکوو بەهۆی کێشەکانی یەکتر قبووڵنەکردن تووشی لێکدابڕان هاتووە قاسملوو بە هۆی داهێنانی ئەو بایەخانەی کە باجەکی زۆری لەپێناوی دا ئەمڕۆ دەتوانێت ببێتە هێمای یەکگرتوویی و یەکیەتی نەتەوەیی.

ئەگەر لە سەردەمی خۆی بەهۆی دووجەمسەر بوونی جیهان و هەروەها نەبوونی یەکگەیشتنی هاوبەش لە مەڕ پرسە بنەماییەکان قاسملوو لەلایەن چەپە توندرەوەکان و لایەنگرانی ئایدیۆلۆژی "سۆسیالیزمی بێ پسوند و پیشوند" دەکەوتە بەر هێرش و لۆمە و بە سازشکار و لایەنگری ئیمپریالیزم دەناسرا، ئەمڕۆ دەبینین تێزەکانی قاسملوو بوونەتە بەهای هاوبەشی هەموو ئەو هێزانە و بگرە لە زۆر بواردا لە پێوەندی لە گەل دوارۆژی نشتیمان، پشتیان لە ڕابردووی پڕ لە هەڵەی لێکدانەوەیان کردووە و ڕوویان بە داهاتوویەکی بنیاتنەرانەترە. وتار و کردەوەی ڕێبەرێک دەبێ ببێتە هۆی سارێژبوونی برینەکان، لێکتێگەیشتن و وێکگەیشتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی. بە پێداچوونەوەیەکی خێرا بە وتار و نووسینەکانی دکتۆر قاسملوو لە کوردستان و کوردەوە بگرە، کە دەکرێ وەک مانیفێستی بنیاتنانەوەی نەتەوایەتی ناوی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

لێبنرێت تا کورتەباسێک لە سەر سۆسیالیزم و هەروەها پێوەندی دێموکراسی و گەشەکردن و پرسی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ژینگە پارێزی، بەشداری ژنان، بەناونەتەوەیی کردنی پرسی کورد و چۆنیەتی هاوبەندی نێوان هێزەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان هەموو ئەوانە، ئەو پرس و بایەخانەن کە ئەمڕۆ نزیک بە هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان لەسەری کۆکن. کۆمەڵگای کوردستان بەدرێژایی مێژوو بەهۆی داگیرکراوی، سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی ڕژێمەداگیرکارەکان، کولتووری خێڵەکی و ئابووریی نارێک و ناسیستماتیک تووشی نەخۆشی قەیرانی بڕوابووە و کۆمەڵگایەکی لێکدابڕاو لە ڕووی سیاسی و هاوکاری ستراتێژیک بووە. ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی کە هێزە سیاسیەکان نەتوانن نەتەنیا لە دەوری پلاتفۆرمی هاوبەش کۆبنەوە بەڵکوو لەناوخۆشیاندا تووشی لێکترازان، لێکدابڕان و جیابوونەوە و لەتبوون بن. بزاڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەست نەبوونی ڕێبەریەکی هاوبەش و ئاسۆیین دەناڵێت و ئەمەش دەبێتە هۆی لەکیس چوونی هەموو ئەو دەرفەتانەی کە بەهۆی بارودۆخی ناونەتەوەیی وناوخۆیی لەناوچەدا پێک دێت.

ئەرکی ڕێبەرایەتی سیاسی سازکردنی پردی پێوەندی و هاوکاری لەنێوان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگایە. ئاشکرایە بەبێ قبووڵکردنی پلۆرالیزمی سیاسی، کولتووری، زاراوەیی، ئایینی و فرەرەنگی جڤاکی ناتوانرێ سیاسەتێکی گونجاو کە بتوانێت خزمەت بە ویکگەیشتنی سیاسی - کۆمەڵایەتی بکات ڕەچاوبگیرێت و جێبەجێ بکرێت. پردی پێوەندی بەواتای کۆک بوون لەسەر بایەخە هاوبەشەکان، کۆکبوون لەسەر هێڵەسوورەکانی ناو بزاڤی سیاسی کوردستان، ئامانجە درێژدەمەکانی نشتیمانی. هاوکات لە گەڵ شۆرشی ژن - ژیان - ئازادی، بە خوێندنەوەیەکی خێرای بیرۆبۆچوونەکانی قاسملوو دەتوانین بێژین سیاست و ئامانجە سیاسیەکانی قاسملوو لە تەواویەتی خۆیدا کۆکەرەوەی هەموو جیاوازیەکانی جوغرافیی سیاسی کوردستانن و دەکرێت ئەو ڕێبەرە بکرێتە هێمای یەکیەتی نەتەوایەتی. ئەمەش بەواتای لەبیر کردنی جیاوازیەکان نیە بەڵکوو بەهێزکردنی خاڵە هاوبەشەکانی ناو ریزەکانی خەباتی نەتەوایەتیمان و بنیاتنانی دیالۆگی نشتیمانیە بۆ ویکگەیشتن و ئەرێنی کردنی جیاوازیەکان. ئەو بایەخانەی کە دەتوانن ببنە کۆکەرەوەی کۆمەڵگای کوردستانی بریتین لە مافی دیاری کردنی چارەنووس، هاوبەشی نەتەوایەتی، یەکیەتیی نەتەوەیی لە چوارچێوەی قبووڵی جیاوازیەکان، بڕوابوون بە ئازادی ئایین و باوەڕەکان، سێکۆلاریزم، یەکسانی جێندەری، دادپەروەری کۆمەڵایەتی — ئابووری و سیاسی. ئەوانە ئەو بنەمانەن کە دکتۆر قاسملوو لە ماوەی ژیانی سیاسی خۆیدا هەوڵی داوە لە ناو کۆمەڵگادا وەدی بێت و ببێتە بایەخی گشتی کۆمەڵگا. خویایە کۆبوونەوە لە دەوری ئەو بایەخانە یەکیەتی نەتەوەیی بەهێز دەکات. هەموو نەتەوەیەک لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی، سەربەستی کۆمەڵگا و پێشکەوتنی پێویستی بە هێمای هاوبەش و یەکیەتیی نەتەوەیی هەیە.

**لەو ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین قاسملوو هێمای یەکیەتی نەتەوەییمانە.**

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی جوولای ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## قاسملوو؛ بەهایەک بۆ ئاشتی و خۆشەویستی




ڕێبەری بڕبڕەی پشتی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگایە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی. ڕێبەری بەتوانا وەک دڵی جەستەی نەتەوە شوێندانەرە بۆ گەشەکردن و گەیشتن بە ئامانجی نەتەوایەت. ڕێبەری بەهێز شەپۆلی دواکەوتووی بەرەو ئاراستەی پێشکەوتن و هیوادان بە نەتەوە و کۆمەڵگا دەگۆڕێتەوە و دەبێتە هۆی بنیاتنان و گەشەکردنی ناسنامەیەکی نوێ بۆ نەتەوە و ئەندامانی کۆمەڵگا پێناسەی خۆیان بە پێی ئولگووی پێشکەوتووی خۆیان کە ڕێبەریان بێت دادەڕێژن. ڕێبەر بە هەڵسوکەوت و ئاسۆبینی خۆی دەبێتە هۆی پێکهێنانی ئاسۆیەکی نوی لە ناو کۆمەڵگادا بنەماکانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەخوڵقێنێت. شێوازی ڕێبەریەک کە قاسملوو بۆ حیزبەکەی و نەتەوەکەی ڕەچاو دەکرد شێوازی بەهینەیی (بەکارهێنانی ئۆپتیمال) کردنی هەموو هێزو توانای ئەندامانی کۆمەڵگا بەرەو داهێنان، کارامەیی و گەشەکردنێکی خێرای سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان بوو. شێوازێک کە تەنانەت لە سەردەمی سەخت و ئەستەمی خەباتی چەکداریدا کاردانەوەی هەبوو لە سەر بنەماکانی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان.

ڕێبەری یەکێک لە گرینگترین هۆیەکانی پێکهێنانی پەروەردەی پێوەندیەکانی ناو کۆمەڵگا و ڕێنوێنیی گۆڕانکاریە. لە ڕوانگەی گەشەسەندنەوەدا، ڕێبەر دەتوانێت ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی هەبێت لە بەڕێوەبەری خۆجێی یان ڕێکخراوەییدا. بۆیە سەرەرای بوونی ڕێبەری بە کۆمەڵ یەکێک لە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی بە لە ناوبردنی دکتۆر قاسملوو، هەڵوەشاندنەوەی ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی سیاسی لە کوردستان دا بوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

قاسملوو وەک ڕێبەرێکی سیاسی سەرەتا لە ناو حیزبی دیموکراتەوە دەستی کرد بە گۆڕانی شێوەی ئیدارە و بەڕێوەبردنی حیزبی و حیزبێکی نەریتی بەرەو حیزبێکی ئەمرۆیی و مۆدێرن بە پێی سەردەمی ژیانی خۆی گۆڕی. ئەمەش هەڕەشەیەک بوو بۆ گۆڕانی سیستەمی کۆنباوی حاکم بەسەر ئێران و شێوەی دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری ناوخۆی ئێران و ناوچە نەتەوایەتیەکانی ئەو وڵاتە.

قاسملوو ڕێبەرێک بوو بۆ پێکهێنانی خەونە هاوبەشەکان، کەسێک بوو کە دێموکراسی، مافی مرۆڤ، چارەسەری پرسە کۆمەڵایەتیەکان، پرسی یەکسانی نێوان ژن و پیاو و چارەسەری پرسی خاوەنداریتی زەوی لە لایەن جووتیاران و خاوەن زەویەکاندا. ئەم بایەخانە، بایەخگەلێک بوون کە بەسەدان ساڵ خەونی جووتیاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بووە و ڕێبەرانی پێشوو نەیانتوانیوە وەک قاسملوو فۆرموولە بکەن و بکەن بە ئامانجی هاوبەشی هەموو خەڵک. بە درێژایی مێژوو بێ ڕێبەری هیچ بزاڤێک پێک نەهاتووە و نەیتوانیوە پێک بێت و بەرەوپێش بڕوات. ڕێبەرانی ڕاستی هەڵسوونەرانی چەرخی مێژوو و هاندەری شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکانن لە پێناو خەونە مرۆڤانیەکانیاندا. ڕێبەرانی وەک قاسملوو بە ژیری و مشووری خۆیان هەوڵ دەدەن خێرایی ببەخشنە ڕەوتی مێژوو. لێرەدایە کە ڕۆڵی ڕێبەران لە گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگادا جوانتر دەردەکەوێت.

جیاوازی دکتۆر قاسملوو لە گەڵ ڕێبەرانی دیکە، لە کاریزماتیک بوون، دیالێکتیسیەن و مرۆڤی دیالۆگ و گفتگۆ بوون نەبوو. جیاوازی دکتۆر لەگەڵ ڕێبەرانی سەردەمی خۆی و مەترسی ئەو بۆ کۆماری ئیسلامی، بیروباوەڕی قووڵی ئەو بوو بە دیموکراسی. هونەری قاسملوو لەوەدا بوو خراپترین دێموکراسی لە باشترین دیکتاتۆری پی باشتر بوو. ئەمەش بە واتای پێکهێنان و خوڵقاندنی لێگەرێکی جیددی لەبەرامبەر سیستەم و ئایدیۆلۆجیەکی تەوایەتی خوازی کۆماری لە سەر بنەمای ولایەتی فەقیە و هزری یەکنەتەوە و یەکزمان و یەک ئایین دامەزراوە.


سروشتیە کە، دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر و ستەمکار لە کەسایەتی ڕێبەرانی وەک قاسملوو بترسن و هەوڵ بدەن بە دڕندانەترین شێوە لە لایەک ئەوان لە ناو بەرن و لەلایەکی دیکەوە بە لەناوبردنی ئەو ڕێبەرانە ڕەوتی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگە بوەستێنن. لە مێژووی کۆندا کوشتنی سپارتاکۆس، سووتاندنی جیۆردانو برونە – لە لایەن ئەنگیزاسیۆن یان دەزگای لێکۆڵینەوە و سەرکوتی بیروراکان لە ئورووپای سەدەی ناوەڕاست، تیرۆری گاندی لە هێندوستان و لەسێدارەدانی قازی محەمەد لە لایەن ڕژێمی پاشایەتیدا نموونەی دیار و بەرچاون کە چۆن نەیارانی ئازادی دەیانهەوێ بە کوشتن و لەناوبردنی ڕێبەرانی ئازادیخواز خەونی ئازادی گەلان خاشەبەر بکەن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## یازدە رەشەمە رۆژێک بۆ دێموکرات، رۆژی دێموکرات



٤٣ ساڵ لەمەوبەر، کاتێک ئایدیۆلۆژیەکانی چەپی رادیکاڵی لێنین زەدە و مائۆلێدراو لە لایەک و ئایدیۆلۆژی ئیسلامی سیاسی ببوو بە سەنتەری پێناسەی حیزبە "رۆشنبیر" و "پێشکەوتوەکانی" ئەو سەردەمە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە رێبەری دکتۆر قاسملوو ئەوەی ئەمرۆ باوە پێی بوترێ هێلی سێهەمی راگەیاند. هێلی دێموکراسی خوازی، خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوایەتی، بزووتنەوەی نەتەوایەتی، ئاوەدانکردنەوەی بنەماکانی نەتەوەی ئازاد. کاتێک رێبەرە "رۆشنبیرە"کان ئاوازی دیکتاتۆری چینی کرێکاریان لێدەدا و تەنیا ئەو چینەیان بە رزگاریدەری مرۆڤ دەزانی و مافی چارەنووسی نەتەوەیەکی بە بەرژەوەندی چینی کرێکار بەستبوو، کاتێک ئەوانەی هەمیشە پشتیان بە دوژمن گەرمە و ئاڵترناتیڤەکان لە ئاسمانەوە دەبینن هەموو شتیان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی دا دەدی؛ رێبەرێک هەڵسا خەونی گەورەتری نەتەوەکەی وێناکرد. رێبەرێک لە قووڵایی کێشە ئایدۆلۆژیەکان رێگای رزگاری نەتەوەکەی نەک بە گرێدراوی بە دیکتاتۆریەکان بەڵکوو بە هەڵبژاردنی رێگەی سێهەم، رێگەی رزگاری و سەرکەوتن، رێگەی مافی چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی نووسینی نیشان دا.

٤٣ ساڵ لەمەوبەر ئەو بایەخانەی کە قاسملوو باسی دەکرد، کەمتر رۆشنبیر و سیاسەتڤانێک بوو کە لێی تێدەگەیشتن. ئەو خەڵکەی کە لەدەوری دروشمی قاسملوو کۆ ببوونەوە بەرلەوەی کە لەو بلیمەتە بگەن لە میراتێک کە قاسملوو نوێنەرایەتی دەکرد خاوەن دەرکەوتبوون و وەفادار بە رێبازێک بوون کە سەردەمانێک ١١ مانگ تەنیا ١١ مانگ هەستی مرۆڤ بوون و خاوەن چارەنووسی خۆبوونی بەوان بەخشی بوو. ئەم هەستە گەورەتر وقووڵتر لە دروشمە زریقەدارەکانی سەردەم بوو. وەفا


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەو ڕێگایە ئاسانتر بوو. لەو سەردەمەدا تەنیا ٣٠٪ لە خەڵک شارنشین و کەمتر لە ١٥٪ خەڵک خوێندەواری هەبوو ئەوە قاسملوو و حیزبەکەی بوو کە بیری نەتەوایەتی بە هزری گلۆبالیزم و دیموکراسی لیبراڵ و دادپەروەر گرێدابوو و سەرەرای هەموو پرۆپاگەندە و شەڕی رەوانی سەردەم بایەخەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناوچەیەکی بەرتەسکەوە نەتەنیا سنوورەکانی کوردستانی تێپەراند بەڵکوو ئەمرۆ گەیشتووتە بەلووچستان و "احواز" و لە ناو گیلەکی و نەتەوەکانی دیکەی دانیشتووی ئێرانیشدا بڵاو بووتەوە.

ئەو هزرانەی کە لە ساڵی ١٩٦٢ دا لە کوردستان و کورددا نووسیبوو و لە کورتەباس و نووسراوەکانی دیکەدا وەک پێشبینی و ئاسۆی دوارۆژی ناوچەدا وێنای کردبوو، لەم ڕۆژانەدا لە ئاستی سیاسەتی ماکرۆ بە شێوەیەکی گشتی باس دەکرێت و وەک یەکێک لە جیددیترین کلیلەکانی چارەسەری پرسەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینندرێن. ڕۆشنبیرانی نەتەوەی سەردەست بەرەبەرە لەوە تێدەگەن کە قاسملوو و حیزبەکەی خاوەنی چ فەلسەفە و قووڵاییەکی بیرکردنەوەن. قوتابخانەی قاسملوو بە ئیلهام وەرگرتن لە بیری گەشەکردنی پەروەردەیی ڕۆژ بەرۆژ و قۆناغ بە قۆناغ نەوەی نوێ و تێگەیشتووتر و خۆگونجتر لە گەڵ جیهان پەروەردە دەکات و سەرەرای بوونی "لێککەوتن"ی نێوان نەوەکانی بڕیاردەر و نوێی ناو شۆڕش، هەوجەیی گفتگۆ و مێنتۆریی لە هەمووکات زیاتر لە کۆمەڵگای سیاسی دا خۆی دەنوێنێت.

بایەخەکانی قاسملوو و حیزبی دیموکرات ئەمرۆ گشتگرن، بەشێوەیەک کە ئەوانەی نوێنەرایەتی ئەو بایەخە دەکەن زۆر زۆر زیاترن لە رادەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی قاسملوو. ئێستا لە سەردەمی شۆڕشی ژن - ژیان - ئازادی ئەوە ئەرک و بەرپرسایەتی میراتگرانی قاسملوویە کە ئەو بایەخانە بکەنە سەرمایەی بەهێز بۆ قووڵترکردنی خەبات لە هەموو ئاستەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، مەدەنی، ئێکۆلۆژیک، یەکسانی خوازی، دیاسپۆرای دەرەوەی وڵات و دیپلۆماسی. ئەو سەرمایە بەربڵاو وگەورەیە نەتەوەییە پێویستی بە ڕێبەریەک دەکات بە هۆشمەندی کۆمەڵایەتی و سیمایەکی مرۆڤیی لە ڕێبەری بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو سوپاسمەندی نەوەی ئێستا بن و خوێن نەدەن لە پێناو هەمان بایەخەکان. ٤٣ ساڵ تەمەنێکی چاکە بۆ پێگەیشتوویی و بەئێنێرژی بوون و هۆشمەندی کۆمەڵایەتی.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٣ی فێبریوێری ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## "ڕێبەری ئامازەیی



مرۆڤێک کە خاوەنی "هۆشمەندی هەستیی" وا بەهێز بێت کە بتوانێت دینامیزمی پێوەندیەکانی خۆی و دەوروبەر بەڕێوە ببات. لە کتێبی "ڕێبەریی ئامازەیی (The Magician Leadership) "کارۆل پیەرسۆن و شارۆن سیڤێرت مارینۆ تۆماتیز و فێردینانـدۆ بووسچیێما دوو مامۆستای زانکۆی ستاندفۆردی ئەمریکا، کە لە ناو کاتالۆگی مۆزەخانەی شتە سەمەرەکان جێێ گرتووە باس لە ڕێبەرانی ئامازە یان سێحراوی دەکات. ئامازە شتێکە کە لە ڕێبەری سیاسیشدا دەتوانێت ڕوو بدات. ڕێبەرێک کە جیا لەوەی کە یەکێک لە هەرە گرینگ بێت لە خەباتی کردەوەیی و پێوەندیە گشتیەکاندا، ئاگاداری بنەماکان و خاوەنی کەرەسەی پێویست بۆ پەروەردەکردنی کەسانێکی دیکەش بێت بۆ بەدەستەوە گرتنی ڕێبەری و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوە.

دوای مەرگی ئاخیل (Achilles) دەسەڵاتداری یۆنانی سەردەمی کۆن، هەمووکەس چاوەڕوان بوون ئاژاکز(Ajax) ، کە کەسێکی شەرڤان، باڵابەز، بێ بەزەیی و هەموو تایبەتمەندیەکانی دەسەڵاتدارێکی بەهێز و شەڕوان تێیدا بوو ببێتە دەسەڵاتداری یۆنان. بە پێچەوانەی چاوەڕوانیەکان ئوولیاس (Ulysses) هەڵبژێردرا. ئوولیاس بەشێوەیەکی دیکە بوو بە قارەمانی خەڵک: ئەو دژی شەر و توندوتیژی بوو و بەجیاتی شەر دەستی کرد بە گفتگۆ با ئاشتی لە گەڵ نەیارانی و لە ڕێگای پلانە زیرەکانەکانیەوە دوژمنی سەرەکی ئەوکاتیان ترۆژانەکانیان شکست دا. لەو ساتەوە ڕێبەرانی خاوەن ژیرمەندی تایبەت بە ڕێبەرانی ئامازە یان سێحراوی ناسراون. فیشر و تۆربێت (١٩٩٥) لە کتێبی ئاڵوگۆری ئالوگۆری کەسایەتی و ڕێکخراوەییدا تایبەتمەندیەکانی ڕێبەرانی ئامازە ریز دەکەن. ڕێبەرانێک کە نەتەینا ڕێکخراوەکانیان بەڵکوو کۆمەڵگا بەرو


https://serchawe.com

گۆرانی بنەڕەتی رێبەری دەکەن.

لە چیرۆکەکاندا دەسەڵاتەکان بەسەر دوو شێوازی جیاواز دابەش دەبن: شەرکەر و ئامازەکان. شەرکارەکان هەمووکارەکان لە ئابووری، سیاسی و پرسە کۆمەڵایەتیەکاندا بگرە هەوڵ دەدەن لە رێگای شەر و سەرکوتەوە چارەسەر کەن. ئامازەکان کەسانێکن کە بە هەڵبژاردنی رێگای هۆشمەندانەوە شتێک هەڵبژێرن و مومکین بکەن کە ناممکین دیار بوو. لە سەردەمی کۆنەوە تا ئەمرۆ رێبەرە تۆتالیتەرەکان لە هەوڵی لەژێر چەپۆک خستنی کۆمەڵگا مرۆڤیەکانیان داوە و لەبەرامبەردا رێبەرانی ئامازە لە هەوڵی نیشاندانی جیهانێکی دیکە بوون. لە سەردەمی مۆدێرندا رێبەرە ئامازەکان هەوڵ دەدەن بە ئێنێرژی ئەرێنی و هێزی ژیان ویستی باشترین ئاکام لە کار و چالاکی هاوبەش بەدەست بێنن. بەداخەوە ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە مەیدان بۆجیهانێک کە بکرێ بە هاوکاری و هێزی هاوبەشەوە کۆمەڵگا بەرێوە بچێت زۆر تەنگە. بوونی رێبەرانی ئامازە پێویستی سەردمی ئێمەیە بۆ ئەوەی بتوانن ببنە هێزی هاندەرمان لە پێناو جیهانێکی سەقامگیر، کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و دادپەروەر.

قاسملوو لەو رێبەرانە بوو کە خاوەنی هونەری رێبەری ئامازە بوو و توانی بە کەڵک وەرگرتن لە توانایی ئامازەیی خۆی حیزبێکی نەریتی و بەکردەوە پەراوێزخراو بە هۆیەکانی دەرەکی و ناوخۆییدا لە ماوەیەکی کورتدا بکاتە گەورەترین حیزبی کوردستانی و شوێندانەر بێت لەسەر هەموو بزاڤی کوردستان. توانی بە داهێنانی رێکخراوی نوێ و هێنانەکایەی کاری سیستماتیک لە بەرێوەبردنی حیزبی و سیاسیدا بنەماکانی ئاوەدانکردنەوەی سیستمێکی کارا لە کوردستان دامەزرێنێت و بە پێشنیار کردنی سۆسیالیزمی دیموکراتیک ئاسۆی داهاتووی کۆمەڵگای کوردستان بەشێوەیەک دابرێژێت کە گەشەکردن، دادپەروەری، یەکسانی، دێموکراسی و پێشکەوتنی بەردەوام ببێتە بەردی بناغەی دەسەڵاتداری و بەرێوەبەری لە کوردستاندا. ئاسۆیەک کە لە ساڵی ٢٠٠٠ بە ئامانجی سەدەی بیستەیەکەمی سۆسیالیست ئەنترناسیۆنال دیاری کرا و لە هەمانساڵدا ئامانجی پەنجا ساڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاستی جیهانیدا دیاری کراوە.

هێزی ئامازەی قاسملوو بە رادەیەک بوو کە سەرەرای هەستی مەترسی لە دەستدانی گیانی خۆی لە گفتگۆ لە گەل رژێمی ئێراندا، بە هیوای شوێندانەری لەسەر ئەوان و بە بڕوای بەوەی کە کۆمەڵگای دوور لە شەڕ و خوێنرێژی دەتوانێت شانسی پێشکەوتن و چارەسەری کێشەکانی زیاتر بێت، بەرەو پیری داخوازی رژێمی ئێران بۆ گفتگۆ و چارەسەری چوو. کەچی کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری دکتۆر قاسملوو سەلماندی کە ئەو رژێمە لە گەڵ ئاشتی و پێکەوە ژیان ناتەبایە و ناتوانێت لە فەلسەفەی داپلۆسێنەر و مرۆڤ کوژی خۆی لا بدات. خومەینی خۆی گوتوویەتی: "ئیسلام دینی خوێنە ."

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١١ی جوولای ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئەوەی دەبێ لە ڕێبەرانمان فێر بین



"هەرکەسێک کۆتایی بە فێربوون بێنێ – واتە بزانێ – چ تەمەنی بیست ساڵ بێ و چ ٨٠ ساڵ پیرە. ئەو کەسەی درێژە بە فێربوون دەدا گەنجە. گەورەترین شت لەژیاندا ئەوە مێشکی خۆت گەنج ڕاگری".

هێنری فۆرد

زیاتر لە سێ دەیە دوای تیرۆری ناجوانمێرانەی ڕێبەری گەلی کورد دکتوور عبدالرحمن قاسملوو، ئێستاش نەتەوەکەمان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، نەیتوانیوە ڕێبەرێک بە خۆیەوە ببینێ کە قەرەبووی لە دەستدانی ئەو ڕێبەرە بکات. ئەو کەسانەی دوای شەهید قاسملوو و بەتایبەت شەهید دکتۆر سەعید شەرەفکەندی هەوڵی ڕێبەری حیزبیان داوە، زەحمەتی زۆریان کێشاوە، فیداکاری زۆریان نواندووە تا بتوانن ڕێبازی ئەو شەهیدانە ون نەبێ. بەڵام ون نەبوونی ڕێبازی شەهیدان و درێژەدانی ڕێبازیان دوو چەمکی جیاوازن، کە پێویست بە گفتگۆی قووڵتر و راسیۆنالیستانەتر هەیە. ڕێبەری هونەری بەڕێوەبەردن، دیاری کردنی ئاسۆ، شوێندانان لە سەر خەڵک و بەدەستهێنانی سۆزی ئەو کەسانەیە کە ڕێبەر لە پێناوی خەونەکانیان کار دەکا و جۆلانەوەکە بۆ ئەو مەبەستە ڕێنوێنی دەکا. دەبێ هونەری قاسملوو لە ڕێبەری ئەو دا چی بووبێ؟ قاسملوو چ جیاوازیەکی لەگەڵ ڕێبەرانی هاوکات و دوای خۆی هەبووە؟ چۆن قاسملوو توانی ببێتە ڕێبەری دڵی میلیۆنها مرۆڤ و ڕێباز و بیر و هزری وەک فەلسەفە و شێوەی ژیان لە ناو کۆمەڵگای کورد و ئێرانیدا جێگای خۆی بکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نرخەکانی ئەو ببێتە نرخی نەتەوەیی و سەرانسەری لە ئاستی خەباتی نەتەوەکانی بن دەستی ئێران و خەونەکانی ئەو لە سەدەی ڕاگەیاندندا ببێتە بەشێک لە پلانی ناونەتەوەیی بۆ دێموکراتیزاسیۆنی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە.

ئامانجی ئەو وتارە ئەوە نیە ببێتە وتارێکی زانستی و لێکۆلینەوەیی لە پێوەندی لە گەڵ مێتۆدی ڕێبەری قاسملوو. کارێکی وا هەوجە بە لێکۆلینەوەیەکی ئاکادێمیک و دارشتنی تێزی تایبەتی بە "هونەری ڕێبەری" قاسملوو هەیە. ئەوانەی زانستی ڕێبەریان خوێندوە یان لەگەڵ پەرتووکەکانی ڕێبەری ئاشنان، دەتوانن ئەو راستیە ببینن، مێتۆدی قاسملوو لە ڕێبەری و بەرێوەبردنی جۆلانەوەیەکی میللی دێموکراتیکدا مێتۆدێکە کە لە دەسپێکی ٢٠٠٠ بووە بە بەشێک لە زانستی ڕێبەری لە زانکۆکانی وڵاتانی پێشکەوتوو. زانستی ڕێبەریی ژیرانە یان ڕێبەری تواناکان کە قاسملوو بە پراکتیک لە ماوەی هەژدە ساڵ سکرتێری حیزبدا جێبەجێ دەکرد و ڤیزیۆنەکانی ئەو لەپێوەندی لەگەڵ دارشتنی داهاتوو کە بەشێک لە زانستی ڕێبەریستراتێژیە و زۆر دوای تێزی کوردستان و کوردەکەی بووتە بابەتی زانستی ڕێبەری لە زانکۆکاندا جێی تێرامان و لێکۆلینەوەن. هیوادارین خوێندکارانی کورد بتوانن ئەو سەرمایە گەورەیەی نەتەوەکەمان بکەنە بابەتی لێکۆڵینەوە و لێ وردبوونەوە. باشترین چیرۆک چیرۆکی کەسانێکە، کە لە ژیانی تایبەتی، کۆمەڵایەتی سیاسی و ڕێکخراوەیی خۆیاندا سەرکەوتوو بوون و هەوڵیان داوە ئەو سەرکەوتنە لە گەڵ هەموو کۆمەڵگا دابەش بکەن. قاسملوو لەو بارەدا لە ناو ڕێبەرانی کورددا تاقانەیە و تاقانە بوون لە لایەک جێگای شانازیە و لەلایەکی دیکەوە جێگای نیگەرانی و لێگەرێکی گرنگە بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤگەلی وا.

لە زانستی بەرێوەبەریدا پێناسەی جۆراوجۆر بۆ ڕێبەر و بەرێوەبەری کراوە. بەڵام لەوانەیە هەروەک جان ماکسۆل نووسەری ئەمریکایی دەڵی باشترین شی کردنەوە بۆ پێناسەی ڕێبەری وتەی جەک وێلش ڕێبەری هەڵبژاردەی سەدەی بیستەم لە ئەمریکایە کە دەڵێ: "خوازیاری کەسێکم، کە بتوانێ بەهێزی سەرسوڕهێنەری خۆی، خەڵکی دیکە بجۆڵێنی، کەسێک کە بتوانێ بووچوونەکانی خۆی روون بکاتەوە و پشتیوانیان لێ بکات، کەسێک کە لە گۆڕان نەترسێ و لەبەرانبەریدا دانەبەزێ". لەوانەیە بەشێکی زۆر لە خوێنەران میتینگی سەدهەزار کەسی شاری مەهاباد لە ساڵی 1979یان لە بیربێ، کاتێک کە دکتوور قاسملوو وێرای ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هێلە گشتیەکانی ئەو حیزبە، ئامانجەکانی، شێوەی خەبات و ویستی گەلی کورد لە روانگەی حیزبەکەیەوە بۆ خەڵک شی دەکردەوە. کەم ڕێبەر هەیە لە هەل و مەرجی شۆرشدا لە کاتێکدا کە هەستی بەشداری شۆرش لە سەر لۆژیکی درێژخایەن بوونی شۆرش حاکمە، بتوانێ بەو شێوەیە لەلایەک خەڵک بجۆڵێنێتەوە، هیوای دوارۆژێکی گەشیان بۆ وێنا بکات و بۆچوونەکانی خۆی بە زمانێک شی بکاتەوە کە هەموو کەس چ ئەوەی زانکۆیان تەواو کردووە و چ ئەو جووتیارەی کە لەوانەیە قەت شانسی خوێندن و نووسینی نەبووبێت بە قسەی دڵی خۆی بزانێ و تێدا خۆی بدۆزێتەوە. لە شی کردنەوەی جۆری دێموکراسی و دروشمی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ستراتیژی و ئامانجی دوارۆژی حدکادا، کەم کەس توانیویەتی بە وێنای ئەو زانستی سیاسی بکاتە ئەدەبیاتێکی خەڵک پەسەند و ئامانجەکانی حیزبەکەی لە روانگەی ویستی گەلەکەیەوە شی بکاتەوە. فێربوون تەنیا خوێندن و ئیدعای زانین نیە، فێربوون پرۆسەیەکە کە لە هەڵوێست و کردەوەی مرۆڤدا شوێن دانەر بێ و مرۆڤ بتوانێ بە کردەوەی خۆی خەڵکانی دیکەش بێنێتە سەر ئەو بڕوایەی کە بۆ خۆی پێی هەیەتی. گاندی لە ڕێپێوانی درێژی خۆیدا کاتێک هاوڕێیانی لە سەرکەوتنی ئەو بەگومان بوون وتی: "من ئەو ڕێپێوانە دەست پێدەکەم و لە کاتی ڕۆیشتندا سەیری دوای خۆم ناکەم".

ساڵی ١٩٨٨ کاتێک ئایەتوڵلا خومەینی جامی ژەهری خواردەوە و شەری نێوان ئێران و عێراق راگیرا. کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ سکرتێری گشتی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ هەل و مەرجی خەبات دوای کۆتایی هاتنی شەڕ لە دەفتەری سیاسی حیزب لە ناوچەی قەندیل پێک هات. ئەو کات پێشمەرگەیەکی ١٦ ساڵە بووم و کەمتر لە ساڵێک بوو شانازی پێشمەرگایەتم بەدەست هێنابوو و وەک زۆربەی تازەلاوەکانی کوردستان لە دووڕیانەی دۆزینەوەی کەسایەتی خۆم و خۆ گونجاندن لە گەڵ هەل و مەرجی شۆڕش بووم. ئەوانەی لەو ساڵۆنەدا بوون، لەوانەیە چاک وتەکانی قاسملوویان لە پێوەندی لە گەڵ داهاتووی خەبات و شوێندانانی بەسەر بزاڤی نەتەوایەتی کوردا لە بیر بێت و پێشبینیەکانی ناوبراو چەندی نەخایاند وەدی هاتن. تا لێرەی دەکرێ بە هونەری پێشینی قاسملوو بزانرێ. بەڵام ئەوەی قاسملوو لە هەموو ئەو کەسانەی هاوکات و دوای خۆی جیادەکاتەوە قووڵایی هومانیسم و ژیان خۆشەویستی ئەو مرۆڤە بوو. کاتێک کۆبوونەوەکە تەواو بوو و لە ساڵۆن دەرکەوتین، دەوروبەری ساڵۆن پڕبوو لە زبڵ و پاکەت سیگاری فڕێدراوی پێشمەرگەکان و ئەو کەسانەی شوێنی کار و ژیایان لەوێ بوو. قاسملوو دەستی کرد بە کۆکردنەوەی زبڵەکان و بە پێڕەوی ئەو زۆربەی ئەو کەسانەی لەوێ بوون زبڵەکانیان کۆ کردەوە. ڕێبەرانی گەورە ئەو کەسانەن، کە بە کردەوەی خۆیان پەیامی خۆیان دەگەیەنن و وەک گاندی سەیری دوای خۆیان ناکەن و درێژە بە ڕێپێوانیان دەکەن. کەسایەتی قاسملوو لەو ڕووەوە دەکرێ بە کەسایەتی سەرۆک کۆماری ئەمریکا Theodore Roosevelt بشوبهێندرێ، کە لە وتار و کردەوەیدا نموونەیەک بوو لە خەڵکی بوون و خاکی بوونی ڕێبەری و هەرلەو کاتەدا نموونەیەک بوو لە دانی هێز و توانا بەو کەسانەی لە کۆشکی سپیدا کاریان دەکرد. ناوبرا کەسێک بوو توانی ریفۆرمی قووڵ لە حیزبی کۆماری خوازی ئەمریکا پێک بێنێ و لە حیزبێکی کۆنسێرڤاتیڤەوە بکاتە حیزبێکی بۆ کاتی خۆی نوێخواز و پێشکەوتوو. لە پێوەندی لە گەڵ هونەری خۆشەویستی و جوڵانەوەی خەڵک بیرەوەریەک لە رۆسڤێلتی جێگری سەرۆک کۆمار ویلیام مەککینلی دەگێرنەوە، کە دەتوانێ ئامانجی ئێمە روونتر بکاتەوە: رۆژێک سەرۆک کۆمار لە سەفەر دەبێ و رۆسڤێلت سەردانی کۆشکی سپی دەکات. ئەو لە کاتی سەرداندا هەموو کارمەندان و پێرسۆنێلی کۆشکی سپی بەسەر دەکاتەوە و سڵاو و چاک و خۆشیان لە گەڵ دەکا. کاتێک سەردانی ئاشپەزخوانە دەکات، لە ئاشپەزی کۆشک دەپرسێ داخوا ئەو ئێستاش نان لە ئاردی گەنمشامی ساز دەکات یان نا؟ "ئاشپەز وەڵامدەداتەوە "جاروبار بۆ خزمەتکارەکان ساز دەکەم بەڵام پێرسۆنێلی کۆشک ئەو نانە ناخۆن." رۆسڤێلت دەڵێ ئەوە نیشانەی کەم زەوقی ئەوانە. من



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سبەینێ لە گەڵ سەرۆک کۆمار لەوبارەدا قسە دەکەم.

قاسملوو سروشتی ئەوەبوو ئەوانەی کە یەک جار بینی بێت لە بیری بمێنێ و لە دیدارەکانی دیکەدا چاک و خۆشیان لە گەڵ دەکرد و بەوە کەسەکە خۆزگەکانی خۆی لەو کەسەدا دەبینییەوە و ئەو و ڕێبەرەکەی لە یەکتر بێگانە نەبوون.

هونەری قاسملوو تەنیا هیوا بەخشین بە خەڵک و توانای روون کردنەوەی بووچوونەکانی پشتیوانی لێکردنیان نەبوو ئەو هەروەها کەسێک بوو لە گۆڕان نەدەترسا و لەبەرانبەریدا دانەدەبەزی. بە درێژایی ژیانی سیاسی دکتۆر قاسملوو لە ناو حیزبدا، هەموو جارێ هەوڵی داوە نوێکاری لە ناو حیزبەکەیدا پێک بێنێ. لە سەربەخۆیی سیاسی و تەشکیلاتی لە حیزبی توودەوە، دەست پێشخەری لە ڕەت کردنەوەی سیستەمی تۆتالیتری کۆماری ئیسلامی، داهێنانی وتاری دێموکراسی وەک گونجاوترین ریگای چارەسەری کێشە نەتەوایەتیەکان لە ئێران و هەروەها دارشتنی ئامانجی دوارۆژ بۆ حیزبێک کە خەریکی خەباتی نەتەوایەتیە و دیاری کردنی ئاسۆ بۆ ئەو حیزبە، هەموو ئەو نوێکاریانە کە بەرهەمی ڕێبەریی قاسملوون. سی و سێ ساڵ دوای تیرۆری قاسملوو حیزبەکەی قاسملوو نەیتوانیوە تەنانەت یەک نوێکاریش لە دەرەوەی ئاسۆکانی قاسملوو پێک بێنێ و نوێگەراییەک بکات کە دکتۆر قاسملوو لەو پێوەندیەدا شتێکی نەوتبێ. ڕێبەری بەوەج کەسێکە کە، بە دوای خۆیدا میراتێک بەجێ بێڵی کە چەندین نەسڵ برِ بکات. میراتێک کە قاسملوو بەجێ هێشتووە، نرخەکانی بەجێ ماو لە قاسملوو، ئەمرۆ تەنیا نرخەکانی حیزبێکی نەتەوەیی وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نین، ئەو نرخانە ئەمرۆ بوونەتە نرخی نەتەوایەتی، نرخی بزاڤی نەتەوایەتی لە ناو بەشەکانی دیکەی کوردستان و گەلانی دیکەی ئێران. تەنانەت ئەوانەی لە سەنگەرەکانی دژ بە قاسملوو کاتی داهێنانی ئەو هزرانە و بەرەوپێش بردنی ئەواندا راوەستابوون ئەمرۆ خۆیان بە وەفادارترین کەسانێک دەزانن کە ڕێرەوی قاسملوون. سروشتی ئاڵ وگۆر لە هەموو بوارەکانی زانستیدا چ زانستی ئەزموونی بێ و چ زانستی کۆمەڵایەتی سێ قۆناغ تێپەر دەکات:

١- دژبەریەکی لە رادەبەدەر لە لایەن خەڵکی دیکە،
٢- هەڵوێستی ئەوە کە ئەو شتە بۆ ئێمە بە هیچ شێوەیەک نابێ و
٣- کاتێک هزرەکە بە رادەی پێویست گەشەی کرد، خۆ بە خاوەنزانینی هزرەکە تەنانەت لە لایەن دژبەرانی سەرەکی ئەوەوە. ئەمرۆ لە زۆر بواردا لە پێوەندی لە گەڵ هەموو ئەو سەردێرانەی لەو پاراگرافەدا وتران، دژبەرانی هزری قاسملوو خۆیان وەفادار و خاوەنی ئەو بیرە دەبینن.

لە یەک چاوخشاندنێکدا، گەر مەبەستی مرۆڤ رووخێنەرانەبێ ئەو کەسانە و تەنانەت رەخنەگرانی قاسملووش بە ئاسانی دەتوانن تاوانبار بکرێن. بەڵام داخوا تاوانبارکردنی خەڵک لە پێناو پەسەندکردن یان پەسەند نەکردنی هزرێکی نوێ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەتوانێ تا چەندە خزمەت بە ئاڵ و گۆڕ و وەدیهاتنی ئامانجەکانی ڕێبەران بکات؟ ڕەوتی جێ گرتنی هزری نوێ و نوێخوازی پێوەندی بە گەلێک هۆکاری تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و هەستی مرۆڤەوە هەیە. هەموو هەڵبژاردەیەک کە مرۆڤ دەکا و هەموو هەڵوێستێک کە خاوەن هەڵوێست دەردەبڕێ هەڵە یان دروست لە ڕوانگەی خاوەن هەڵوێستەوە ڕاستە و جێی ڕێزە. بەڵام کاتێک خاوەن هەڵوێست ئاڵ و گۆڕی بەسەر هەڵوێستی پێشووی خۆی هێنا و ئەو هزرەی کە تا دوێنێ دژی بوو بە هزری ئەمڕۆی خۆی بزانێ، بۆ هەموو ڕێبوارانی ڕێگای قاسملوو دەبێ جێگای شانازی بێ و لەو بارەدا پیرۆزبایی بەوان و بە ڕێبازی خۆیان بکەن.

قاسملوو لە ژیانی سیاسی خۆیدا، هەموو پلەکانی ڕێبەری لە ماوەیەکی کورتدا پێوا و توانی ببێتە ڕێبەرێکی تاقانە. تاقانە لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو لە تەواوی دەورانی ژیانی خۆیدا، چ وەک کادرێکی حیزبی، چ وەک ئەندامی ڕێبەری حیزب و چ وەک سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرێک بە واتای تەواو بوو. قاسملوو لە دەورانی ڕێبەری خۆیدا، هەلی زۆری بۆ پەروەردەی ڕێبەرانی داهاتوو ڕەخساند، هاوڕێیانی خۆی بۆ داهێنانی هزری و ڕێکخراوەیی و گەیشتن بە ئامانجەهاوبەشەکانیان هاندا. قاسملوو سەرنجێکی زۆری بە سەربەخۆیی وسەرمایەکانی ئینسانی حیزبەکەی و بزاڤەکەی دەدا. بۆیە دەیگوت لەوانەیە بتوانین "چەک و تەداروکات" لە وڵاتێکی دیکەوە وەرگرین، بەڵام پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و پشتیوانی خەڵکی کوردستان گەورەترین سەرمایە و پشتیوانەی خەباتی ئێمەن. ئەو لە فێرکردنی هاوڕێیانی، بۆ بەرەوپێش چوون، بەرزکردنەوەی ئاستی توانای ڕێبەری و بەڕێوەبەری ئەوان لە کاروبارياندا هانای نەدەدا. قاسملوو ئەو هۆیانەی کە دەبنە هۆی پێشکەوتنی حیزبەکەی و بزاڤی ژێر ڕێبەرایەتیەکەی بە جوانی دەیناسی و هەمووی ئەوان بە جوانترین شێوە بەکار دەبرد. قاسملوو بە شێوەی ڕێک و پێک و سیستماتیک لە هەوڵی پەروەردەی حیزبەکەیدا بوو. دامەزراندنی فێرگە و ناوەندەکانی پەروەردەی حیزبی لە دەسپێشخەریەکانی قاسملووی ڕێبەرن، کە لەودا بەشێکی زۆر لە ڕێبەرانی ئەمڕۆی بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کورد پەروەردە کراون. میراتێک کە قاسملوو بە دوای خۆی بەجێ هێشت بە ساڵان درێژتر لە تەمەنی خۆی و دوور نیتە لە تەمەنی حیزبەکەشی بێت.

ڕێبەری کارامە کەسێکە کە لە کاتی پێویستدا بڕیاری دژوار و چارەنووسساز بدات. هەرچەند قاسملوو بڕوای بە کۆماری ئیسلامی ئێران نەبوو، هەرچەند بە ئەزموونی رابردوو دەیزانی نەیارانی نەتەوەی کورد تەنیا زمانی سەرکوت و تیرۆر دەزانن، بەڵام بە هۆی سروشتی هوومانیزمی ئەو و بۆچوونی ڕیالیزمی سیاسی لە پێناو چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران و کردنەوەی دەرگای دێموکراتیزاسیۆن لە ئێران، بەرەو پیری مەرگ ڕۆیشت و لە کاتێکدا کە دەرسی ئەخلاقی ئینسانی و هەڵوێستی مرۆڤانە بە ناردراوانی کۆماری ئیسلامی دەدا، شەمشەمە کوێران نەیانتوانی "تەحەمولی" ڕووناکی بکەن و ئاسمانی ڕەشی ئێران سپی ببینن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێشکەوتن لە ڕێکخراودا کاتێک خێرا دەبێ، کە ڕێبەرەکەی گەشەی کردبێ. هەرچی مرۆڤ لە ئاستی ڕێبەریدا پێشکەوێ، ئاڵ و گۆڕەکان ئاسانتر دەبن و ڕێبەر دەتوانێ هەلی گونجاو بۆ ئاڵ و گۆڕ بخوڵقێنێ. هەر لەوکاتەدا کە ڕێبەر گەشە دەکا، پێوەندی بە خەڵکانی ژێر ڕێبەری بتەوتر دەبێ و پێرەوانی خۆیان بە ڕێبەرەکەیان نزیکتر دەزانن و پێ بە پێ ئەو ئاستەکانی بەرزبوون و گەشەکردن ئەزموون دەکەن. قاسملوو ڕێبەرێک بوو خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانە.

گەر سەرکەوتن لە ژیانی تاکەکەسی ڕێبەریدا لە پێشکەوتنی بێ ڕاوەستان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکان بزانین، ئەوا بوونی دیسیپلین و دیاری کردنی "ئەولەویەتەکان" مەرجی بناغەیین بۆ گەیشتن بە ئامانج. دیسیلین و تەناهی ڕێکخراوەیی دارێژراو لە ژیانی تاکەکەسی و ڕێکخراویی قاسملوو تا چەند ساڵێک بە نیشانەی "بورژوازی" بوونی حیزبەکەی ببوو بە بیانوویەک بۆ دەربڕینی دوژمنایەتی کەسانێک کە نەیاندەتوانی لە بەرزایی ئاسمانی کوردستاندا ئەستێرەیەکی گەشتر لە هەموو ئەستێرەکان ببینن. قاسملوو دەیزانی ئەولەویەتەکان و پێویستیەکان بە پێی کات و سەردەم ئاڵ و گۆڕیان بەسەر دێ، بۆیە لە هەموو هەل و مەرجێکی ژیانی ڕێبەریی خۆیدا توانی ئاڵۆگۆر بەسەر ئەولەویەتەکاندا بێنێ و ستراتیژی و تاکتیکی پێویست بۆ ئەوان دیاری بکات. جیاوازی ڕێبەر و بەڕێوەبەر (رهبر و مدیر) لەوەدایە کە ڕێبەران دوور دەبینن و هەوڵ دەدەن بە وێنەی خۆیان شوێن لە سەر خەڵک دابنێن و ئەوان بەرەو داهاتوو ڕێبەری بکەن. بەڕێوەبەران لە پێناو مانەوەی خۆیان و پلەی خۆیان خوازیاری پاراستنی سیستەمی "مەوجوود" و بەرهەڵستکاری گۆرانکاریەکانن. هەرچەند هەردووکیان پێویستی ڕێکخراوەن. ڕێبەران بە داهێنانی خۆیان و بەرزکردنەوەی هەست وناسنامەی هاوبەش کەرەسەی سووتەمەنی بەرەوپێش چوون و وەڵامی "چۆن"ی ماشێنی ڕێکخراوە پێک دێنن و بەڕێوەبەران وەڵامی "پرسیاری چی" ڕێکخراوە دەدەنەوە. لەو بارەدا قاسملوو جیا لە ڕێبەری بەڕێوەبەرێکی کارامەش بوو و تەنیا ئاسۆ بین نەبوو بەڵکوو ئەندازیارێک بوو کە توانی کۆشکی حیزبێکی دێموکرات، پێشکەوتوو و بە ڕۆحێکی گەنج ئاوەدان بکاتەوە کە سی و سێ ساڵ دوای تیرۆری ئێستاش تاقانە ئاڵترناتیڤی جێی هیوای کۆمەڵانی میلیۆنی خەڵکی کوردستان و دینەمۆی بزاڤی نەتەوایەتی نەتەوەکانی بندەستی ئێرانە.

یەکێک لە گرنگترین وانەکانی قاسملوو شێوەی سازکردنی بڕوایە. لە خۆرا نیە سی و سێ ساڵ دوای شەهید بوونی دکتۆر قاسملوو ئەمرۆ بزاڤی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەست تەنگەژەی "بڕوا" (اعتماد) دەناڵێ و کەسایەتی و ڕێبەرانی ناو بزووتنەوە سەرەرای هەوڵی زۆر و دڵسۆزیان بە هۆی کەم بوونی توانای گوێگرتن لە بیروڕای دەوروبەر نەیانتوانیوە ئەو بڕوایەی کە لە سەردەمی قاسملوود هەبوو بخوڵقێنن. جان مانسۆل یەکێک لە گەورەترین نووسەرانی بواری ڕێبەری دەڵێ: ڕێبەر بۆ ئەوەی بتوانێ جێگای بڕوا بێت دەبێ خاوەنی سێ تایبەتمەندی بێ: "لێهاتوویی" (competence) "پێوەندی " (Connection) و "کاراکتێر .(Character) گەر ڕێبەر بە هۆیەکی تایبەتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڵەیەکی بچووکی هەبێ، لە لایەن هاوڕێیانیەوە دەبەخشرێن، بەڵام کەسانێ کە لە کاراکتێری خۆیاندا هەڵە دەکەن و بە پێچەوانەی کاراکتێری خۆیان دەجوڵێنەوە نابەخشێندرێن. لەوانەیە دکتۆر قاسملوو وەک هەموو مرۆڤێکی ئەو گۆیە هەڵەی کردبێ، بەڵام قاسملوو لە کاراکتێری خۆیدا بێ هەڵە بوو و قەت بڕوای هاوسەنگەران و پێڕەوانی خۆی لە دەست نەدا. بۆیە یەکێک لە سەرمایە گەورەکانی دکتۆر قاسملوو "بڕوا" بوو. ژێنراڵ نۆرمێن شوارتسکۆڤ لەوبارەدا دەڵێ: "ڕێبەر دەبێ تێکەڵاوێک بێ لەئاسۆ نیشاندەری وکاراکتێر. بەڵام گەر قەرار بێ یەکێک لەوانە لە دەست بدەین دەبێ ئاسۆ بینی فڕێبدەن و کەرامەتی مرۆڤانی هەڵبژێین". دکتۆر قاسملوو نەتەنیا ئاسۆبینێکی بەتوانا و دوارۆژداوەرێکی بەهێز بوو، بەو حاڵەش کاراکتێری ئەو قەرەبوو نەکراو ماوەتەوە. کاراکتێر و کەسایەتی لە بەرزبوون و شکستی حیزب و بزاڤی نەتەوەییدا شوێنەواری هەیە. مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەو بارەدا جیاواز لە مێژووی زۆر حیزب و نەتەوەی دیکە نین. کەسایەتی و کاراکتێر دەبێتە هۆی بڕوا و بڕوا دەبێتە هۆی زەمینە خۆشکردنی "ڕێبەری". قاسملوو هەموو ئەو پلانەی پێوا بوو و ببوو بە ڕێبەرێک بە واتای تەواوی وشە. بڕوا تەنیا بە وشە بەدی نایە، کاتێک بڕوا دروست دەبێ کە ئاکامی هەبێ. کاتێک ڕێبەر کەسایەتیەکی بەهێز بێ خەڵک بڕوای پێدەکەن و بە بڕوا بە ڕێبەرە کە توانا و لێهاتوویان بەرزتر دەبێتەوە. بەو شێوەیە نەتەنیا ڕێڕەوان دڵخۆش بە داهاتوو دەبن، بەڵکوو بە تەواوی بە خۆیان و ڕێکخراوەکەیان گرێدراو دەبن. دڵگەرمی، هەستی گرێدراوەیی بە حیزب و ڕێکخراوە حیزبییەکان لە سەردەمی دکتۆر قاسملوو سەرەرای هەل و مەرجی زۆر دژواری خەباتی چەکداری سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن. کەسایەتی قاسملوو ببوو هۆی ئەوەی تەنانەت نەیارانیشی ڕێزی لێ بگرن. ئێستاش ڕێز لەو ڕێبەرە بووتە بە ڕەوشتێکی نەگۆڕ لە ناو کۆمەڵگا و تەنانەت کەسانێک کە سەردەمێک دوژمنی بوون.

ئامانج یان ئاسۆ بینی، هەموو شتی ڕێبەرێکە. ئاسۆ بینی پێویستیەکی بنەڕەتیە. ئاسۆ ڕێنوێنی ڕێبەرە. ئامانج دەروونی مرۆڤ بەرەو گەیشتن بۆ لووتکەی سەرکەوتن دەسووتێنێ و مرۆڤ هان دەدات بۆ پێشکەوتن. بە پێی ئەویش لایەنگران و پێڕەوانی ڕێبەر بە تینی ئەو ئاورە وەجۆڵە دەکەون و لە پێناو خەونی هاوبەش خۆیان ئەندامی یەک جەستە دەزانن. ڕێبەرانێک کە ئاسۆیەکی ڕێبەریان نەبێ لە کاری خۆیان سەرکەوتوو نین و ئەوپەرەکەی دەبنە پارێزەری "ڕەوشی مەوجوود". قاسملوو خاوەنی ئامانج و ئاسۆی درێژدەم بوو، بۆیە لە ماوەی هەژدەساڵ لە ڕێبەری ناوبراودا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەموو رۆژێ تازە دەبوویەوە، گەشەی دەکرد و بەرەو بەرزترین ئاستەکانی ڕێکخستنی، پێوەندیە دیپلۆماتیک و کۆمەڵایەتیەکان پێش دەکەوت.

یەکێک لە پێوانەکانی ڕێبەری، پەروەردەکردنی جێنشینە. دکتۆر قاسملوو لە ماوەی ژیانی ڕێبەری خۆیدا توانی کەسانێکی زۆر پەروەردە بکات، کە ئەمرۆ بەشێکیان ئەرکی ڕێبەری حیزبەکەی جێبەجێ دەکەن. بەڵام بێ گومان دکتۆر سەعید



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com


شەرەفکەندی گەورەترین و بەهێزترین نموونەی لێهاتویی ڕێبەریی دکتۆر قاسملوویە. ئەو توانی لە ماوەی ژیانی خۆیدا کەسێک پەروەردە بکات، کە دوای خۆی لە ماوەیەکی زۆر کورت دا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە ئاستی جیددیترین هێزی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی بەرز کردەوە و وای لێهات سەرانی ڕژێمی حاکم لە سەر ئێران، ریسکی ریسوایی خۆیان لە پێناو لەناو بردنی ناوبراو هەڵگرن.

ئەمرۆسی و سێ ساڵ دوای تیرۆری دکتۆر قاسملوو دەتوانم بڵێم هیچ ڕێبەرێکی دیکە لە مێژووی بزاڤی نەتەوایەتی کورد دا نەیتوانیوە ببێتە سەمبۆلی جوانی، ڕازاوەیی و ئەهووراییی ئارمانجەکانی بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. قاسملوو پێی وابوو حدکا حیزبی "مومکیناتە" و لەو حیزبەدا هەموو شتێک و هەموو فرسەتێک کراوەیە. ئەو گیانی بەو خەونە بەخشی و چونکە توانای لە ڕادەبەدەری ڕێبەری هەبوو کۆمەڵانی ملیۆنی خەڵکی کوردستان سی و سێ ساڵ دوای شەهید بوونی هەروا بڕوایان بە وەدی هاتنی خەونەکانی ڕێبەری شەهیدیان هەیە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٤ی جووڵای ٢٠٢٢


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# قاسملوو هەروا ڕێبەری ڕووداوەکانی کوردستانە



ڕێبەری و بەڕێوەبەریی سیاسی یەکێک لە بناغەکانی هەر کۆمەڵگایەکە. کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە جارێ نەیتوانیوە ببێتە خاوەنی کیانی سیاسی خۆی، خاوەنی ڕێبەرگەلێک بووە کە توانیویەتی تەواویەتی نەتەوەی کورد لە بەرانبەر توانەوە، داپلۆسین، ئاسیمیلاسیۆن و لەنێوچوونی ناسنامەیی و مرۆڤی بپارێزێت. ڕێبەران ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگادا. یەکێک لە گرینگییەکان و هۆیەکانی بەنرخیی جوڵانەوەی نەتەوایەتی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ڕۆڵێکی کلیدیی لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە، دیاردەی ڕێبەری و شوێندانەریی ڕێبەریی دوکتور قاسملوو بەسەر ئەو حیزبەدایە. پرسی ڕێبەری هەم هۆی داهێنانی جوڵانەوە و شۆڕش و هەم هۆی ڕاگرتن و لەجێدا مانی شۆڕشەکانە، کە دەتوانێت ببێتە هۆی لەناوچوونی ڕەوتی بەرەوپێش چوون و گۆڕانکاری و نەگۆڕدرانی سیستمی ڕێبەریی ڕێکخراو لەگەل ئاڵوگۆڕەکانی جیهان. دوکتور قاسملوو لەو ڕێبەرە دەگمەنانەی کورد بوو کە توانی شۆڕشی کوردستان بکاتە جوڵانەوەیەکی بەهێز و خاوەن دینامیزم و پێشی هەرجۆرە لادان و کۆنەپەرەستی و خۆبەدەستەوەدان بگرێت.

بۆیە کۆماری ئیسلامی ٢٧ ساڵ دوای تیرۆری ناجوامێرانەی دوکتور قاسملوو هەروا هەوڵ دەدات بە پێکهێنانی کەشی ترس و خۆف، نیشاندانی هێزی نیزامی و سەرکوتی خۆی، داڕشتنی پلانی جۆراوجۆر و پێکهێنانی کێشە و گرفتی جۆراوجۆر بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵکی کوردستان و خوڵقاندنی ڕووداوی ناخۆش و تاڵ بۆ خەڵکی کوردستان وەک شەهید کردنی ڕۆڵەکانی، کوشتنی کۆڵبەران و زەحمەتکێشانی کوردستان، ئاسەواری شوێندانەری ڕێبەریی قاسملوو لە سەر کۆمەڵگا کەم ڕەنگ بکاتەوە.

شۆڕشێک کە ڕێبەرەکەی قاسملوو بووبێت و بنەمای تیۆری و فەلسەفەی ئەو لەسەر خۆشەویستیی ژیان و ژین ویستی دامەزرابێت، سەرەڕای هاتنە پێشی کارەساتی قەرەبوو نەکراو، ناتوانێت ببێتە هۆی دڵساردیی ڕێبوارانی ڕێبەران و خەباتکاران تووشی شک و گومان بکات لە بەرخودان و پاراستنی ئەو بایەخە نەتەوایەتی و مرۆڤایییانیەی کە قاسملوو داهێنەری بووە.

**لێرەدا زۆر بەکورتی ئاماژە بە هەندێک تایبەتمەندی و ڕۆڵی قاسملوو لە ڕێبەریی جووڵانەوەی کوردستان دەکرێت:**

١- ڕۆڵی قاسملوو لە سەرهەڵدان و درێژەی جووڵانەوەی کورد
٢- ڕۆڵی ڕێبەریی قاسملوو لە جووڵانەوەی کۆمەڵگا
٣- ڕۆڵی قاسملوو لە بەرخۆدان و خۆڕاگری لە بەرانبەر سەختیەکان
٤- ڕۆڵی قاسملوو لە پاککردنی کۆمەڵگا لە ناپاکییەکان
٥- ڕۆلی قاسملوو لە پاراستنی بایەخە نەتەوایەتیەکان و پێشگیری لە لادان لە بنەماکانی شۆڕشی کوردستان
٦- ڕۆڵی ڕێبەری لە پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی کوردستان
٧- ڕۆڵی ڕێبەریی قاسملوو لە جێبەجێ کردنی یاسا و ڕێوشوێنەکانی شۆڕشی کوردستان
٨- ڕۆڵێ ڕێبەری لە بەرخودان و شەڕی چەکداریی پێشمەرگەکانی کوردستان
٩- ڕۆڵی ڕێبەری لە پێکهێنانی ڕێک و پێکیی کۆمەڵایەتی
١٠- ڕۆڵی ڕێبەریی قاسملوو لە وەدیهێنانی هەستی ئەمنیەتی تاکەکەسی و ئارامیی کۆمەڵگای حیزبی
١١- ڕۆڵی ڕێبەری لە خەبات دژی دیاردە نەخوازراوە کۆمەڵایەتیەکان
١٢- ڕۆڵی ڕێبەری لە پەروەردەی مرۆڤەکان (تەندروستی تاکەکەسی و کۆمەڵگا)
١٣- ڕۆڵی ڕێبەریی قاسملوو لە گەشەکردنی پەروەردەی زانستی لە ناو ڕیزەکانی حیزبدا
١٤- ڕۆڵی ڕێبەریی قاسملوو لە یەکیەتی ڕیزەکانی خەباتی نەتەوایەتیدا
١٥- ڕۆڵێ ڕێبەری لە بەرەوپێش بردنی خەباتی هومانیستی و مرۆڤ پەروەر
١٦- ڕۆڵی ڕێبەریی قاسملوو لە پێکهێنانی مودیریەتێکی تەندروست و چاکسازی لە ڕێبەری و بەڕێوەبەریی حیزبیدا
١٧- ڕۆڵی ڕێبەریی قاسملوو لە بەڕێوەبردن و باشتر بوونی باری دارایی و ئابووریی جووڵانەوە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

١٨- ڕۆڵی ڕێبەری لە گەشەسەندنی بنەما ئەخلاقیەکانی شۆڕش و جووڵانەوەی کورد.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەو تایبەتمەندیانە و ڕۆڵی گرینگی ڕێبەری لە کۆمەڵگادا بوو، قاسملوو هەرگاڤ لە بیری بەرەوپێش بردنی ڕێبەریی بە کۆمەڵ و بەکۆمەڵ کردنی ڕێبەری بوو. ئەمڕۆ ٢٧ ساڵ دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو، قاسملوو هەروا لە سەر بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوێندانەرە، بنەماکانی بیروباوەری و ڕێکارەکانی ڕێبەریی ئەو، ڕێبەری کۆمەڵگا دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتیەکان و مرۆڤییەکانی خەڵکی کوردستان. ئەوەی جێگای سەرنجە، هەرچی لە مێژووی تیرۆری دوکتور قاسملوو دوورتر دەکەوینەوە، شوێندانەریی قاسملوو لەسەر کۆمەڵگا قووڵتر دەبێتەوە. کۆماری ئیسلامی لە پلانی گەندەڵی تیرۆری ڕێبەری خەڵکی کورد تووشی هەڵەی لێکدانەوە بوو. قاسملووی شەهید لە سکرتێری حیزبی دێموکراتەوە بوو بە ڕێبەری سەرانسەری جووڵانەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێمای بەرخودان و ئازادی ویستی و مرۆڤ پەروەری هەموو خەباتکارانی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٢ی جوولای ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ٢٣ی پووشپەر - ڕاسان و یەکگرتنەوەی دووبارەی دێموکرات



ئاسەوارەکانی تیرۆری دکتۆر قاسملوو هەروا لە سەر جەستەی حیزبی دێموکرات و بزاڤی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیارە. دکتۆر قاسملووش وەک هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی ماوەی ژیانی هەتاهەتایی نەبوو، بەڵام لە دەستدانی کوتوپڕی ڕێبەرێکی کاریزما کاردانەوەی قووڵترە لەوەی کە دەسەڵاتی ڕێبەر بەشێوەیەکی ئارام و لە ڕووی پرۆسە ئاساییەکانی خۆیەوە لە ناو ڕێکخراودا جێبەجێ بکرێت. لە دەستدانی دوابەدوای ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ٢٢ی پووشپەری ١٩٨٩ و خەرمانانی ١٩٩٢ بەو شێوە تراژیک و هەڵسوکەوتی ناجوانمێرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران و ستەمی دەزگای دادی دەوڵەتی ئوتریش بوو بەهۆی گۆڕانکاری خێرا و چاوەڕواننەکراوی دەسەڵات لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا و پێکهاتنی تراومایەکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی لە هەموو بنەماڵەی دێموکرات.

ئەم کارەساتە نەخوازراوانە سەرەرای ئەوەی کە بوون بە هۆی بەهێزبوونی هەستی هاوسۆزی خەڵک لە گەڵ حیزبی دێموکرات، ڕووداوەکانی دوای ئەو و شەپۆلی تیرۆری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەندامانی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن بوون بە هۆی زەمینگیر بوونی ڕێکخراوەکان و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی و دەسپێکی قووڵبوونەوەی کێشەکانی ناو حیزبی دێموکرات و بەشەخسی کردنی کێشەو پرسەکانی ڕێکخراوەیی.

دانپێنان بەو ڕاستیە تاڵە لەوانەیە ناخۆش و بەژان بێت، بەڵام ڕاستیەکە کە تا دانی پێدانەهێنین ناتوانین ئاڵوگۆڕێکی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەرێنی لە ژیانی ڕێکخراوەیی وخەباتی خۆماندا پێک بێنین. لە دەست چوونی دکتۆر قاسملوو بە شێوەیە کوتوپڕ و تراژیکە بوو بەهۆی لە دەست چوون و ون بوونی ئاسۆی سیاسی لە ناو حیزبی دێموکرات و پێکهاتنی فراکسیۆن و "جیناحی" دژبەیەک لە ناو حیزب دا، کە هەموو سەرنجیان بەرەو ئامانجە بچووکەکان و بچووککردنی حیزبی دێموکرات کۆ بووە. ئەنجامی ئەو دووپاتکردنەوەی قووڵتری هەڵە مێژوویییەکان و پێکهاتنی جیابوونەوەی دوای کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب و درێژەکێشانی ئەو جیابوونەوە زیاتر لە هەشت ساڵ بوو. حیزبی دێموکرات لە مێژووی خۆیدا ئینشعاب و جیابوونەوەی دیکەشی بەخۆیەوە بینیبوو، بەڵام دوای کۆنگرەی هەشتەم و جیابوونەوەی ئەو کۆنگرەیە و یەکگرتنەوەی دوای کۆنگرەی دەی حیزب، دەبوایە ئەو ئەزموونانە بکرێتە بناغەی داڕشتنی سیستەمێکی بەهێزی چارەسەری کێشەکان و بەڕێوەبەری کێشەکان لە چوارچێوەیەکی ئەقڵانی و بەرپرسانەدا.

تیرۆری قاسملوو ڕووداوێک نیە کە بەرابردوو بسپێندرێت. ئەو کارەساتە ئێستاش لە بیرەوەریەکانی سیاسی و هەستیی گەلی کورددا زیندووە. ئەو کارەساتە تەنیا ڕووداوێک نیە کە پیوەندی بە رابردووە هەبێت، بەڵکوو سێبەری بەسەر پراکتیک و دیسکۆرسی سیاسی ئەمرۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە. لە گەڵ ئەمەش ئامانجی قاسملوو بۆ چارەسەری پرسی کورد بە شێوەیەکی سیاسی و ئاشتیخوازانە ئەمرۆ لە هەمووکاتێک زیاتر بووتە ڕۆژەڤی سیاسی لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەددا دابەش کراوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبی دکتۆر قاسملوو لە بیست و پێنج ساڵی رابردوودا ئەو ڕۆڵەی کە دەبوایە لە پیوەندی لە گەڵ گەشەکردنی دێموکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگای کوردا لە ڕۆژهەڵات بگێڕێ نەگێڕاوە و لە ئاکامدا کوردستان لە رووی سیاسی و شوێندانەری سیاسیەوە لە جوغرافیای سیاسی ئێراندا لە پەراوێز خراوە. ئەمرۆ پێویستی گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، دێموکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگای کورد و قبووڵی جیاوازیەکانی ناو کوردستان هەم گرنگە و هەم ئەرکێکی مێژوویی و سیاسیە بۆ ئەوەی بنەمای ئاشتیەکی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دابرێژرێت.

ئێمە لە کاتێکدا یادی بیست و حەوتەمین ساڵڤەگەری تیرۆری دکتۆر قاسملوو دەکەینەوە، ڕاسانی نوێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردووە و کوردستان پێیناوەتە قۆناغێکی بەتەواوی تازەوە. قۆناغێک کە لەودا ریسکی زیاتر بوونی شەر و پێکدادان و هێرشی کۆماری ئیسلامی و بەرخودانی پێشمەرگەکان زیاتر لە ساڵانی رابردوو بووە. قۆناغێک کە کۆماری ئیسلامی دڕندانەتر لە جاران، لە پێناوی مانەوەی خۆی تەنانەت لە گیانلەبەرانیش خۆش نابێت. قۆناغێک کە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە هەمووکاتێک زیاتر چەکدارە و کورد بووتە یەکێک لە پارتنێرەکانی خەباتی دژی تیرۆریزمی داعش و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەک جەمسەرێکی دیکەی رەوتی تیرۆر قوولایی ستراتیژیکی خۆی نەتەنیا بۆ عێراق و باشووری کوردستان کە تا سووریا و یەمەن گەشەی پیداوە وخەریکە جێ پێ دەکاتەوە لە باکووری کوردستانیش.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

ئەمرۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی هێز، وزە و توانا بەسەر یەکخراوەکان هەیە. لەو ڕووەدا ئەمرۆ ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات ئەرکێکی مێژوویان لە ئەستۆیە. یەکگرتنەوەی دێموکرات پێویستیەکی ویژدانی، ئەخلاقی و مێژوویيە. لێکدابران و جیابوونەوەکان بەرهەمی نەبوونی دێموکراسی و جێگیرنەبوونی دێموکراسیە، ئێستا کە ئەزموونی تاڵی جیابوونەوە تاقی کراوەتەوە، کاتی ئەوە هاتووە بەجیددی و بەبەرنامەیەکی گشتگر ستراتیژیەکی نوێ لە سەر بنەمای یەکگرتنەوە و قبوولی فرەچەشنی ناوخۆیی و ڕێزگرتن لە فرەڕەنگیە دابڕێژرێت ، ستراتیژیەک کە خاوەنی بەرنامەی دیاری کراو بۆ جێبەجێ کردن و بە ئاکام گەیشتن بێت.

نۆ ساڵ لەمەوبەر هەم هەلومەرجەکان جیاواز بوون و هەم بەرژەوەندیەکان: لە کوردستان داعش نەبوو، کۆماری ئیسلامی ستراتیژی نفووزی خۆی ئەوەندەی ئەمرۆ بۆ دەرەوەی وڵات قووڵ نەکردبووە، ویستی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستێکی سیاسیەوە بە ئاستی ویستێکی کۆمەڵایەتی و عاتفی قوول نەببووە و یەکگرتووخوازی و هەستی پێکەوە بوون و قبووڵی جیاوازیەکان بە قووڵایی ئەمرۆ نەبوو. پرسی کورد لە ڕۆژئاوا مژارێکی لەبیرکراو بوو، لە باکوور دیاردەیەک بە ناوی HDP و ئیسلامیزاسیۆنی خەلافەتی ئەردۆغان نەبوو. گفتگۆی ئەتۆمی ئێران لە ئارادا نەبوو و ئێران دیپلۆماسیەکی چالاکی وەک ئەمرۆی نەبوو. ئەو کەسانەی کە هەشت ساڵ لەمەوبەر مافی دەنگدانیان نەبوو، ئەمرۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پۆستانسیەلێکی گەورەن بۆ گۆڕینی پارەسەنگەکان بە قازانجی نەتەوەی کورد.

مێژوو بە کرداری بوێری ڕێبەرانەوە دەنووسرێت. بوێری سیاسی دکتۆر قاسملووی کردە ڕێبەرێکی کاریزماتیک بە شێوەیەک کە تیرۆر و لەدەست دانی ئەو تەنیا پێوەندی بە ڕووداوێکی ڕابردووە نیە، بەڵکوو برینێکە کە ڕۆژ بەڕۆژ قووڵایی لە ناو گەلی کورددا زۆرتر دەردەکەوێت. بیری قاسملوو و ڕێبازی قاسملوو ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناو خەلکی کوردستاندا زۆرتر جێ دەبێتەوە و سنوورەکانی حیزبی دیموکراتی تێپەر کردووە.

لە وتووێژێک کە ٢٧ ساڵ لەمەوبەر دکتۆر قاسملوو لە گەڵ بی.بی.سی ئەنجامی داوە، لە پێوەندی لە گەڵ هێزەکانی چەپ دکتۆر قاسملوو دەڵێت: "بەداخەوە لە داهاتوودا ئێمە شاهیدی جیابوونەوە ئینشعابی زۆر لە ناو هێزە چەپەکان دەبین. بەڵام بەهیواین دوای ئەو جیابوونەوەیە ڕەوتی یەکگرتنەوە قبووڵی یەکتر لە ناو هێزەکانی چەپدا خێرابکرێت." پەیامی ئەم وتەیەی قاسملوو بۆ ئەمرۆی ئێمە زۆر ڕوونە. دوای جیابوونەوە دەبوایە بە بێ دۆراندنی کات ڕەوتی یەکگرتنەوە قبووڵی یەکتر و قووڵتر کردنی دێموکراسی و ببێتە ڕۆژەڤی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئێمە.

وتەی قاسملوو کە باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی ڕێگایانە، دەبێ لە دروشمەوە بە کردەوە بگۆڕدرێت. ڕێگا و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێبازی قاسملوو، ڕێگای گەشەکردن، پێشکەوتن، ئاڵوگۆڕی بوێرانەی سیاسی و ڕێکخراوەیی، ڕێگای ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ، ڕێبازی قبووڵی هەلی بەرامبەر لە بۆ مافی بەرامبەر بۆ ژنان لە ناو ڕۆژەڤی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، و جێبەجێ کردنی ویستی قاسملوو واتە پێشڤەچوونی هاوکاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیە.

بۆ سەرکەوتنی پەیامی "راسانی" سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەهینە بوونی خوێنی شەهیدانی راسان، ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، دەبی لە پێناو بەرژەوەندی خۆشیان بێت و بۆ ئەوەی چی دیکە لەبەرامبەر ویستی گشتی خەڵکی کورد کەم نەهێننەوە و شەرمەزار نەبن، دەشی ئێگۆیزم و کولتووری کوردە نامووسی فرێ بدەن و بوێرانە ڕەوتی یەکگرتنەوەی حیزب و داڕشتنەوەیەکی سیاسی نوێ ئەنجام بگەیەنن. ئامانجێک کە مێژووی بۆ دیاری نەکرابێت، ئامانجێک کە بەرنامەی بۆ دانەڕێژرابێت، دەبێتە خەونێکی بەراستی شاعیرانە. یەکگرتنەوە نابێ ببێ بەخەون بەڵکوو دەبێ بکرێتە حەقیقەت و بەکردەوە جێبەجێ بکرێت. بەوە ئێمە دەتوانین ٢٢ی پووشپەڕ بکەینە دەسپێکی بەکردەوەی جێبەجێکردنی ڕەوتی یەکگرتوویی بنەماڵەی دێموکرات و جەژنی مەزنی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات. بەو شێوەیە توانیومانە هەم ڕۆحی شەهیدانمان شاد کەین و هەم ئاسۆیەکی گەشتر بۆ نەتەوەکەمان و بنەماڵەی شەهیدان وەدی بێنین.

هەموومان لە بەرامبەر خوێنی شەهیدان، کەم ئەندامان، زینندانیانی سیاس، بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکی کوردستان و ویژدانی مرۆڤانەی خۆمان بەرپرسین. با لەو بەرپرسایەتیە رووسوور دەرکەوین.

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە ٢٢ی پووشپەڕەوە بەرەو ٢٥ی گەلاوێژ



ئاسەوارەکانی تیرۆری دکتور قاسملوو هەروا لە سەر جەستەی حیزبی دێموکرات و بزاڤی کورد بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیارە. دکتور قاسملووش وەک هەموو مرۆڤەکانی سەر زەوی ماوەی ژیانی هەتاهەتایی نەبوو، بەڵام لە دەستدانی کوتوپڕی ڕێبەرێکی کاریزما کاردانەوەی قووڵترە لەوەی کە دەسەڵاتی ڕێبەر بەشێوەیەکی ئارام و لە ڕووی پرۆسە ئاساییەکانی خۆیەوە لە ناو ڕێکخراودا جێبەجێ بکرێت. لە دەستدانی دوابەدوای ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ٢٢ی پووشپەری ١٩٨٩ و خەرمانانی ١٩٩٢ بەو شێوە تراژیک و هەڵسوکەوتی ناجوانمێرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران و ستەمی دەزگای دادی دەوڵەتی ئوتریش بوو بەهۆی گۆڕانکاری خێرا و چاوەڕواننەکراوی دەسەڵات لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا و پێکهاتنی تراومایەکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی لە هەموو بنەماڵەی دێموکرات.

ئەم کارەساتە نەخوازراوانە سەرەرای ئەوەی کە بوون بە هۆی بەهێزبوونی هەستی هاوسۆزی خەڵک لە گەڵ حیزبی دێموکرات، ڕووداوەکانی دوای ئەو و شەپۆلی تیرۆری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەندامانی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئوپۆزیسیۆن بوون بە هۆی زەمینگیر بوونی ڕێکخراوەکان و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی و دەسپێکی قووڵبوونەوەی کێشەکانی ناو حیزبی دێموکرات و بەشەخسی کردنی کێشەو پرسەکانی ڕێکخراوەیی.

دانپێنان بەو راستیە تاڵە لەوانەیە ناخۆش و بەژان بێت، بەڵام راستیەکە کە تا دانی پێدانەهێنین ناتوانین ئاڵوگۆڕێکی ئەرێنی لە ژیانی ڕێکخراوەیی وخەباتی خۆماندا پێک بێنین. لە دەست چوونی دکتۆر قاسملوو بە شێوەیە کوتوپڕ و تراژیکە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بوو بەهۆی لە دەست چوون و ون بوونی ئاسۆی سیاسی لە ناو حیزبی دێموکرات و پێکهاتنی فراکسیۆن و "جیناحی" دژبەیەک لە ناو حیزب دا، کە هەموو سەرنجیان بەرەو ئامانجە بچووکەکان و بچووککردنی حیزبی دێموکرات کۆ بووە. ئەنجامی ئەو دووپاتکردنەوەی قووڵتری هەڵە مێژووییەکان و پێکهاتنی جیابوونەوەی دوای کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب و درێژەکێشانی ئەو جیابوونەوە زیاتر لە هەشت ساڵ بوو. حیزبی دێموکرات لە مێژووی خۆیدا ئینشعاب و جیابوونەوەی دیکەشی بەخۆیەوە بینیبوو، بەڵام دوای کۆنگرەی هەشتەم و جیابوونەوەی ئەو کۆنگرەیە و یەکگرتنەوەی دوای کۆنگرەی دەی حیزب، دەبوایە ئەو ئەزموونانە بکرێتە بناغەی داڕشتنی سیستەمێکی بەهێزی چارەسەری کێشەکان و بەرێوەبەری کێشەکان لە چوارچێوەیەکی ئەقڵانی و بەرپرسانەدا.

تیرۆری قاسملوو ڕووداوێک نیە کە بەرابردوو بسپێندرێت. ئەو کارەساتە ئێستاش لە بیرەوەریەکانی سیاسی و هەستیی گەلی کورددا زیندووە. ئەو کارەساتە تەنیا ڕووداوێک نیە کە پیوەندی بە رابردووە هەبێت، بەڵکوو سێبەری بەسەر پراکتیک و دیسکۆرسی سیاسی ئەمرۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە. لە گەڵ ئەمەش ئامانجی قاسملوو بۆ چارەسەری پرسی کورد بە شێوەیەکی سیاسی و ئاشتیخوازانە ئەمرۆ لە هەمووکاتێک زیاتر بووتە رۆژەڤی سیاسی لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەددا دابەش کراوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبی دکتۆر قاسملوو لە بیست و پێنج ساڵی رابردوودا ئەو ڕۆڵەی کە دەبوایە لە پیوەندی لە گەڵ گەشەکردنی دێموکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگای کوردا لە ڕۆژهەڵات بگێڕێ نەگێراوە و لە ئاکامدا کوردستان لە رووی سیاسی و شوێندانەری سیاسیەوە لە جوغرافیای سیاسی ئێراندا لە پەراوێز خراوە. ئەمرۆ پێویستی گەشەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، دێموکراتیزاسیۆنی کۆمەڵگای کورد و قبووڵی جیاوازیەکانی ناو کوردستان هەم گرنگە و هەم ئەرکێکی مێژوویی و سیاسیە بۆ ئەوەی بنەمای ئاشتیەکی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دابرێژرێت.

ئێمە لە کاتێکدا یادی بیست و شەشەمین ساڵڤەگەری تیرۆری دکتۆر قاسملوو دەکەینەوە، کە حیزبی دێموکرات بە دوو بەشەوە بەرەو حەفتاهەمین ساڵڤەگەری دامەزراندنی خۆی نزیک دەبێتەوە. لە کاتێکدا کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەرەو سنووری ڕۆژهەڵات نزیک بوونەتەوە و لەکاتێکدا کە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە هەمووکاتێک زیاتر چەکدارە و کورد بووتە یەکێک لە پارتنێرەکانی خەباتی دژی تیرۆریزمی داعش و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەک جەمسەرێکی دیکەی رەوتی تیرۆر قووڵایی ستراتێژیکی خۆی نەتەنیا بۆ عێراق و باشووری کوردستان کە تا سووریا و یەمەن گەشەی پیداوە.

لەو ڕووەدا ئەمرۆ ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات ئەرکێکی مێژوویان لە ئەستۆیە. یەکگرتنەوەی دێموکرات پێویستیەکی ویژدانی، ئەخلاقی و مێژووییە. لێکدابران و جیابوونەوەکان بەرهەمی نەبوونی دێموکراسی و جێگیرنەبوونی دێموکراسیە، ئێستا کە ئەزموونی تاڵی جیابوونەوە تاقی کراوەتەوە، کاتی ئەوە هاتووە بەجیددی و بەبەرنامەیەکی گشتگر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ستراتیژیەکی نوێ لە سەر بنەمای یەکگرتنەوە و قبوولی فرەچەشنی ناوخۆیی و ڕێزگرتن لە فرەرەنگیە دابرێژرێت ، ستراتیژیەک کە خاوەنی بەرنامەی دیاری کراو بۆ جێبەجێ کردن و  بە ئاکام گەیشتن بێت.

هەشت ساڵ لەمەوبەر هەم هەلومەرجەکان جیاواز بوون و هەم بەرژەوەندیەکان: لە کوردستان داعش نەبوو، کۆماری ئیسلامی ستراتیژی نفووزی خۆی ئەوەندەی ئەمرۆ بۆ دەرەوەی وڵات قووڵ نەکردبووە،  ویستی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستێکی سیاسیەوە بە ئاستی ویستێکی کۆمەڵایەتی و عاتفی قوول نەببووە و یەکگرتووخوازی و هەستی پێکەوە بوون و قبووڵی جیاوازیەکان بە قووڵایی ئەمرۆ نەبوو. پرسی کورد لە ڕۆژئاوا مژارێکی لەبیرکراو بوو، لە باکوور دیاردەیەک بە ناوی HDP و ڕەوتی گفتگۆی ئاشتی خوازانە لە گۆڕێ نەبوو. گفتگۆی ئەتۆمی ئێران لە ئارادا نەبوو و ئێران دیپلۆماسیەکی چالاکی وەک ئەمرۆی نەبوو. ئەو کەسانەی کە هەشت ساڵ لەمەوبەر مافی دەنگدانیان نەبوو، ئەمرۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پۆستانسیەلێکی گەورەن بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی لە ڕەشەمەی ئەمساڵەی پەرلەمانی ئێران.

مێژوو بە کرداری بوێری ڕێبەرانەوە دەنووسرێت. بوێری سیاسی دکتۆر قاسملووی کردە ڕێبەرێکی کاریزماتیک بە شێوەیەک کە تیرۆر و لەدەست دانی ئەو تەنیا پێوەندی بە ڕووداوێکی ڕابردووە نیە، بەڵکوو برینێکە کە ڕۆژ بەڕۆژ قووڵایی لە ناو گەلی کورددا زۆرتر دەردەکەوێت. بیری قاسملوو و ڕێبازی قاسملوو ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناو خەلکی کوردستاندا زۆرتر جێ دەبێتەوە و سنوورەکانی حیزبی دیموکراتی تێپەر کردووە.

لە وتووێژێک کە ٢٦ ساڵ لەمەوبەر دکتۆر قاسملوو لە گەڵ بی.بی.سی ئەنجامی داوە، لە پێوەندی لە گەڵ هێزەکانی چەپ دکتۆر قاسملوو دەڵێت: "بەداخەوە لە داهاتوودا ئێمە شاهیدی جیابوونەوە ئینشعابی زۆر لە ناو هێزە چەپەکان دەبین. بەڵام بەهیواین دوای ئەو جیابوونەوەیە ڕەوتی یەکگرتنەوە قبووڵی یەکتر لە ناو هێزەکانی چەپدا خێرابکرێت."  پەیامی ئەم وتەیەی قاسملوو بۆ ئەمرۆی ئێمە زۆر ڕوونە. دوای جیابوونەوە دەبوایە بە بێ دۆراندنی کات ڕەوتی یەکگرتنەوە قبووڵی یەکتر و قووڵتر کردنی دێموکراسی و ببێتە ڕۆژەڤی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئێمە.

وتەی قاسملوو کە باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی ڕێگایانە، دەبێ لە دروشمەوە بە کردەوە بگۆردرێت. ڕێگا و ڕێبازی قاسملوو، ڕێگای گەشەکردن، پێشکەوتن، ئاڵوگۆری بوێرانەی سیاسی و ڕێکخراوەیی، ڕێگای ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ، ڕێبازی قبووڵی هەلی بەرامبەر لە بۆ مافی بەرامبەر بۆ ژنان لە ناو ڕۆژەڤی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، و جێبەجێ کردنی ویستی قاسملوو واتە پێشڤەچوونی هاوکاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، دەبی لە پێناو بەرژەوەندی خۆشیان بێت و بۆ ئەوەی چی دیکە لەبەرامبەر ویستی گشتی خەڵکی کورد کەم نەهێننەوە و شەرمەزار نەبن، دەشی ئێگۆیزم و کولتووری کوردە نامووسی فڕێ بدەن و بوێرانە ڕەوتی یەکگرتنەوەی حیزب و داڕشتنەوەیەکی سیاسی نوێ ئەنجام بگەیەنن.

ئامانجێک کە مێژووی بۆ دیاری نەکرابێت، ئامانجێک کە بەرنامەی بۆ دانەڕێژرابێت، دەبێتە خەونێکی بەراستی شاعیرانە. یەکگرتنەوە نابێ ببێ بەخەون بەڵکوو دەبێ بکرێتە حەقیقەت و بەکردەوە جێبەجێ بکرێت. بەوە ئێمە دەتوانین ٢٢ی پووشپەر بکەینە دەسپێکی بەکردەوەی جێبەجێکردنی ڕەوتی یەکگرتوویی بنەماڵەی دێموکرات و جەژنی مەزنی حەفتا ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات. بەو شێوەیە توانیومانە هەم ڕۆحی شەهیدانمان شاد کەین و هەم ئاسۆیەکی گەشتر بۆ نەتەوەکەمان و بنەماڵەی شەهیدان وەدی بێنین.


هەموومان لە بەرامبەر خوێنی شەهیدان، کەم ئەندامان، زیندانیانی سیاس، بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکی کوردستان و ویژدانی مرۆڤانەی خۆمان بەرپرسین. با لەو بەرپرسایەتیە رووسوور دەرکەوین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ٨ی جوولای ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# قاسملوو ڕێبەرێک کە سیمای مرۆڤی بە حیزبێکی نەریتی بەخشی



ڕێکخراو لە ڕەوتی خەباتی نەتەوایەتیدا بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگاو ڕێبەر گرینگترین هۆ لە ژیان، گەشەسەندنو پێشکەوتن و تەنانەت لە ناوچوونی ڕێکخراوەکەداویە. ڕێبەر ڕێکخراو لە "ڕەوشی مەوجوود" بەرەو "ڕەوشی دڵخواز" بەرەو پێش دەباتو هەرگاڤ لە پێناو داهاتوویەکی چاکتر خەبات دەکات.

رابردوو سەرەرای گرنگیو ئەزموونەکانی کە دەتوانێ بۆ داهاتوو شوێندانەر بێت، شتێکە کە بووەو گوزەراوەو هیچ هێزێکی مرۆڤی ناتوانێت ئەو ڕابردووە بگۆڕێت یان بەشێوەیەکی دیکەوە بخوێنێت. بەڵام داهاتوو لە ڕێدایەو بەشێکی زۆری پێوەندی بەو شتانەوە هەیە کە "ئەمڕۆ" ڕووی دەدەن.

زۆر جار وتەی ڕێبەرێک لە هەلومەرجێکی تایبەت دا دەبێتە هۆی نوختەگۆڕانێکی گرنگ لە پێوەندی لەگەڵ داهاتوو و بیرورای گشتی. دکتۆر قاسملوو لە وەڵامی پرسیارێک کە داخوا "قەوڵ دەدەن کە کوردەکان تەنیا بە خودموختاری (خۆبەڕێوەبەری) ڕازی بنو داوای شتی زیاد نەکەن؟" دەڵێت: "خودموختاری ویستی نەسڵی ئەمڕۆیە، نەسڵەکانی داهاتوو مافی خۆیانە شێوەی چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن." بزاڤی نەتەوایەتی دەبێ توانایی ئەوەی هەبێت بەشی نەوەکانی داهاتوو لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیانو پێگەی ئەوان لە ناوچەو جیهاندا شی بکەنەوەو کۆمەڵگا بەرەو ئەو ئامانجە ڕێنوێنی بکەن. بۆیە پرسی "ڕێبەری" گرنگترین گوتارێکە کە دەتوانێت شوێندانەر بێت لە سەر گەشەکردنی فەرهەنگی ڕێکخراوەیی، کۆمەڵایەتی، ئابووریو سیاسی کۆمەڵگا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاتێک باس لە سیمای مرۆڤی ڕێکخراو یان حیزبێک دەکرێت، باس لە دیسکۆرسێکی نوێ دەکرێت. بۆیە دەتوانین بڵێین دکتۆر قاسملوو لە ڕۆژی هەڵبژێرانی وەک سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پارادایمێکی نوێی لە ناو حدکادا جێگیر کرد کە لە سەرنج دەداتە توانایی‌و بڕوا بە خۆبوونی مرۆڤی کوردو گەشەسەندن و پێشکەوتنی مرۆڤ وەک تاکو ئەندامی کۆمەڵگا بە بنەمای جوڵانەوەی میللی - دێموکراتیک دەزانێت. قاسملوو لە سەردەمانێکدا دەستی بە هەندێک داهێنانی ڕێکخراوەیی‌و سیاسی کرد کە لە ڕوانگەی زۆر کەسەوە یان "ناوومکین" بوو یا خود بەهۆی زاڵبوونی کەشی ئایدیۆلۆژی تاوانێکی نەبەخشراو بوو کردە "مومکین"و ناسنامەی حیزبەکەی لەگەڵ حیزبەکانی دەوروبەر چ نەتەوەیی‌و چ چەپی‌و چینایەتی جیا کردەوەو ناسنامەیەکی بە حیزبەکەی بەخشی کە حدکا هاوکات هەم حیزبێکی پێشکەوتوو و دێموکرات بێت، حیزبێک بێت بۆ مافەکانی نەتەوایەتی خەبات بکاتو هاوکات خەبات بۆ کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە لە بیر نەکاتو سێ گۆشەی دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی‌و یەکسانی کۆمەڵایەتی‌و دادپەروەری ئابووری بکاتە بناغەی خەباتو چالاکیەکانی خۆی.

### به کورتی بنیاتەکانی سیمای ئینسانی ڕێکخراوێک کە قاسملوو ڕێبەری دەکرد بریتین لە:

* بەشداری کاریگەری ئەندامانی حیزب لە هەموو پرۆسەکانی بڕیاردانیدا.
* گرنگی دان بە گەشەسەندنی کەسان وەک تاکو تەواویەتی ڕێکخراوەو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤی ئەندامان.
* لە ناو بردنی ناسازگاری نێوان پێویستیەکانی تاکەکەسی‌و ڕێکخراوەیی لە ڕێگای فۆرمۆلە کردنی جۆری پێوەندی ئۆرگانەکانی سەرەوەو ئۆرگانەکانی خوارەوەو هەروەها ئاستی داهاتو یارمەتی ئەندامانو بەرپرسان.
* شێوەیەک لە شوێندانانو کاریگەری کە نە لە ڕێگای زۆرەملی، لە بەرچاونەگرتنو پەراوێز خستن بەڵکوو لەسەر بنەمای ڕاستگۆیی‌و دیالۆگ و گفتگۆی زیندووی ناوخۆیی‌و لە ناوبردنی دژبەریەکانی ناو کۆمەڵگا.
* بڕوا بەوە کە گەشە سەندنی مرۆڤ لە خودی مرۆڤەوە دەست پێدەکاتو بە بڕوا بەخۆبوون، خۆ تاقی کردنەوەو سەربەخۆیی تاکی کورد، پێوەندیەکانی لە گەڵ دەوروبەرو ژینگەدا دیاری دەکرێتو گەشە دەکات.

بیست و پێنج ساڵ دوای کۆستی لە دەست چوونی قاسملوو، ئەمرۆ ڕوونە، کە ڕێبەرسازی، بەو شێوەیەی کە لە بیست ساڵی ڕابردوودا لە ناو حدکا باو بووە - واتە ئەوەی کە بەرهەمی هەوڵەکانی فەرمی ڕێکخراوەیی بێت کاردانەوەیەکی ئەرێنی لە سەر بەڕێوەبەریدا نەبووە. بەڵکوو ڕێبەری بەرهەمی جۆری بیرکردنەوەو کردەوەکانی کەسی یەکەمی ڕێکخراو یان ڕێبەری ڕێکخراوەیە، کە دەبێتە هۆی گەشەکردن یان لاواز بوونی ڕێکخراوەو جۆری پێوەندیە ناوخۆییەکانی ڕێکخراوە. پێشکەوتنی کەسایەتی ڕێبەری شوێندانەرە لەسەر چارەنووسی تەواوی ڕێکخراوە ئەو سیمایە ئینسانەیەی قاسملوو بوو کە حیزبەکەی لە


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە


ماوەیەکی کورتدا کردە گرینگترین ئەکتەری سیاسیو کاریگەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو سەرانسەی بزاڤی نەتەوایەتیو حدکا بکاتە زلهێزێک لە ناو ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری کۆماری ئیسلامیدا. هەر ئەم تایبەتمەندیەش بوو کە بوو بە هاندەری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ تاوانی ٢٢ی پووشپەری ١٩٩٨لە ڤیەنی پایتەختی ئۆتریش دا.

٩ی جوولای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# قاسملوو و ڕێبەریی ستراتێژی



گۆڕانی کۆمەڵگا جیاواز لە گۆڕانی حیزبەکان و تەنانەت دەوڵەت نیە. لە کەس شاراوە نیە کە سەرکەوتنی حیزبەکانو گەشەسەندنی ڕێکخراوەیی، پێشکەوتنی میدیاییو پێوەندیە کۆمەڵایەتییەکانیان شوێندانەرە لە سەر ئاستی هەستی بڕوابەخۆبوونی کۆمەڵگای کوردستانو پێشکەوتنی کۆمەڵایتی - سیاسیو ئابووریی نیشتیمانی.

بە لەبەرچاو گرتنی ئاسەواری خراپی ناسیۆنالیزمی کۆنباو نەریتی دەیەکانی پەنجای زایینی لە کوردستانو سێکتاریزمو تەکرەوی حیزبەکانی چەپی ئێران بەسەر ڕەوتی گەشە سەندنی بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا قاسملوو لە ساڵەکانی سەرەتای ڕێبەری خۆیدا لانی کەم دوو دیاردەی گرنگی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وەدیهێنا کە ئاسەواری ئەو ئەمرۆش لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبینریتو لە زۆر بوارەوە ئەو حیزبە سەرەرای کەموکۆڕیەکانی بەسەردا سەپاو بەهۆی ژینگەی سیاسی ئێستای کوردستانو ئێران هەروەها تەنگەژەی ڕێبەری (بحران رهبری) لە ناو بزاڤی کورد بە گشتیو لەناو حیزبی دێموکراتدا بەتایبەتی– لە پارتو ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستان جیا دەکاتەوە. قاسملوو وەک یەکەم هەنگاو حیزبی دێموکراتی بەرەو سەربەخۆیی سیاسیو ڕێکخراوەیی ڕێبەری کردو بەوە فەلسەفەی باوەر بە خۆبوون. سەربەخۆیی مرۆڤ وەک تاکو وەک بەشێک لە کۆمەڵگا کە پێوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی باڵای نەتەوایەتیو لە چوارچێوەی بناغە ئەخلاقیەکانی ڕەوشتی سیاسیو ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤو بەها مرۆڤانیەکان بوو. هەنگاوی دیکەی قاسملوو لە کۆنگرەی شەشەمی حدکادا وەڵام دانەوە بەو پرسیارە بوو: کە گەر بێتو مافی دیاریکردنی چارەنووس کە ئەوکات لە دروشمی "خودموختاری"دا خۆی دەنواند جێبەجێ کرا، ئەرکو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕەساڵەتی حیزب چی دەبێتو چۆن کۆمەڵگا بەرەو سەر مەنزڵی بەختەوەریو پێشکەوتن ڕێبەری بکات. هەڵبژاردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک ئامانجی دوارۆژی حیزب نە تەنیا دیاریکردنی ستراتیژی درێژخایەنی ئەو حیزبە بوو، بەڵکوو دیاریکردنی ئەرکێکی ئەمرۆییش بوو بۆ ئەوەی خەباتی نەتەوایەتی لە کوردستان تەنیا یەک ڕەهەندی ناسیۆنالیستی نەبێتو پرسە جڤاکی و کۆمەڵایەتییەکانیش وەک پرسی ژنانو نەریتە کۆنباوەکانی کوردستان هاوشانی خەبات بۆ ڕزگاری نەتەوە بەرەو پێش ببردرێت. هەرچەند بەداخەوە ئەو ڕەهەندە لە خەباتە دوای تیرۆری قاسملوو و شەرەفکەندی پەراوێز خراوە. هەوڵی قاسملوو ئەوە نەبوو پێوەندییە کۆن باوەکان بپارێزێتو کۆمەڵگا وەک خۆی بمێنێتو ڕەوشی "مەوجوود" ببێتە بنەمای پێوەندییەکانی ناو خۆی حیزبی. بۆ ئەوەی حیزب بتوانێت کوردستانی بێتو ئەندامانی حیزب کوردستانی بیر بکەنەوە، یەکێک لە بزاڤە هەرە گرنگەکانی قاسملوو هەولدان بۆ خاشەبەڕ کردنی دیاردەی نێپۆتیزم (خزمگەرایيو ناوچەگەرایی) لە ناو حدکا دا بوو دیاردەیەک کە لە ساڵانی ڕێبەری ئەودا بەرە بەرە جێی خۆی دەدایە، شایستە سالاریو ڕێبەریی تواناییەکان- هەر بەداخەوە دوای شەهید بوونی، حیزبی دێموکرات ڕاست بە نەخۆشی نیپۆتیزم بەچۆکدا هاتو هەلی گەشە سەندنی لێی ئەستێندرایەوە.

هەموو ئەو دامودەزگایانەی کە لە سەردەمی دکتۆر قاسملوودا لە ناو حدکادا دەمەزران، بۆ وەڵامدانەوە بە پرسیارگەلێکی درێژخایەنو پەروەردەی کادرو شارەزا بۆ بوارە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە ژیانی ڕێکخراوەییو ئیداری حیزبو کۆمەڵگا بوو. نزیک بوونەوەی قاسملوو بۆ پرسەکان نزیکبوونەوەیەکی ستراتیژیک بوو و مێتۆدی ڕێبەری ئەو "ڕێبەریی ستراتیژی" بوو. بە خوێندنەوەیەکی خێرای کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە لە ڕوانگە قاسملوودا کاری ڕێکخراوەییو حیزبی سیاسی گەشە کردنی ستراتیژیە (crafting strategy). ستراتیژی بریتیە لە پلانێکە بۆ داهاتوو کە هێزی خۆی لە ئەزموونەکانی ڕابردوو و خەونەکانی داهاتوو وەردەگرێت. ستراتیژی پلانێکە، کە ئامانجە سەرەکیەکانی ڕێکخراو و جۆری هەڵسوکەوتی سیاسیو ڕێکخراوەیی پێکەوە گرێ دەدات. ستراتیژیەک کە بە جوانی دامەزرابێت دەتوانێت ببێتە هۆی پێکهێنانی هەلی پێشکەوتنو گەشە سەندنی ڕێکخراو و توانایی ڕێکخراو بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ لێگەرو چالشەکان بەرز دەکاتەوە.

دەڵێن بۆ ئەوەی پێشبینی داهاتوو بکەیت، پلانی بۆ بڕێژە. بەو پێیە لە ماوەی ژیانی خۆیدا وەک ڕێبەرێک، قاسملوو کۆمەڵێک پرسیاری گرنگی ستراتیژیک هێنایە ناو بزاڤی نەتەوایەتی کورد، کە وەڵامدانەوەی بەوان کورتو کورمانجی گرینگترین ئەرکەکانی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتن:

١- دیاریکردنی ئاسۆی بزووتنەوەو حدکا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بەپێی ئەو دیاریکردنی ئامانجەکانی دوورو نزیکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حیزبو شیکردنەوەی ئەرکەکانی ئەمڕۆی بزاڤ؟

٢- پێشبینی گۆڕانکارییەکانی ژینگەی چالاکی حیزب: چاوەڕوانیەکان لە داهاتوو و سیناویۆکانی ژینگەی ژیانی سیاسی.

٣- هێلەگشتیەکانی پێوەندیدار بە ستراتێژیو ئامانجی داهاتووی حیزبی دێموکرات. بەو واتایە کە ئامانجە درێژخایەنەکانی حیزب کە ڕێکخراو بۆ خۆی دەروەست بکات.

٤- دیاریکردنی بەرنامەکانی کورتخایەنی گەشە سەندنی ڕێکخراوەییو سیاسی حیزب. داڕشتنی پلانی ئۆپێراتیڤ بەپێی ڕەوشی ئەمڕۆو پێشبینی ئاڵترناویتەکانی چالاکی بۆ داهاتوو و بەرنامەڕێژیان.

٥- گۆڕانی جۆری چالاکیو هەڵسوکەوتی حیزبیو گونجانی چالاکی حیزب لەگەڵ ستراتێژیو ئامانجە درێژخایەنەکانو لەبەرچاوگرتنی پێویستی نەوە جۆراوجۆرەکان.

وەک دوا قسە ئامانجی قاسملوو پێکهێنانو داڕشتنی ستراتێژیەک بوو، کە لەودا شێوەی کارو سیناریۆکانی ناوچەییو ئامانجی دواڕۆژ پێکەوە هاوگونج بنو هەلومەرجی نەوەکانی بەشدار لە خەبات لە بەرچاو بگیرێتو بەشداریان بدات لە ڕەوتی بڕیارداندا.

١٠ی جوولای ٢٠١٤


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## قاسملوو بەرز کەرەوەی شیانی ڕێبەریی بە کۆمەڵ



بەرێوەبەرو مودیری هەڵبژاردەی سەدەی رابردووی نەتەوە یەکگرتووەکان **جەک وێلش (Jack Welch) دەڵێت:** "ڕێبەرێکم دەوێت کە بتوانێت بە هێزی سەرنج راکێشی خۆی، خەڵکانی دیکە وەجۆش بێنێت. بتوانێت بۆچوونەکانی خۆی شی بکاتەوە.کەسێک کە لە گۆڕانکاری نەترسێتو لە بەرامبەر گۆڕانکاری‌دا دەستەوژنۆ نەبێت." لە سەردەمانێک کە قاسملوو وەک رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەلبژێردرا، بزاڤی نەتەوایەتی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستاندا بە دەست دوو جەمسەری نەریتگەراییو لایەنگری لە نەریتەکانی بەجێماو لە رێبەرانی پێشوو و گرێدراوەییان بە شۆرشی باشووری کوردستان نەمازە پارتی دێموکراتی کوردستانی ئەو کاتو هەروەها لایەنگریو فەرهەنگی زاڵی تووده‌ئیزم قەوارەی لایەکانی (Layer) ئەمنیەتی ناو حیزبێکی چەپی نەریتیدا دەنالاند. لە لایەکی دیکەوە دروشمەکانو بەرنامەو پرۆگرامی حیزبی دێموکرات، بەرهەمی بیری سەردەمی کۆماری کوردستانو کۆمەڵگای فیودالی بوو. پرسی گۆڕانی حیزبو سەربەخۆیی تەشکیلاتی لە حیزبی توودەو هەروەها پێکهێنانی ناسنامەیەکی نویو سەردەمیانە بۆ حیزبی دێموکرات، ئەرکێک بوو کە قاسملوو وەک یەکەم هەنگاوەکانی رێبەری خۆی هەڵگرت و نیشانی دا ئەو رێبەرێکە کە "گۆڕانی ناموممکینەکان بۆ ئەو موممکینە" و ئەو نەتەنیا بەرێوەبەر بەڵکوو "رێبەر"ێک بوو بە واتای تەواوی وشە.

جیاوازی نێوان رێبەر و بەرێوەبەر دەتوانرێ لەو وتەیەی جەک وێلش دا ببیندرێت کە دەڵێت: **"بەرێوەبەران (مدیر) لە**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**گۆڕانکاری دەترسن – و پارێزەری وەزعی مەوجوودن و ڕاگرتنی وەزعی مەوجوود بە گەورەترین سەرکەوتن دەزانن – بەڵام ڕێبەران هێزی گۆڕانکاریان هەیە و بۆ ڕێنوێنی کەسانی ژێر ڕێبەریان و نیشاندانی ڕێگای نوێ هەمیشە ئامادەن."**
مرۆڤێک کە بیهەوێ ڕێبەری کۆمەڵگا یان حیزبێک بکات دەشێ لە چوار بواردا خۆی پێبگەیەنێت: پێوەندیەکان، تەداروکات، جۆری ڕوانینو ڕێبەری.

قاسملوو لەو چوار بوارەدا خۆی پێی گەیاند، کاری کردو لە هەرکام لەو بوارانەدا کارنامەی ئەو بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی خەباتو کەرەسەکانی خەباتی نەتەوەی کورد هەتا ئەمرۆشی لە گەل بێت، زێرینەو کەسێکی دەگمەنە لە ناو جڤاکی کورد دا. قاسملوو لە پێوەندییەکانی خۆیدا چ، پێوەندی مرۆڤانە لەگەڵ هاوسەنگەرانو هاوڕێیانی، چ لەگەڵ خەڵکی ئاساییو ناوەندە ئاکادێمیو زانستیو دیپلۆماسییەکاندا یەکێک لەوان بوو و دەیتوانی خۆی بە پێی هەلومەرجو شوێنی هەڵکەوتی بگونجێنێتو لە ناو کۆمەڵگایەکدا کە دەژی ڕێبەریان بکات.

ئەوانەی کە پێشمەرگەی سەردەمی شەڕی چەکداری بوون، لەوانەیە چاک لەبیریان بێت، کاتێک بنکەکانی ڕێبەری حدکا بۆ قەندیل دەگوێزرانەوەو بنکەکانی دەفتەری سیاسی، زانکۆی حدکاو فێرگەی سیاسی نیزامیو هەروەها شوێنی ژیانو حەوانەوەی بنەماڵەکانی حیزبی دادەمەزران، قاسملووی ڕێبەر، چەندە ئاگای لەوەبوو کە هەر شتێک لە شوێنی خۆی بێتو بە شێوەیەکی هاوگونج لەگەڵ ژیانی سەردەمو وێنەیەک لە ژیانی تەناهی (مرفە) بۆ بنەماڵەکانو خەباتکارانی حیزب پێک بێنێتو هەروەها هەموو لایەنەکانی ئەمنیەتی، ئاسایشی کارو خۆشگوزەرانی ژیانی پێشمەرگەکان وەدی بهێندرێت. ئەوکات زۆر لە توندرەوەکانی چەپی کۆنباوی سەردەم، قاسملوو و حیزبەکەیان بە بورژوازیو "ویلا نشین" تاوانبار دەکرد، بە بێ‌ئەوەی بزانن قاسملوو ئەو ژیانە دەژیت، کە ئاواتی بۆ دەخوازێت و گوند و بنکەکانی حیزبی بە شێوەیەکی دامەزراندووە کە لانی کەمی ژیانی تەناهی تێدا بۆ خەلک پێک بێتو کۆمەڵگایەکی وێنەیی دامەزرێت.

لە سەردەمێک کە کۆمەڵگا قوربانی شەڕی ئادیۆلۆژیەکانی چەپو ڕاستو ئیسلامی توندرەوە، دۆزینەوەی هێڵێکی ناوەڕاست کە لەلایەک بتوانێت نرخو بەهای هاوبەشی ئامانجە نەتەوایەتیەکان بێتو لەلایەکی دیکەوە وەڵامی پرسیارەکانی پێوەندیە چینایەتیو ئابووریەکان، چۆنیەتی دابەشکردنی سەرمایەکانی نەتەوەییو کۆمەڵایەتی بێتو هەروەها ئامانجی یەکسانی کۆمەڵایەتی نێوان پێکهێنەرانی کۆمەڵگا بێت، پێویستی بە ژیریەکی سیاسی تایبەت هەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ڕێبەری قاسملوودا بوو کە توانی بە شی کردنەوەیەکی پێشکەوتوانەو خەڵک پەسەندی ڕوانینی سیاسی خۆی، ببێتە مەکۆی یەکگرتووی زۆربەی هەرە زۆری ویستی خەلکی کوردو لە ناو حیزبی دێموکراتدا سێکۆلار، ئایینی، خواپەرەستو کەسانێک کە بڕوایان بە هیچ ئایینێکی ئاسمانیشەوە نیە پێکەوە لە پێناو ئامانجێکی گەورەتر خەبات بکەن.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گرینگتر لە هەموو ئەوانەی سەرەوە ئاماژە پێکران، هونەری ڕێبەری قاسملوو بوو، کە توانی سێ تایبەتمەندی پێشوو پێکەوە گرێ بداتو تەواویەتێکی هاوگونج ساز بکات. هونەری قاسملوو لەوەدا بوو کە ویستی گەورەی خەڵک لە چوارچێوەی ئەدەبیاتێکی سادەو ساکاری سەردەم بە شێوەیەک کە جووتیارێکی نەخوێندەوار، بازاریەکی شار نشین و کەسێکی ئاکادێمی وشەکانی بە ئاواتەکانی خۆی بزانێتو بە حەزو ویستەوە گوێی لێبگرێت.

هەرکام لە ئێمە مرۆڤەکان، لە درێژەی ژیانی خۆماندا شوێندانەرین بە سەر هەزاران کەسی دیکە. گرنگ ئەوە نیە کە ئێمە لەسەر کەسانی دیکە شوێندانەرین یا نە، گرنگ چۆنیەتی شوێندانانە. یەکێک لە ئامانجەکانی قاسملوو لە بەهێز کردنی توانایی ڕێبەریو هەوڵدان بۆ گەشە سەندنی ریبەری بەکۆمەڵ، توانا بەخشین بە ئاستی ڕێبەری گشتیو تواناییەکانی ڕێبەرایەتی حدکا بوو. ئەو پێی وابوو گەر بمانهەوێ جوڵانەوەیەکی بە هیزمان هەبێت، گەر بمانهەوێت لە خەباتی خۆماندا سەرکەوتوو بینو گەر بمانهەوێت ببینە هێزی گۆڕان لە کۆمەڵگادا دەبێ ئاستی ڕێبەری خۆمان بەرز بکەینەوەو لەو پێناوەدا لە ماوەی کورتی ڕێبەری خۆیدا، هەوڵێکی بێوەستانیدا بۆ پەروەردەی ڕێبەرانی داهاتوو. بۆ ئەوەی کە "ئەگەر ڕۆژێک ئەندام یان چەند ئەندامی ڕێبەری حیزبیش نەمێنن، حیزبی دێموکرات هەروا بتوانێت ڕێبەری جووڵانەوەی میللی – دێموکراتیک بمێنێتەوە".

توانایی ڕێبەری وەک سەرپۆشێکە کە ئاستی شوێندانەری هەرکەسێک دیاری دەکات. هەرچی توانایی ڕێبەریک کەمتر بێت، سەرپۆشێک کە لەسەر شیان (ظرفیت)ی ئەوهەیە نزمترەو هەچی توانایی ڕێبەرێک بەرز بێت، کاراییو شوێندانەری زیاترو قووڵترە. شیانی ڕێبەر چ بمانهەوێ چ نەمانهەوێ ئاستی کارایی ئێمەو کارکردی لەسەر توانایی گشتی ڕێکخراو شوێندانەرە. سەرکەوتنو پێشکەوتن هەڵێکن کە هەموو کەس بۆی هەیە دەستی پێڕا بگات. بەڵام بازنەی سەرکەوتن لە ژیانی ڕێکخراوەییدا بەبێ ڕێبەرێکی تواناو شیاو سنووردارە. لە نەبوونی ڕێبەرێکی بەتواناداییە کە شوێندانەریو ئاستی نفووزی ئێمە کەم دەبێتەوە. قاسملوو ڕێبەرێک بوو کە ئاگادار بەو پرسە بوو و دەیزانی گەر بمانهەوێ لە ژیانی سیاسی خۆماندا سەرکەوتوو بین، دەشێ لە کاری ڕێبەری دا بەتوانا بین، گەر بمانەوێ شوێندانەرو ئاستی نفووزی سیاسیمان بەرینتر بێت، دەبێ نفووزی خۆمان زیاتر بکەینو ئەنجامی هەر کارێک گرێدراوە بە هەبوونی توانایی ڕێبەری خەڵکانی دیکە. لەو ڕووەشە بوو لە ماوەی ژیانی خۆیدا هەوڵێکی بە پەلەی دەدا لە پەروەردەی ڕێبەرانی تازە بۆ جووڵانەوە سازکردنی گەڕی ڕێبەری لە ناو نوخبەکانی سەردەمی خۆیدا.

شیانی ڕێبەری هەرگاڤ شوێنی سەرپۆشی کارایی ڕێکخراو و تاکەکەس دیاری دەکات. گەر ئاستی توانایی ڕێبەر بەرز بێت،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرپۆشی ڕێکخراویش بەرزەو گەر ڕێبەر یان ڕێبەری توانایی نەبێت، دەستو پێی ڕێکخراوەکەش دەبەستێتەوە. بۆیە ڕێکخراوەکان لەکاتی سەرهەڵدانی تەنگەژەو قەیراندا بە شێوەیەکی سروشتی دوای ڕێبەرانی نوێ دەگەڕێن. کاتێک حیزبێک تووشێ هەڵبەزو دابەزی زۆر دەبێت، گۆڕینی ڕێبەرایەتی ویستێکی سروشتیو نووژەنکردنی ئەو پێویستییەکی بنگەهینە. هەرچۆنێک کە گەر لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا سەرۆک کۆمارێک نەتوانێت وڵاتێک لە قەیران دەرباز بکات، سەرۆکی نوێ هەڵدەبژێردرێتو لە وڵاتانی تۆتالیتەردا شۆرش پێک دێت بۆ گۆڕانی بنەڕەتی سیستەمی بەڕێوەبەری حاکم.

بەرز کردنەوەی ئاستی سەرپۆشی ڕێبەری تەنیا ڕێگای پێشکەوتنی حیزبو ڕێکخراوەکان نیە. بە بێ بەرزکردنی ئاستی گشتی ڕێکخراو و هێزی بڕوا بەخۆو توانایی گشتی ڕێکخراو لەهەموو ئاستەکانی خۆیدا، ڕێبەریەکی بەهێز دەبێتە دورگەیەکی تەنیا لە ناو دەریایەک لە شەپۆلی بەرامبەر بەیەک. بۆیە قاسملوو وێرای هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕێبەری حیزبو پەروەردەی کادیرو ڕێبەرانی داهاتوو بنیاتی پەروەردەی گشتیو سەرانسەری لە ناو حدکادا دامەزراند، کە ئەمڕۆش بەداخەوە بە گۆڕانێکی زۆر کەم درێژەی هەیە.

ڕێبەرانی ڕاستی ئەو کەسانەن کە بتوانن هێزێکی گشتی جووڵانو دینامیکی پێشکەوتن لە ناو ڕێکخراوەکانیانو خەلک پێک بێنن. ئەمڕۆ یەکێک لە گرنگترین لێگەڕو چالشەکانی بەردەم ڕێبەرایەتی حدکا دا ئەوەیە کە:

ئاستی توانایی، پەروەردەو چۆنیەتیو کوالیتەی (کیفیت) کادرەکانی خۆی لە هەموو ئاستەکانی ژیانی حیزبیدا بەرز بکەنەوەو خۆیان لە ڕێبەری مرەخەس بکەن. بەو واتایە کە نەوەیەک پەروەردە بکەن کە بتوانن بەبێ ئەوانیش ڕێبەری میراتەکانیان بکەن.


جێبەجێ کردنی ئەو پێویستیانە بە ئاستی مشووری ڕێبەرانی ئەمڕۆی حیزبی دێموکراتو ویستی ئەوەی کە ئەوانیش وەک ڕێبوارانی قاسملوو دەیانهەوێ چ میراتێک دوای خۆیان بەجێ بێلن گرێدراوە.

١١ی جووڵای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## هونەری ڕێبەریی بەها و بایەخەکان لە روانگەی کەسایەتی قاسملوویەوە.



**مرۆڤ لە ناخی خۆیدا هەست بە گرنگی بایەخ و بەهاکان دەکات. شیکردنەوەی وردی بایەخەکان کارێکی ئەستەمە.**

بایەخ بابەتێکە کە بە زەحمەت بتوانرێت بە شێوەی کۆکنرێت و دیاری کراو شرۆڤە بکرێت. مژاری وا کەرەسەی بیرکردنەوەن. کەوابوو بیری کراوە پێویستی بە روونکردنەوەی مژارەکان دەکات. بۆ ئەوەی نەتەوەیەک ساز بکرێت، پێویستمان بە پێکهێنانی بە مژارە هاوبەشەکانە.

بەهاکان، کۆدەکانی مانیفیستی ئەخلاقی ڕێکخراوەن. بایەخەکان نیشان دەدەن کە ڕێکخراو باوەڕی بە چیە. دیاری کردنی بایەخەکان دەبێتە هۆی بەرز بوونەوەی ئاوات و خۆزگە و چاوەڕوانیەکان. گەر پێشڤەچوونێک لە پێناو گەیشتن بە بایەخەکان نەبێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەندامانی ڕێکخراو سستی بکەن و خۆیان لە ڕێکخراو و ناوەندی بڕیاردان دوور بزانن. ڕێبەریی بایەخەکان لە بڵاوکردنەوە و وەشانی ناو ڕێکخراوەدا دەست پێ دەکات. ڕێبەر دەبێ بتوانێت بنەماکانی بەهاکان بناسێت، پێویستی ئەوان هەست بکات و لە پێویستی و گرنگی بایەخ و بەهاکان بگات.  قاسملوو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیە، لە هەوڵی پێکهێنانی ناسنامە و بەها و کۆدەکانی هاوبەشی دێموکرات بوو، بۆ ئەوەی ئەندام بوون لە حیزبی دێموکرات دا هەڵگری پەیامێکی "ئەرزشی" بێت و هەمیش دێموکرات بوون ببێتە بەهایەکی گرنگ لە خەباتی نەتەوایەتیدا. وتەی قاسملوو کە دێموکرات شۆرشگێرە و پێشمەرگە شۆرشگێریکی دێموکراتە لەو روانگەیەوە دەشێ ببیندرێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێبەر لە ڕێکخراودا دوو ئەرکی لە سەر شانە: یەکەم دەبێ هەلی پێشکەوتن و سەرکەوتن بۆ ڕێکخراو پێک بێنێت. دووەم ئەوەی کە دەبێ بەجۆرێک ڕێبەری ڕێکخراو بکات، کە بتوانێت لە هەلەکان کەڵک وەرگرێت بۆ بە ئامانج گەیشتن. بەشی یەکەم بە گشتی "ستراتێژی" ناو دەبردرێت و ئەرکی دووەم پێی دەوترێت "ئەرکەکانی ئۆپێراتیڤ".

بەڕێوەبەری بایەخەکان بە واتای دیاری کردنی ناوەڕۆکی ئەوانە واتە شی کردنەوەی ئاسۆی ڕێکخراو، بەڕێوەبەری ئامانجە کولتووریەکانی ڕێکخراوە (ئاستی ستراتێژی)، وزە دان بە ئاستی ئۆپەراتیڤی ڕێکخراوە و جێگرکردنی بەهاکان لە ئاستی کردەوە دا و هەروەها بەنۆرم کردنی بەهاکانە. بەهاکان هەروەها پرسێکی ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنین. بە هۆی ئەوەی کە بایەخەکان بۆ تاکی مرۆڤ گرنگن. واتاکان پێوەندیان بە هەستی تاکەکەسەکانەوە هەیە. بایەخەکان وەک ژێنی مرۆڤ ڤان کە زۆرجار دەبنە هۆی ڕێنوێنی مرۆڤ بەبێ ئەوەی کە کەسەکە هەست پێ بکات یان بە زانینەوە بڕیاریان لە سەربدات.
ئەو کەسەی کە ڕێبەری بەهاکان دەکات، ناچارە پێداچوونەوە بە کردار و شێوەی ڕێبەری خۆی بکات. بە پێچەوانەی ڕێبەرانی نەریتی ڕێبەری بەهاکان، شێوازی ڕێبەریەکەی شێوازی ڕێبەری بە کۆمەڵە. ڕێبەری بەهاکان، ڕێبەرێکی خۆ ناوەند بین نیە و ڕێبەری دەکاتە پردێک بۆ پێکهێنانی هەست و باوەڕی هاوبەش. لە میتینگی گەورەی مەهاباد، کە لەودا چالاکی ئاشکرای حدکا ڕاگەیاندرا، دکتور قاسملوو لە میتینگەکەدا، لە وەڵامی "بژی قاسملوو"ی خەڵک دا داوا دەکات کە ناوی ئەو نەهێنن و دروشمی "بژی دێموکرات بدەن". ئەو هەروەها بۆ ئەوەی تاکپەرەستی هەروەک لە پێرەوی ناوخۆی حدکادا هاتووە، بە مەحکووم دەزانێت، داوا دەکات کە وێنەکانی لە بنکەکان و نووسینگەکانی حیزبی نەدرێت. ئەم نەریتە ئەمڕۆشی لە گەڵ بێت، لە ناو بنەماڵەی دێموکرات دا – هەرچەند بە لاوازیش بێت – بەرێوە دەچێت و کولتووری تاکپەرەستی و گەشە سەندنی دیکتاتۆری لە ناو حیزبی دێموکرات دا نەیتوانیوە جێگای خۆی بکاتەوەو دەسەڵات و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات ببێتە شتێکی بنەماڵەیی و میراتی.

بەڕێوەبەری بایەخەکان، شتێکی جیاواز لە بەڕێوەبەری ڕێکخراو و دیاردەیەکی جیاواز لە خودی ڕێکخراو نیە. بەڕێوەبەری بەهاکان پێوەندی هەیە بە هەموو ڕێکخراوەکە و شێوازی ڕێبەری، ژینگەی ڕێکخراوە، کولتووری هەڵسوکەوتی ناوخۆیی و رووبەدەرەوەیی ڕێکخراوە و هەڵبژاردەکانی، ئامانج و تاکتیکەکانی ڕێکخراو لە خۆی دەگرێتەوە. بەڕێوەبەری بایەخەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێبەران بە دڵ و گیانەوە ئەرکی ڕێبەری جێبەجێ بکەن و کردار و وتەیان هاوساز بن. ئەو دەبێتە هۆی گرێدراوەیی ودەروەست بوون بە ڕێکخراوەو هەرگاڤ لە کاتی گۆرانکاریەکانی ڕێکخراوەییدا بەرەورووی لێگەرو چالش دەبێتەوە. ڕێبەری بایەخاکن دەبێتە هۆی گۆڕانی کولتووری بەڕێوەبەری، گەشەکردنی ئاستی ڕێبەران و بەرپرسان و پێکهاتنی شێوازە نوێەکان.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کەمتر کەسێک هەیە لە دەیەی هەشتای زایینی دا، پێشمەرگەی دێموکرات بوویێت و دە سیمای دێموکراتی نەخوێندبێتەوە یا خود لە دیواری بنکە و مقەرەکان نەبینی بێت. ئەو دە تایبەتمەندیە کە بە سیمای دێموکرات ناسراون، کۆدی ئەخلاقی و بایەخەکانی دێموکرات بوون، کە تا ئەمڕۆشی لە گەڵ بێت، بەهای گرنگ و جێی سەرنجن. قاسملوو وەک داهێنەری ئەو بنەما ئەخلاقی و تابلۆی ئێتیکی و ئەخلاقی لە ناو دێموکرات و بزاڤی نەتەوایەتیەدا، ئەو بنەمایانە هاوکات لە گەڵ گەشەسەندنی ڕێبەری بەهاکان لە ولاتانی ژاپۆن و ئورووپا بەرەو کوردستان هێناو بەو شێوەیە دەیهەویست ئاسەواری چاکی بەجیهانی بوون و خۆ ڕێکخستن لە ناو بزاڤی کورد دا گەشە پێ بدات. ئەمرۆ بەداخەوە ئاسەوارێکی زۆر لە سیمای دێموکرات بە شێوەی چالاک دیار نیە و سەرەرای ئاڵوگۆری زۆری کۆمەڵایەتی، هاتنە کایەی نەوەیەکی نوێ و گەشەکردنی گشتی کۆمەڵگا، دە سیمای دێموکرات تەنیا جاروبار ئاماژەی پێدەکرێت و هەوڵ بۆ دەوڵەمەندتر کردن و قووڵتر کردنی دەدرێت.

لێکۆلینەوەکانی زانستی ڕێبەری دەسەلمێنن کە زۆر لە تایبەتمەندیەکان لە هەموو باروودۆخێکدا بۆ ڕێبەر و ڕێبەری گرنگن. یەکەم ئەوە کە ڕێبەر دەبێ جێ بڕوابێت. دەبێ وەک قسەکانی خۆی بژیت. ڕێبەری تەنیا هەڵسوکەوتی فەرمی و فەرماندان نیە. ڕێبەری جۆری بوونی مرۆڤە. ڕێبەری ڕاستگۆ تەنیا ئەو شتەی کە ڕاستە دەدوێت و مرۆڤەکان کاتێک بڕوا بە ڕێبەر دەکەن کە وتەکانی بە وتەی دکتۆر سەعید شەرەفکەندی جێگری بەهەقی دکتۆر قاسملوو "شکڵێکی ماددی و دەستگر بە خۆیەوە بگرێت."

تایبەتمەندیەکی دیکە کە لێکۆلینەوەکان دەسەلمێننن دەبێ ڕێبەر هەبێ ئەوە کە بزانێ هێزی ژێر ڕێبەری خۆی بەرەو کوێ ڕێبەری دەکات. ئەوەکە "واقع بین بین"، "چاوەڕێ بین با بزانین چی دەبێت"، "هەڵوێستی خۆمان دوای ڕووداوەکان دەربڕین"، "سەرمایەگوزاری لە سەر کەسانێک کە دڵنیا نیت، بۆ حیزب دەبنە مال (بخوێنە دەبنە دەروێشی خۆت) چاک نیە" ... و زاراوەگەلێکی دیکە کە بەداخەوە لە مووددەعیانی جێنشینی دکتۆر قاسملوو دەبیسترێت، ڕێبەری نیە بەڵکوو دێماگۆژی و بەفێڕوودانی هێز وتوانای حیزب و گەلە. سێهەمین تایبەتمەندی دیکەی ڕێبەریی بایەخەکان ئەوەیە کە ئەو دەزانێت چی دەکات. بەرلەوەی کە بمانهەوێ سواری پاسێک بین، دەمانهەوێ دڵنیابین لەوەی کە شۆفێرەکە کەسێکی جێی بڕوا، شارەزا، تەندوروستە و مادەی هۆشبەر یان ئەلکۆهۆلی بەکار نەهێناوە. جیا لەوە دەمانهەوێ بزانیک پاسەکە بەرەو کوێ دەبات. داخوا شارەزای ڕێ و شوێنی لێخوڕێن بەتایبەت لە جادە شاخاویەکانی کوردستاندایە یان نە. قاسملوو خاوەنی ئەو سێ تایبەتمەندیە گرنگە بوو و بۆیەش گرنگی میراتی هزری و شێوازی ڕێبەری ئەو هەرچی لە مێژووی تیرۆری ئەو دوور دەکەوینەوە، زیاتر دەردەکەوێت و "بێ قاسملوویی" زیاتر هەست پێ دەکرێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

ڕێبەرێک بیهەوێ ڕێکخراوەکەی بەرەو داهاتوو ڕێبەری بکات، دەبێ خۆی بۆ ڕێبەری کولتووریو چاندی ئامادە بکات. بۆ ئەوەی بتوانین بەو ئامانجە بگەین دەبێ زاراوەی "کولتوورو چاند" لە ناو ڕێکخراودا جێ بگرێت و لە مەیدانی کردەوەدا خۆی نیشان بدات. چاند یان کولتووری ڕێکخراوەیی چۆنیەتی هەڵسوکەوتە، شێوەی کارو چالاکی ئەندامانی ڕێکخراوە و ئەندامان لەو کولتوورەدا خۆیان لە ناو بنەماڵەی خۆیان هەست پێ دەکەن. لە سەردەمی ڕێبەری قاسملوودا بەشێکی زۆر لە باسەکانی پێوەندیدار بە کولتووری ڕێکخراوەیی ڕێنیشاندەر و ئایدیالی ڕێکخراوەیی و کۆمەڵایەتی دەبیندران. ئەمرۆ کێشەی ڕێبەری لە ناو حدکادا لەوەدایە کە بنەماکانی بایەخەکانی جێی باوەڕی ئەندامانی بنەماڵەی دێموکرات و شێوەی هەڵسوکەوتی ڕێبەران لە دژایەتی لە گەڵ یەکتردان و حیزبی دێموکرات لە ناو قەیرانی کولتووری دا دەژیت. قەیران بەو واتایەیە کە زۆر شتی پێوەندیدار بە ژیانی ڕێکخراوەیی کۆن بوون و پێویستیان بە گۆران هەیە. ئامانج لە ڕێبەری ئەوە کە ڕێکخراو گۆرانکاری بەسەردابێت بەرلەوەی کە "ناچار" بە گۆرانکاری بکرێین.


بیست و پێنج ساڵ دوای تیرۆری دکتۆر قاسملوو و هاوڕێیانی، ئەمرۆ لە هەمووکات زیاتر حیزبی دێموکرات پێویستی بە گفتگۆی دۆزینەوە، کۆنکرێت کردن و شی کردنەوەی بنە بەها و بایەخەکانی خۆی هەیە. لە نەبوونی بەها هاوبەشەکان یان بە وتەیەکی روونتر لە قەیرانی بایەخەکاندایە کە حیزبی دێموکرات تووشی لێکدابڕان، پەراوێزخران و پەراوێز کەوتنی ئەندامان، لایەنگران و چالاکانی خۆی بووە. لە گفتگۆی پێوەنیدار بە بایەخەکاندا دەبێ بەردی بناغەی بەها هاوبەشەکان بە شێوەیەک دابرێژرێن کە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگا خۆی تێیدا ببیننەوە و بە بەهای هاوبەشی خۆیان بزانن. کۆمەڵگا لە دەوری بەها هاوبەشەکاندا کۆ دەبێتەوە. بۆیە دەشێ جیا لە بەها تایبەتیەکان، بەها هاوبەشەکان بدۆزرێنەوە و بەهێز بکرێن. ئەمرۆ جێی خۆیەتی بزانین داخوا ئەو کەشەی بە سەر ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا حاکمە، پرسی بایەخ و بەهاکانە یا خود نەریتێکی بەرژەوەندی خوازانەی کەسانێکە کە وشەی "گۆڕان" بۆیان ترسناکترین دیاردەیە؟

۱۸ی جووڵای ۲۰۱٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## قاسملوو رێبەرێک بۆ پێگەیاندن



لە مێژووی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستاندا رێبەرانی زۆر دێن و دەڕۆن. لە ناو ئەو رێبەرانەدا نموونەی زۆرمان بەدەستەوە نیە کە توانیوبێتان لەو هەلومەرجە سەختانەی خەباتی رزگاری خوازانەدا رێکخراوی خۆیان بە شێوەیەک پێگەیاندنبێت کە بۆماوەی درێژ سەرکەوتوو و جێی هیوای زۆربەی خەڵک بن. بەڵام قاسملوو بەو شێوەیە لە کاری خۆیدا سەرکەوتوو بوو.

بە خوێندنەوەی شێوە و مێتۆدی رێبەری قاسملوو بۆمان دەردەکەوێت فەلسەفەی رێبەری ئەو لەسەر بنەمای بارهێنانی رێبەری پێگەیشتوو دامەزراندنی کاری تیمیو بەکۆمەڵ بووە کە ئەمرۆش سەرەرای هەموو کەندوکۆسپەکانی سەر رێگای خەباتو هەموو ئەو رەخنانەی کە لە سەر رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات هەن، بە میراتگری لە قاسملوو و ناوی قاسملوو حیزبەکەیان رێبەری دەکەن.

ئەمرۆ لە هەلومەرجی سەرهەڵدانی هەرچی زیاتری پلۆرالیزمی سیاسی - کۆمەڵایەتی لە کوردستان، هیچ گارانتیەک نیە کە حیزبی دێموکرات هەروا جێی متمانەو سەرنج خەڵک بمێنێتەوە. کەسانو رێکخراوی دیکە هەن کە لەوانەیە جێی پێیان لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا بەرفراوانتر لە نفووزی ئیستای حدکا بکەنەوە. لە ژێر گوشاردایە کە مرۆڤ هەوڵ دەدات باشترین راندمانی هەبێتو بۆیە هیچکات لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا وەک ئێستا پێویستی بە رێبەرانی کاریگەر نیە. لە ژیاندا


https://serchawe.com

هەرکەس لە ئێمە بە شێوەیەک ڕۆڵی ڕێبەری دەگێرێت، بۆیە فێربوونی شێوازی قاسملوو فێربوونی مێتۆدی ژیانی ئەو وەک مرۆڤێک دەتوانێت یاریدەرمان بێت لە بەرەوپێشبردنی خەبات و گەشە سەندنی کەسایەتی خەباتگێردا.

قاسملوو لە شێوەی خەباتی خۆیدا رەساڵەتێکی تایبەت هەڵبژاردبوو. بۆیە ئەگەر لە هاوڕێیان، هاوکارانو تەنانەت رکەبەرانی قاسملووش پرسیار بکرێت، وەڵامی هەموویان ئەوە دەبێت: کە ئەو لە پێناو ئامانجەکەیدا خۆی کردە قوربانی. ئەوەی کە قاسملووی لە هاوسەنگەرانو قوتابیانی خۆی جیادەکردەوە بڕوای قووڵی بە بایەخو نرخەکانی هەڵبژێردراوی خۆیو ئاسۆیەک بوو کە لە ناو حیزبەکەیدا وێنا کردبوو. ئەو ڕێبەرانەی کە بڕوایان بە ڕێبازیان هەیە، گرێدراوەترو دەروەستن بە ئامانجەکانیانو وێنەی گەورەیان لە پێش چاوە کاتی داڕشتنی پلانی کاریان. کێشەی زۆر لە ڕێبەران ئەوەیە کە بۆخۆیان رەساڵەتێکی تایبەتیان هەڵنەبژاردووە. ڕێبەر واتە جووڵاندنەوەی ڕێبواران بۆ یەک ئامانج - بۆ ڕێگایەکی روون.

بۆ ئەوەی خەونێک وەدی بێت، پێویست بە باوەڕێکی قووڵ و ئیمان بەو باوەڕانە دەکات کە ڕووناکیدەری ڕێگەی جۆلانەوەن. کەسێک کە لە دوورەوە تەماشاچی تیمێکی سەرکەوتوو بێت، لەوانەیە پێی وابێت کە لەوانەیە رەزمی سەرکەوتنی ئەوانە بوونی هەندێک کتێبی ڕێنوێی، کارمەندی شارەزاوە گرێدراوە. بەبێ ئەوەی کە ئەو شتانەی سەرەوە ئاماژە پێکران کەم رەنگ بکرێنەوە، بوونی ڕێبەرو ڕێنوێنێکی بەهێز کە بتوانێت وزەی پێکەوەبوون و بڕوابەخۆبوون لە ناو ئەواندا گەشە پێبدات، سەرکەوتنی ئەو تیمەکارە بۆ درێژخایەن مسۆگەر نابێت. ئەوەی کە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی ڕێکخستنێک تەنیا زانینو کارناسی نیە، باوەڕی قووڵ بە ڕێبازە. ئەوە باوەڕەکانن کە کارسازن، باوەڕەکانن کە بەرهەمهێنەرن. بڕوای ڕێبەران یەکجار زۆر گرنگە، چونکە ئەوانن کە پیادە دەبن و لەناو خەڵکدان.

کێک لە وانەکانی قاسملوو بۆ درێژەدەرانی ڕێگای ئەو مێتۆدی ڕێبەری بە ڕاهێنەرانەی ئەو بوو. ڕێبەری لەو جۆرە ڕێگای پێشکەوتن، سەرنجدانو کۆنسێنرێت (تمرکز) بۆ کارایی هێزەکان، ڕێنوێنی هەموو چالاکیەکانە بەرەو ئامانج. بەبێ نفووزی هەستیاری ڕاهێنەر، باشترینو بەهۆشترین کادرەکانیش سەرکەوتنێکی ئەوتۆ ناتوانن بەدەست بێنن. ویستی سەرکەوتن دەبێ لە کەسایەتی ڕێبەردا بەهێز بێتو وزەی ئەرێنی بە دەوروبەری ببەخشێت. گەر خوازیاری تەواویەت (کمال) نەبی ناتوانی باشتر لەوانی دیکە بی. دیاری کردنی ئامانجێکی روون و کشانی هێلەکانی پێگەیشتنو شرۆڤەکردنی رۆڵەکان، ئەرکی هەر ڕێبەرێکی بەمشوورو لێهاتووە.

ڕەنگە یەکێک لە بەرچاوترین رەخنە کە دەکرێ لە ڕێبەرانی ئەمرۆی حیزبی دێموکرات بگیرێت، ئەوەیە کە ئەوان پێیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وایە، ئامانجەکانی حیزب بۆ هەمووان ناسراوەو دوای بڕیارەکانی کۆنگرە یا خود کۆمیتەی ناوەندیو دەفتەری سیاسی پێویست بە شی کردنەوە نەبێتو بڕیارەکان بەو شێوەیەی کە هەیە دەشێ جێبەجێ بکرێن. هەڵەیەک کە بووتە هۆی پێکهاتنی مەودایەکی زۆر نێوانی ئەندامانو بڕیاربەدەستان. ڕێبەر دەبێ ئامانجەکانی بە جوانی بۆ هەموو کەس شی بکاتەوەو ئەندامان لە بڕیارەکە ئاگادار بکاتەوە. هەموو دانیشتنێک دوای بڕیاردان و باسکردن لە هۆو فەلسەفەی بڕیارەکان ئەندامان ئاگادارتر دەکاتو هەستی هاوبەش بەرز دەکات و دوای هەر کۆبوونەوەیەکی لەو چەشنە ئەندامان ئامادەترو بەورەترن بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان. دوکتور قاسملوو لە ماوەی ڕێبەری خۆیدا، سەرەرای هەلومەرجی ئەستەمی ئەو کات، هەمووجارێ ویستوویەتی هەم ئەندامانی ڕێبەریو هەمیش تەواویەتی کادرو پێشمەرگەکانی حیزب لە بڕیارەکانو پرۆسەی بڕیاردان ئاگادار بکاتەوەو ئاستەکانی خوارەوەی ئۆرگان بەشداری بکات لە رەوتی بڕیارداندا.

ئەوەی کە لە دەورانی ڕێبەری قاسملوودا بووبەهۆی سەرکەوتن و پێشقەچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەستی زۆر بۆ پێکهێنانی سیستەمی راهێنان و ئەو سیاسەتانەی بوو هاوتەریب بوو لە گەڵ بۆچوونی تەواویەتخوازی بۆ ئەوەی هەمیشە باشترین ئاڵترناتیڤی پێ بێت بۆ کۆمەڵگاو چارەسەری سیاسی. ئەگەر مرۆڤ بیهەوێ تەقە لە خاڵێک بکات، دەبێت ناوەراستی ئەوخاڵە بکاتە نیشانە. گەر مرۆڤ خاڵی ناوەراست نیشانە بگرێتو تیرەکە بە هەڵە بڕوات، دیسانیش لە ئامانجەکە کەوتووە. بەڵام ئەگەر هەموو ئامانجەکە نیشانە بگرێت، لەوانەیە تیرەکە بە هەڵە بڕوات. فەلسەفەی قاسملوو لە دیاری کردنی ئامانجی دوارۆژی حیزب، دروشمی ستراتێژی، قەوارەو دامودەزگاکانی حیزبی نیشانەکردنی ناوەراستی خاڵەکە و فۆکۆز کردن لەسەر ئەو ئامانجانە بوون کە بۆ حیزب ناسنامەخوڵقێنەر و بەهاکانی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا بە بایەخەکانی خۆی دەزانی. ئامانجی ئەو بەرەو دوارۆژ بوو.

مرۆڤی بێ ئاسۆ و چاوەڕوان، لە ناو دەچێت. لێگەر و چالشێک، کە ئەمرۆ ڕێبەرانی دێموکرات لە گەڵی بێ ئاسۆیی سیاسیو کۆمەڵایەتی بەهێزە کە بتوانێت قاسملوو ئاسا ڕەچەلەکشکێنو هەرلەوکاتەدا جێی سەرنجی کۆمەڵانی خەلک بێت. لەو سەردەمەدا دەبێ ڕێبەران بە ئاسۆبینینو بۆچوونی بەهێزەوە بن، دەنا لایەنگرانی خۆیان بەرەو هەڵدێری نسکۆ دەبەن. گەر جگە لە شانازیەکانی رابردوو شتێکیان بۆ بەرز کردنەوەی ورەی لایەنگرانیان لە کاتی تەنگانەدا بەدەستەوە نەبێت، بیروباوەڕی لایەنگران لە کاتی وادا ناتوانن لە بەرامبەر لێگەڕ و چالشەکاندا خۆڕاگری بکەن. قارەمانانی سەرەکی خەبات دەزانن کە لەرەوتی خەباتی درێژخایەندا زۆرجار ناچار دەبن شکست بخون، بەڵام ئەوان بە دەیانجار خەون و ئاواتەکانی خۆیان لە بەرچاوی خۆیان زیندوو کردۆتەوە بۆ ئەوەی بەبوونی ئەو بۆچوون و ئاسۆبەرزانە لە کۆسپەکان بەجێ بێلن و بەهێز بن بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

ئەمرۆ زۆر پێویستە ڕێبەرانی ئێمە بە بۆچوونەکانی خۆیداندا بچنەوە و ڕێگاکانی گەیشتن بە ئامانج بخەنە گفتگۆ و بەشێوەیەکی کۆلێکتیڤ نەخشە ڕێگای سەرکەوتن دابڕێژرێت. بە تێپەربوونی کات، گەیشتن بە سەرکەوتن یان لە نیوە ڕێگەدا بەجێ مان، گرێدراوە بەوەیە کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات چۆن دەتوانن بیروباوەڕی سیاسی خۆیان بکەنە هاندەرێکی بەهێزو یەکگرتووخوازانە بۆ ئەندامانو لایەنگرانیان. دوا قسە ئەوە کە گەڕانەوە بە دواوەو باسی سەرکەوتنەکانی قاسملوو کردن بەس نیە، دەبێ بۆخۆمان پلەکانی سەرکەوتن بپێوین و بزانین نە سەرکەوتن هەتا هەتاییە و نە شکست و دانپێنان بە سەرنەکەوتوویی و شکست مەرگهێنەر.

٢٢ی جوونی ٢٠١٤

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕێبەری ڕاستی، تواناکانی دەوروبەریان بە هێز دەکات



قاسملوو و پەروەردەی کادر

**پشتیوانەی هەر مرۆڤێکی بە توانا، کەسانی بەتوانای دیکەن کە نابینرێن (پەندی پێشینیان، چینی)**

جیهان لە سەر بنەمای یاسای ئانترۆپی یان لە ناوچوون دامەزراوە. مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە کە بە توانای خۆی دەتوانێت لە بەرامبەر ئەو دیاردەیە ڕادەوەستێتو لەناوچوونی خۆی کۆنترۆڵ دەکاتو ڕێگای ئاوەدانکردنەوەو سەرکەوتن بە سەر ئەو یاسایە بدۆزێتەوە.

جیهان بە دەستی ئەو مرۆڤانە ئاوەدان دەکرێت، کە ورەیان بەرزە، ئاواتەکانیان لە ئاسۆکانی دوور دەفڕنو مێشکەکانیان پەروەردەکراوەو دڵیان پرە لە خۆشەویستی ژیانو دەستی بەتواناو هەڵسووریان هەیە.

چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکە کە دەبێ کەندوکۆسپی زۆر لە ڕەوتی ژیانی خۆیدا ببینێت، کەسانی ژیر ئەو ڕێگا دوورە بەتەنیا نارۆنو هەوڵدەدەن هاورێی ڕێگا بۆ درێژەدان بە ڕێگای خۆیان بدۆزنەوە. ئەوان لە تواناییەکانی خۆیان کەڵک وەردەگرن بۆ یارمەتیدان بەوان و دۆزینەوەی تواناییەکانی هاوڕێیانیان. بۆ ئەوەی ئەوانیش بە توانا بنو ڕێگا سەربەرزانە بپێون. دوکتور قاسملوو ڕێبەرێک بوو لەو چەشنە. ئەو هەوڵیدا، خەباتی کرد بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەدا کەسانێک پەروەردە بن،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێبگەن‌و خەڵکانی دیکە پێ بگەیەنن.

قاسملوو هەروەک لە وتەکانی لە سمیناری باسێک لە سەر ڕێبەری‌و مودیریەت و کورتە مێژووی ڕێبەرایەتی حیزب لە بەهاری ۱۹۸۹دا چەند مانگ بەر لە شەهیدبوونیدا دەر دەکەوێت، کەسێک بوو کە ڕەمزی سەرکەوتنی لە بوونی بەڕێوەبەرانی بەهۆش‌و کۆ کردنەوەی تواناییەکان لە دەوری خۆیدا دەزانی. بە وتەی ماکیاوێلی: "یەکەم شێوازی بەراورد کردنی هۆشی ڕێبەر سەیرکردنی کەسانی دەوروبەری ئەو ڕێبەرەیە." بە بڕوای قاسملوو ڕێبەرانی گەورەو بەڕێوەبەرانی سەرکەوتوو لە توانایی‌و شارەزایی خەڵکانی دیکە ناترسن‌و هەست بە هەڕەشە ناکەن. بەڵکوو لەو بڕوایەدابوو لە جیهانێک کە دەبێت بە کەمترین دادە زۆرترین بەهرە وەرگری، دەبێ تیمی بە توانا پێک بێن.

ئەندرۆ کارنگی (Andrew Carnegie) بازرگان‌و یەکێک لە ڕێبەرانی ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی ئەمریکا لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا دەڵێت: "هەنگاوی گەورە لە پێناو گەشەپێکردن‌و بەرزبوونەوەی ئاستی کەسایەتی خۆت، زانینی ئەو ڕاستیەیە کە بە جیاتی کردەوەی تاک، بە یارمەتی کەسانی دیکە دەتوانی هەر ئەرکێک بە باشترین شێوە بە ئەنجام بگەیەنی". ناوبراو ئاواتی ئەو بوو لە سەر گۆڕی بنووسرێت: "لەو شوێنەدا کەسێک ئارامی گرتووە کە ئەوەندە بە مشوور بوو کە کەسانێک کە لە خۆی شارەزاتر بوون بۆ کار وەردەگرت". ئەسڵی "داڕشتنی پلان‌و بڕیاردان لە هەموو ئۆرگانەکانی حیزبیدا بە کۆمەڵەو تاکرەوی‌و سەرەڕۆیی لە ناو حیزب دا جێگەی نیە"، کە لە پێڕەوی ناوخۆی حدکا دا هاتووە لەو باوەڕەی قاسملووە سەرچاوە دەگرێت.

بە چاوخشاندنێک بە ڕەوشی سەرکەوتووترین ڕێکخراوەکان لە جیهان‌و ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستو تەنانەت ڕێکخراوە کوردستانیەکانیش بۆمان دەردەکەوێت کە سەرکەوتن کاتێک مسۆگەرە کە ڕێکخراو بەجیاتی پشت بەستن بە تاکە ڕێبەرێک، خاوەنی ڕێبەریەکی بەهێزو بەرفراوان بێت. سەرکەوتن هیچکاتێک لەنەکاو و بە شانس‌و بەخت نیە. سەرکەوتووترین ڕێکخراوەکان ئەو ڕێکخراوانەن کە ڕێبەرانیان لە توانایی‌و بەڕێوەبەریی کەسانی شارەزاو بەتوانا کەڵکیان وەرگرتبێت. بە وتەی فرێد مانسک جۆنیوۆر (Fred A. Manske) "باشترین ڕێبەر کەسێکە کە ئەوەندە پەرۆشی پەروەردەی کەسان بێت کە هەوڵ بدات، هاوکارانی لە بواری زانیاری و توانایی دا لەوی چاکتر بن". جۆن ماکسوێل (John maxwell) کە یەکێک لە بەناوبانگترین نووسەرو مامۆستای ڕێبەریە لەو پێوەندیەدا دەڵێت: "سەرکەوتنی ڕێبەر دەکرێت لە لانی زۆری بەهرەوەرگرتنی ئەو لە دەوروبەری پێناسە بکرێت".

لە شێوەی پەروەردە و هەڵسوکەوتی قاسملوو لە گەڵ هاوڕێیانی ئەو فەلسەفەیە بەروونی بەرچاو دەکەوت کە ژمارەی "یەک"



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بچووکتر لەوەیە کە لەبەرامبەر "زۆر"دا سەرکەوتوو بێت. بۆیە لە هەموو کردەوەیەکدا، چ لە ئاستی ڕێکخراوەیی‌و ئاستی ڕێبەری‌و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیدا هەوڵیداوە کەسانیکی شارەزا دەوروبەری خۆی کۆبکاتەوە، هانیان بدات بۆ پێگەیشتن‌و بوون بە ڕێبەرانی دوارۆژ.

ئەمرۆ بە هۆی هەلومەرجی داسەپاو بەسەر بزاڤی نەتەوایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستانداو ڤیرانی بڕواو ڕێبەری لە ناو حیزبەکانی کوردستانی بەتایبەت حیزبی دێموکراتدا، کاری بەکۆمەڵ‌و کەڵک وەرگرتن لە تواناییەکانی شارەزایان‌و پسپۆران سەرەرای بەرزبوونی ئاستی تێگەیشتوویی‌و پێگەیشتوویی‌و شارەزایی ئەندامانی کۆمەڵگا لە ئاستێکی زۆر نزم‌و لاوازی خۆیدایە. مێژوو، فەرهەنگ‌و دابونەریتەکانی کوردی دژی کاری بەکۆمەڵ نین. گلەیی هاواری زۆربەی شاعیران‌و نووسەرانی کورد لە نەبوونی یەکیەتی لە نێوان ریزەکانی کوردو ڕێبەرانیانەوەیە. سەرەرای هەموو ئەوانە لە مێژووی کوردو کوردستاندا کۆمەڵ‌و ڕێکخراو بە پێی هەلومەرجی سەردەمی خۆی جێگای تایبەتی هەیە. ئەوە گرووپێک لە کوردەکان بوون کە بەکەمترین کەرەسەو ئیمکاناتەوە بە ڕێبەری سمایل ئاغای سمکۆ، بەشێکی هەرەزۆری باکووری کوردستانیان رزگار کردو بۆ چەندین ساڵ حکوومەتێکی سەربەخۆیان دامەزراند. بەرهەمی کاری گرووپی بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ماوەی شەش مانگ دوای دامەزرانیدا بتوانێت کۆماری کوردستان دامەزرێنێت و بەرهەمی کاری گرووپی بوو کە حیزبی دێموکرات دوای پاشەکەشەی نزیک بە سی ساڵ، دیسان توانی لە سەرانسەری کوردستاندا ببێتە هێزی پێشرەو و لە ژێر ڕێبەری قاسملوودا بوو کە ئەو حیزبە بە هەڵبژاردنی دروشمی پێشکەوتنخوازانەو ناسنامەیەکی تایبەت بە حیزبی دێموکرات ببەخشرێت.

هەروەک لە پەندی پێشنینیانی چینی دا هاتووە: "پشتیوانەی هەر مرۆڤێکی بە توانا، کەسانی بەتوانای دیکەن کە نابینرێن"، لە راستیدا کاری بەکۆمەڵ هۆی سەرەکی سەرکەوتنەکانە.

بیستو پێنج ساڵ دوای نەمانی قاسملوو، ئەندامەتی لە دەستەی ڕێبەری حیزب بووتە بایەخو بەهاو بەهای ڕێبەری لە ئاستی گشتیدا دابەزیوە. چالشو لێگەرێک کە ئەمرۆ لە بەرامبەر ڕێبەریی حیزبی دێموکراتدا هەیە ئەوەیە کە چۆن بتوانرێت شوێنی ئەو بایەخانە بگۆرێتو بزانێت کە "پرسیاری سەرەکی لە بوونی گرووپەکاندا نیە، بەڵکوو پێوەندی بەوەیە هەیە کە ئەندامانی تیمی بەڕێوەبەری چۆن دەتوانن کاریگەرتر بنو بەشداری بکەن لە سەرکەوتنی گشتیدا." وەبیرهێنانەوەی ئەو راستیەش جێی خۆیەتی کە بە وتەی لیندون جانسۆن سەرۆک کۆماری کاتی وڵاتە یەکگرتووەکان "هیچ کێشەیەک نیە کە نەتوانین پێکەوە چارەسەر کەین، بەڵام زۆر کەمن ئەو کێشانەی کە بەتەنیایی‌و بە یەک کەس و لایەن جێبەجێ بکرێن.

٢٣ی جوونی ٢٠١٤



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## گۆڕینی کۆمەڵگا پێویست بە بیرکردنەوەی جیاواز دەکات



نووسەری ئەمریکی زیگ زیگلار (Zig Giglar) دەڵێت: "لانی زۆری بەهرە لە تواناییەکانی تۆ، وەک سەرکەوتنی تۆیە". لە روانگەی دکتۆر قاسملوویەوە سەرکەوتنی ڕێبەر واتا بەهرە وەرگرتنی لانی زۆری سوودمەندی هاوڕێیانی لە بەهرەکانی ئەو. بۆیە دکتۆر قاسملوو بۆ ئەوەی توانیبێت ئاستی زانیاری گشتی لە ناو ئەندامانی ڕێبەری دا زیاد بکات و لە لایەکی دیکەوە ئاستی بەشداری لە کاری ڕێبەریدا بەرفراوان بکات، هەوڵیدا بە دوو شێوەی ئاسۆیی و ئەستوۆنی ئەو کارە ئەنجام بدات:

لە لایەک بە جێگرکردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی لە پێڕەوی ناوخۆیی حیزبی دێموکرات دا ئاستی بڕیاردانی سیاسی لە بازنەی چەند کەسیەوە بۆ تیمێکی چەندیک نەسی بەرفراوان کرد و لەلایەکی دیکەوە هەوڵی دا ئەرکی ڕێبەری بکاتە کارێکی تیمیو ژمارەیەکی زۆر بەشداری بکات لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی و ڕێبەری کردنی جوڵانەوەدا و بە پێکهێنانی دەفتەری سیاسیش جێبەجێ کردنی بڕیارە سیاسیەکان و ئەرکەکانی سیاسی ئەسپێردراو بە شێوەی دام و دەزگا لە ناو حیزبدا "نەهادینە" بکات. لە گەڵ ئەمەش بۆ ئەوەی کە بازنەی ڕێبەری بازنەیەکی داخراو نەبێت، زانیاری و شارەزای پرۆسەی بڕیاردان بە شێوەی پرۆسەیەکی پەروەردەیی لە ناو حیزبدا جێ بگرێت،و هەروەها لە تواناییەکانی کەسانی دیکەش کەڵک وەرگیرێت، لە پێڕەوی ناوخۆی حیزب دا ڕاوێژکار یان موشاویری کۆمیتەی ناوەندیش دیاری کران، کە هەرچەند ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان لە بڕیاردان دا نەبوو، بەڵام ئاڵقەیەکی پێوەندی بەهێز بوون بۆ سوڕانی ئەزموون و شارەزایی ڕێبەری لە ناو کۆمەڵگایەک دا کە بە شێوەی نەریتی بار هاتبوو. لەو پێوەندیەدا ئاندرێ کارێنگی (Andrew



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

Carengie) وتەیەکی سەرنج ڕاکێشی هەیە کە دەڵێت: " دەمهەوێ لە سەر بەردی گڵکۆم بنووسرێت: لێرە کەسێک خەوتووە کە ئەوەندە بە مشوور و خەمخۆر بوو کە کەسانێکی بۆ کار وەردەگرت کە لە خۆی شارەزاتر و زاناتر بوون." ئاواتی بەرزی قاسملووی ڕێبەر ئاوابوو.

سی.جێن والکێس (C. Gene Wilkes) لە پەرتووکی مەسیح (Jessus on Leadership) لە ڕوانگەی ڕێبەرییەوە نیشان دەدات، کە هێزی ڕێبەری تەنیا پێوەندی بە جیهانی بازرگانی و سیستەمەکانی سیاسی ئەمڕۆیەوە نیە بەڵکوو خاوەنی مێژوویەکی دوورو درێژە. بە هەڵسەنگاندنێکی خێرا لە کردەوەکانی قاسملوو لە ماوەی نزیک بە بیست ساڵ سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران دا **دەتوانین بڵێین لە ڕوانگەی قاسملوویەوە:**

* تیمێک بریتیە لە کەسانێک، کە کۆی گشتی ئەو، سەرچاوەکان، بیرورا و تواناکانیان زیاتر لە یەک کەسە.

* تیم توانایی ڕێبەر زیاتر دەکات و کەموکۆڕیەکانی ئەو کەمتر دەکات. هێز و لاوازی لە کاری تاکە کەسی دا زیاتر بەرچاو دەکەوێت

* تیمەکان دیمەنگەلی جۆراوجۆر لە پێویستیەکان و ڕێگاکانی گەیشتن بە ئامانجەدیاری کراوەکان ڕوونتر نیشان دەدەن و دەبنە هۆی ئەوەی کە کەسان بتوانن هەلی هەڵبژاردنی زیاتریان هەبێت

* لە کاری تیمیدا هەموو لە سەرکەوتن و شکست خواردن دا بەشدارن. ئەمەش دەبێتە هۆی پەروەردەی ڕاستینی کەسەکان و ئەندامانی ڕێکخراو بە یەکتر نزیک دەکاتەوە.

* تیمەکان کە لە حیزبی دێموکرات دا بە ئۆرگانەکان ناسراون دەبنەهۆی ئەوەی کە ڕێبەران بەرپرسی کاروباری خۆیان بن.

* تیمەکان بە شێوەیەکی ئاسانتر لە تاکەکەس دەتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن

قاسملوو بەو بڕوایە بوو، گەر مرۆڤ بیهەوێ تواناییەکانی خۆی بەدەست بهێنێت و ئەو کارەی کە وەک "نامومکین" دەبیندرێت مومکین بکات، دەبێ لە ئۆرگانێکدا ڕێک بخرێت. بۆیە وەک مەرجی ئەندامەتی لە ناو حیزبی دێموکرات دا دەبێ هەرکەسێک لە ئۆرگانێک دا سازماندەری بکرێت ئەم مژارە لەوانەیە بۆ خوێنەر زۆر ئاسایی ببیندرێت، بەڵام ڕاستیە. یاکەکەس لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

كێبەركێ كایە دەكات، بەڵام ئەمە گرووپ و تیمەكانن كە دەبەنەوە.

دوای كارەساتی لە تیرۆری قاسملوو و دكتۆر سەعید بازنەی كۆمیتەی ناوەندی و هەڵبژاردنی راوێژكاری كۆمیتەی ناوەندی زۆرتر بە مەبەستی مسۆگەركردنی درێژەدانی ئەندامەتی ئەندامانی سەرەكی ڕێبەری بوو. كولتوورێک كە قاسملوو بۆ جێبەجێ كردنی دەسەڵات پێک هێنابوو بووە بە دێموكراسیەكی ئۆلیگارشی بۆ هەڵبژاردنەوەی دووبارەی بازنەی سەرەكی دەسەڵات. سەرەرای بوونی ئەو تایبەتمەندیانە لە ڕێبەری قاسملوودا بۆچی كەسانێک كە خۆیان بە قوتابی قاسملوو دەزانن زۆرجار تا ئاستی سێكتاریزم تاكرەوی دەكەن؟ بە بڕوای نووسەری ئەو دێرانە لەو پێوەندیەدا چەند هۆ هەن كە شرۆڤەكردنی ناوخۆیی و دەروون ڕێكخراوەیی دەتوانێت یاریدەر بێت بۆ تێپەڕبوون لەو كۆسپانە:

## ١- خۆپەسەندی (خۆ خوازی)

زۆر كەم كەس هەن، كە قبووڵ بكەن هەموو كارێک ناتوانرێ هەمووجارێ بە تەنیا لە لایەن كەسێكەوە ئەنجام بدرێت. پرسیار ئەوە نیە كە داخوا داخوا دەتوانی ئەو كارە بە تەنیایی ئەنجام بدەیت، بەڵكوو كێشەكە لەوەدایە كە كەی ئەندامانی ڕیبەری دەتوانن ئەو راستیە قەبووڵ بكەن كە ئەوان تاكە رزگاریدەری گەلی كورد نین و تەمەنی زۆر و ژیانی درێژی پێشمەرگایەتی وزەی داهێنان و تێگەیشتن لە سەدەی راگەیاندنی لەوان بڕیوە. ئاندرێ كارێنگی (Andrew Carengie) لەو پێوەندیەدا هۆشدارمان دەكاتەوە ڕێبەران ڕێنوێنی دەكات: " هەنگاوێكی گەورە لە پێناو گەشەسەندن و پێشكەوتنی ئێوە پێویستی بەو راستیە هەیە كە لە جیاتی ئەنجامدانی كاری تاكرەوانە، دەتوانن بە یارمەتی كەسانی دیكە ئەو ئەركە بە شێوەی جوانتر جێبەجێ بكەن."

بۆ ئەنجامدانی ئەركی گرنگی نەتەوایەتی و وەدیهێنانی یەكیەتی نەتەوایەتی پێویستە خۆخوازی و تاكرەوی و خۆ مێحوەر دیتن لابرێت ڕێبەری حیزب دەبێ هەوڵی جیددی بدات بۆ ئەوەی تەواویەتی بنەماڵەی دێموكرات یەک بگرێتەوە.

## ٢- ترس و هەست نەبوونی تەناهی

لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی رابردوودا زۆر لە ڕێبەرانی حیزب بە هۆی ترس لە هەڵەو شكست و نیگەرانی لە بوونی هەڕەشە نەیانتوانیوە حیزبی دێموكرات بەهێز بكەن و ئۆرگانەكانی جۆراوجۆری حیزبی لاوازتر لە پێشوو بوون. بۆیە نەیوانتوانیوە كادری زیاتر بۆ ڕێبەری چ لە ئاستی ئۆرگانەكاندا و چ لە ئاستی ڕێبەری سیاسی پەروەردە بكەن. لەوانەیە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ماکیاوێلی سیاسەتوانی سەدەی شانزدەهەم بۆیە ئەو ڕستەیەی وت بێت: "یەکەم شێواز بۆ ئاگاداری لە ئاستی هۆش و ژیری ڕێبەران ئەوە کە بزانین چ کەسانێک دەوروبەری ئەو کۆبوونەتەوە". لە کوردەواری خۆشماندا پەندێکی پێشینان دەڵێت: "گەر بتهەوێ کەسێک بناسی، پێشتر دۆستانی بناسە. "

ترس و هەستی نەبوونی تەناهی (امنیت) بەرلەوەی کە بەرهەمی لێکدانەوەی لاواز یا خود ئاستی نزمی تێگەیشتنی سیاسی - کۆمەڵایەتی بێت، بەرهەمی کۆبوونەوەی کەسانی لاواز و بەرژەوەندی پارێز لە دەوروبەری ڕێبەری دان. تەنیا ڕێبەرانی خۆڕاگر دەتوانن وزەی و هێزی ئەرێنی بە دەوروبەری خۆی ببەخشێت. بەواتایەکی دیکە ڕێبەرانی دوودڵ بە دوو هۆیەوە ناتوانن سەرکەون: یان دەیانهەوێ لە سەر هەموو شتێک کە بەرپرسایەتیان هەیە چاوەدێری بکەن یا خود ترسی ئەوەیان هەیە لە لایەن کەسانێک کە لەو شارەزاترن جێگایان لێ بگیرێت. هەر چۆنێک بێت، ئەو ڕێبەرانەی کە توانایی و لێهاتوویی ڕێکخراو بەکار بێنن هەوڵەکانی چالاکانی ناو ڕێکخراو لە ناو بەرن، ناتوانن حیزب و ڕێکخراوە بەرەو سەرکەوتن ڕێبەری بکەن.

دکتۆر قاسملوو بە پێچەوانەی ئەو جۆرە ڕێبەرانە بەو بڕوایە بوو کە: ئێمە نەتەنیا دەبێ هەموو هێزی فیکری خۆمان بەکار بەرین، بەڵکوو دەبێ لە هەموو تواناییەکانی دیکەش کەڵک وەرگرین بۆ ئەوەی بە بەرزترین ئاستی ڕێکخراوەیی و بەهرە لە هێزی مرۆڤی خۆمان بگەین."

## ٣- ساویلکەیی

یەکێک لە راوێژکارانی بەناوبانگی کۆشکی سپی جان گیگیان (John Ghegan) نووسراوەیەکی لەسەر مێزی کارەکەی دانابوو کە بریتی بوو لە: "گەر دەبوایە کارێک سەر لە نوێ ئەنجامی بدەم، لە یارمەتی کەسانی دیکە کەڵک وەردەگرم". ئەم نووسراوەیە ڕەوشی گرووپی سێهەم نیشان دەدات کە گرنگی بە سەرکەوتن نادەن و کاری ڕێکخراوەیی وبەرپرسایەتی بە جیددی نازانن. ئەوان لە ڕووی ساویلکەییەوە بڕوایان بە سەرکەوتن نیە بۆیە بەتەنیا دەست بە هەندێک کار دەکەن.

ڕزگاری لەو جۆرە کەسانە لە ناو ڕێکخراودا دەبێتە هۆی پێشکەوتنی سەرانسەری ڕێکخراوەکە. ئەوان تێدەگەن کە ئاواتەکانیان لە تواناکانیان بەهێزترە. ئەوان دەزانن کە ناتوانن بە تەنیایی بە ئامانج بگەن بۆیە هەوڵ دەدەن خۆیان لە گەڵ هەلومەرج بگونجێنن. ئەوان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە و تیمی جۆراوجۆر سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن. بەڵام هەندیکی دیکە تووشی مەرگەسات دەبن و قەت بە ئامانجەکانیان ناگەن. کۆنگرەی چوار و هەشتی حیزبی دێموکرات و چارەنووسی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گرووپەکانی پێرەوانی کۆنگرەی چوار و هەروەها شێوەی خۆسازماندان و بەهێز کردنی ڕێبەری حیزب و ڕێکخراوەکانی حیزبی لە دوای کۆنگرەی هەشتی حدکا، نیشانەی هێز و وره و ئاسۆبینی دکتۆر قاسملوو بوو و نموونەیەک لە گرنگی ئامانج لە بەرامبەر بەرژەوەندیەکانی تاکەکەسی و کورتخایەن بوو.

## ٤- تایبەتمەندی

قاسملوو کەسێک بوو کە گرنگیەکی زۆری بە پەروەردە لە هەموو بوارەکانی ژیانی حیزبی دەدا. لە بەرامبەردا دوای کارەساتی میکۆنۆس پەروەردە و فێرکردن و بەشداری ڕێکخراوەیی لە پێناو گەشەسەندنی کولتووری ڕێکخستنی لە ناو حیزبدا پێگەی خۆی لە دەست دا. لە پووشپەری ٢٠٠١ کە بۆ ئەنجامی هەندێک ئەرکی حیزبی سەردانی دەفتەری سیاسی حدکام کرد پرسیارم لە یەکێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی ئەو کاتی حیزب کرد کە بۆچی هیچ فێرگەیەک و پرۆگرامێکی پەروەردەیی بۆ پێشمەرگەکان دانەنراوە بۆ ئەوەی هەم ڕۆژگاریان لە ژیانی کەمپنشینی بگوزەرێت و هەمیش حیزب بتوانێت بۆ دوارۆژ کادر و ڕێبەری پێویست پەروەردە بکات. لە وەڵامدا وتیان: "پەروەردەی ئەو کەسانە کارێکی بێواتایە، چونکە دوای یەک دووساڵ کە لێرە شت فێربن، لە ناو حیزب دا نامێنن و نابنە ماڵ بۆ حیزب."

هەندێک کەس لە رووی تایبەتمەندی کەسی خۆیەوە بڕوای بە پێکهێنانی گرووپ و پەروەردەی نیە. ئەوانە تەنیا لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ تەنگەژەکان رووڵە ئەندامان دەکەن و ئەندام و ڕێکخراو وەک کەرەسەیەک دەبن بۆ

## پاراستنی پێگەی ئەوان.

قاسملوو راست بە پێچەوانە بوو. لە بەرامبەر هەر لێگەرێک و بۆ هەر ئامانجێک دوای کەسانی شارەزا و لێهاتوودەگەڕا. ئەو پێی وابوو: بۆچی بەتەنیایی ئەرکێک ئەنجام بدەیت، لە کاتێکدا دەتوانی لە ڕێگای خەبات بۆ رزگاری نەتەوەی هاوسەفەرت هەبێت؟

ئەو ڕێبەرانەی کە خۆیان لە هاوکاری و هاوفکری کەسانی دیکە بێمنەت دەزانن و کەسانی بەتوانا و شارەزا لە ڕێکخراو و حیزب دوور دەکەنەوە لە راستی دا دیوارێکی تاریک بەدەوری تواناییەکانی خۆشیان دەکێشن. دەروون ناسی ئەمریکی کتۆر ئالان فرۆم (Allan Fromme) لەو پێوەندیەدا دەڵێت: "مرۆڤەکان لە هاوکاری لە گەڵ خەڵکانی دیکە سەرکەوتنی زیاتر بەدەست دێنن تا ئەوەی کە لەبەرامبەریان رابوەستن." ئەمە راستیەکە کە بەداخەوە لە ناو کورد بە گشتی و لە ناو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەتایبەتی نەناسراو ماوەتەوە و بەهای پێنەدراوە.

ئێمە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن و ئامانجەکانمان پێویستمان بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو تواناکان هەیە. تەنانەت کەسانێک کە خۆپەرەستن و تەنیا قازانجی خۆیان لە بەرچاوە، دەتوانن لە بەشداری گشتی و تواناییەکانی ناو کۆمەڵگا بەهرەمەندتر بن.

هیچ بەشێک لە حیزبی دێموکرات ناتوانێت بەتەنیا رۆڵی حیزبێک کە قاسملوو ڕێبەری دەکرد جێبەجێ بکات. ئێمە پێویستمان بە یەکتر هەیە. ئێمە دورگەی تەنیای ناو دەریاکان نین، بەڵکوو ئەندامانی کۆمەڵگایەکی لێکدابراو بەڵام خەباتگێڕین. بۆ پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین حیزبی دێموکرات و خەباتی نەتەوایەتی دەبێ فێر بین و پشتیوانی یەکتر بین دەبێ شرۆڤە بکەین و وەڵامی هەڵەکانی خۆمان بدەینەوە. دەبێ دیالۆگ و دانوستاندن بکەین. بوێرانە دان بە هەڵەکانی خۆمان دابنێین دەستی یارمەتی بۆ لای هەموو تواناکان رابکێشین و سینگمان کراوە بێت بۆ وەرگرتنی پێشنیار و بۆچوونەکانی کەسانی دیکە. دەبێ بە کردەوەی خۆمان - نەک بە دروشم – هیوا بە خەڵکی کوردستان ببەخشین و هێزی ئەرێنی و بڕوا لە ناویاندا گەشە پێبدەین.


چونکە هیچکام لە ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێموکرات نە کامڵ و تەواوە و نە سەربەخۆ، نە بێنیازە و نە خاوەنی لێهاتوویی و شارەزایی لە رادەبەدەر و کاریزمای دکتۆر قاسملوو، با بێنو هەروەک دکتۆر سەعید لە بە بۆنەی شەهیدبوونی دکتۆر قاسملوو داوا دەکات: "هەرکەس بە پێی توانای خۆی" کار بکات. خەبات بە بێ کێشەکانی کوشەندە و بێ ئامانجی ریزەکانی دێموکراتیش سەخت و پڕ لە کەندوکۆسپە. کاتی کایە و دۆراندنی هێز و سەرمایەی گەل تەواو بووە. وەرن یەکگرین.

٢٥ی جوونی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# قاسملوو، ڕێبەرێک کە بە دوای ڕێبەرانی دوارۆژدا دەگەڕا



ڕێزدار مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حدکا، لە گفتوگۆیەکدا باسی هاتنی خۆی بۆ ناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکاتو دەڵێت: کە ئەو بەرلەوەی ببێتە ئەندامی حیزبی دیموکرات لەگەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا دەبێتو دوکتور بانگی دەکات بۆ کۆنگرەی چوارەمی حیزب. هەر لەو کۆنگرەیەدا ناوبراو بە ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندیو دواتر دەفتەری سیاسی حدکا هەڵدەبژێردرێت.

هیجری دوای کارەساتی میکۆنۆس کە لەودا لە ١٧ی سێپتەمبری ١٩٩٢دا جێنشینی دوکتور قاسملو دوکتور سەعید شەرەفکەندی شەهید دەبێت، وەک جێگری سکرتێر ئەرکی ڕێبەری حیزب واتە دووەم جێنشینی دوکتور قاسملوو تا کۆنگرەی دەی حدکا بەڕێوە دەبات و لە ساڵی ٢٠٠٦وە تا ئەمرۆ سکرتێری گشتی حدکایە.

ڕێبەرانی بەرز دوای ڕێبەرانی پۆتێنسیال دەگەڕێنو هەرکە ئەوان بدۆزنەوە ئەوان دەکەنە ڕێبەری چاک. دوکتور قاسملوو لە ماوەی ڕێبەری خۆیدا ڕەنگە لەسەر سێ کەس زۆرترین سەرمایەگوزاری کرد بێت: دوکتور سەعید شەرەفکەندی، مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادەو مستەفا هیجری. بەداخەوە دوکتور سادق شەرەفکەندی مەودای پێنەدرا تا بۆ ماوەیەکی زیاتر لە سێ ساڵ ڕێبەری حیزب بێت، بەڵام لەو سێ ساڵەدا نیشانیدا کە بە بوونی کەسایەتییەکی بە باوەڕو بە بڕوا بەخۆبوون و ڕێبازی ڕێبەرەکەی، دەکرێ هەستی بێ قاسملوویی لەناو ریزەکانی حیزب دا کەم بکەیتەوەو رۆحی هیواو وزە بە حیزب و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خەبات ببەخشی. کارنامەی دوو سکرتێرەکەی دیکەی حیزب دەهێلینەوە بۆ مێژوو و رووداوەکانی بیست و دووساڵی رابردوو. شتێک کە گرنگترو کەمتر لە توانایی و لێزانینە، توانایی ناسینی تواناکانە. یەکێک لە بنەڕەتیترین بەرپرسایەتی ریبەرێکی سەرکەوتوو ناسینی ریبەرانی پۆتانسیەل یان دوارۆژە. ئەوان کەسانێکن کە ڕێبەر دەیهەوێ لە سەریان کار بکات و بۆ ڕێبەری داهاتوو پەروەردەیان بکات. ناسینی ئەوانە کارێکی زۆر سەخت و ئەستەمە.

دوکتور قاسملوو لەو بارەدا کەسێکی بەراستی بە توانا بوو، لە ماوەی دوای ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩هەوە تا ١٩٨٩ کە دە ساڵی خایاند، سەرەرای بوونی شەڕی توندی چەکداریو بەرێوەبردنی حیزب لە رووی سیاسی، ناسنامەیی، بەرنامەو رێکخستنو دیپلۆماسییەوە توانی لانی کەم رێبەرێکی زۆر بەووج و شیاو بۆ دوای خۆی پەروەردە بکات. پەروەردەی رێبەری چاک وەک بەدەستهێنانی زێر لە کانگادا دایە، دەبێ چەندین تۆن خاک جێبەجێ بکرێت تا مسقالێک زێر بدۆزرێتەوە. بەڵام لە کانگای زێردا مرۆڤ دوای خاک ناگەرێ دوای زێر دەگەرێت. ئەمەش راست شێوازی پەروەردەی ئەرێنی مرۆڤە سەرکەوتووەکانە. رێبەرانی ئەمرۆمان دەبێ بەدوای زێر بگەرێن نەک خاک. دەبێ لە بەرامبەر خراپەدا چاکە بکرێت. هەرچی مرۆڤ زۆرتر وەدوای تواناییەکانی ئەرێنیو پۆزیتیڤ بگەرێ، زیاتر دەیاندۆزێتەوە. رێبەرایەتی بەرپرسو بەمشوور ئاگاداری گرنگی بوونی کادرو بەرێوەبەری گونجاوە. حیزبە پێشکەوتووەکانی جیهان لە رێگای رێکخراوی لاوانی خۆیانەوە هەمووساڵێ بە چالاکیە جۆراوجۆرەکان هەوڵ دەدەن باشترینەکان بۆ رێبەرایەتیو بەرێوەبەری رێکخراوەیی خۆیان هەڵبژێرن، پەروەردەیان بکەنو بەرپرسایەتیان پێ بدەن. نموونەی ئەوجۆرە رێکخراوانە لاوانی سۆسیال دێموکرات و ئەنترناسیۆنالیست سۆسیالیستە. زۆربەی هەرەزۆری رێبەرانی حیزبە سۆسیالیستەکان بەتایبەت لە وڵاتانی سکاندیناوی، رێگای رێبەریان لە یەکیەتی لاوانەوە دەست پێکردووەو قۆناغەکانی پەروەردەی ریکخراوەیی لەوێدا پێواوەو بەرەو لووتکەی بەرزی بەرپرسایەتیو رێبەری پێشکەوتوون. هەلکەوتێکی سەرنجراکێش لەو پێوەندیەدا ئەوە کە دوکتور قاسملوو لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بۆخۆی دامەزرێنەری یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستان بووەو سەرەرای ئەوەی کە رێکخراوەکە دوای داگیرکران و هەڵوەشانەوەی کۆمار بە هۆی دەسەڵاتی ناوەندی پەهلەویەوە بەکردەوە نەما، بەڵام شوێندانەری لە سەر قاسملوو ئەوەندە بووە کە دوای رووخانی کۆماری کوردستانیش هەروا وەفادار بە باوەڕی نیشتیمانیو نەتەوەیی مایەوە و کاتێک کە لە چێکوسلواکی و لە وڵاتێکی سۆسیالیست بوو، فەلسەفەی "جیاواز بیر بکەوە"ی ئەو بوو بەهۆی ئەوە کە داگیرکردنی پۆلەند (لێهستان) لە لایەن یەکیەتی سۆڤیەتەوە شەرمەزار بکاتو رازی نەبێت "بە وەزعی مەوجوود"و ریسکی دەرکران لە چێکوسلاڤاکی قبووڵ بکات بەڵام داگیرکاریو سیاسەتی زۆرەملی سۆڤیەتو سۆسیالیزمی ئەوکات "مەوجوود" قبووڵ نەکاتو دژی دیکتاتۆری بوەستێت. بۆیە وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت: "خراپترین دێموکراسی لە باشترین دیکتاتۆری چاکترە".



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**هەڵبژاردنی کادر، ڕێبەرو بەرێوەبەر بە دوو شتەوە گرێدراوە:**

١- توانایی ڕێبەر لە ئاسۆبینیو پێشبینی دوارۆژو
٢- توانایی ڕێبەر لە ناسینی تواناکانو لێهاتوویی هاوکارەکانی.

دوکتور قاسملوو بە لەبەرچاو گرتنی هەست بە پێویستی بۆ خەباتی سەردەمی خۆی، سەرمایەکانی مەوجوود لە ناو حیزبەکەیدا، توانایی خوازیارانی بەشداری لە خەباتو بەرێوەبەریداو هەروەها ئاستی دەروەستبوونی ئەوان، زۆرترین سەرمایەگوزاری بەتایبەت لە سەر دووکەس کرد، کە بەشێوەی نەریتی ئەندامی حیزبی دێموکرات نەبوون و دوایە هەردووکیشیان بوون بە سکرتێری گشتی حیزب.

قاسملوو دەیزانی کە بۆ ئەوەی کەسێک ببێتە ڕێبەر دەبێت هەندیک تایبەتمەندی هەبێت کە جیاواز بێت لە گشت و بوێری هەڵگرتنی ریسکی هەبێت. بۆخۆشی نموونەی ئەو تایبەتمەندیانە بوو.

**ڕێبەر دەبێ دە تایبەتمەندی هەبێت تا بتوانێت ڕێبەری ڕێکخراوێک بکات:**

**١- کەسایەتی**

یەکەم شتێک کە هەر ڕێبەرێک یان خوازیاری ڕێبەرێک دەبێ هەی بێت، کەسایەتی ئەوە. هیچ شتێک بە رادەی کەسایەتی مرۆڤ گرنگ نیە. کەسێک کە کێشەی کەسایەتی (شەخسیەتی) هەبێت ناتوانرێ لە بەرچاو نەگیرێت. ئەو کێشانە دەبنە هۆی ئەوەی ڕێبەر کاریگەری خۆی لە دەست بدات. کێشەی کەسایەتیو شێوازی هەڵسوکەوت نابێ لەگەڵ لاوازی تێکەل بکرێت. هەموو مرۆڤێک خاڵی لاوازی خۆی هەیە کە لە ڕێگای پەروەردە و خۆ پەروەردەکردنەوەوە دەکرێ کەم بکرێن یان لەناو ببردرێن. گۆڕان درێژخایەنو پێویستی بە سەرمایەگوزاری زۆری هەیە. بەڵام کەسێک کە لە رووی کەسایەتیەوە لاواز بێت، لەوانەیە ڕێکخراو تووشی خەساری زۆر بکات. ڕێبەری خاوەن کەسایەتی کەسێکە کە: روو راست بێت، راستگۆو ئەمانەتدار بێت، خاوەن دسیپلین بێت، توانایی فێربوونی هەبێت، جێگای متمانە بێت، هەڵسوور و ماندوو نەناس بێت، ئەرک ناس، رەوشت بەرز بێت، قسەو هەڵسو کەوتی پێکەوە بگونجێنو لە رەفتارو کردەوەیدا راستگۆ بێت.

لە ناو ڕێبەرانی ئێمەدا زۆر هەن کە: دۆردنگن لە بڕیارداندا، بەرپرسایەتی کارەکانیان بە ئەستۆ ناگرن، پەیمانشکێنو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەو بڕیارو پرەنسیبانەی کە بۆخۆیان پەسەندیان کردووە جێبەجێ ناکەن‌و لە کاتی خۆیدا کارەکان ئەنجام نادەن.

مرۆڤەکان بە لەبەرچاوگرتنی جۆری پێوەندیان لە گەڵ دەوروبەر و ئاستی پێوەندی کۆمەڵایەتی بەبێ لەبەرچاوگرتنی پلەی سیاسی‌و تەشکیلاتی ئەو دەناسرێن. کەسایەتی جیاواز بەر لە بەرپرسایەتی‌و دوای بەرپرسایەتی بەتایبەت لە رووی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەری گەر بەشێوەی لە ئەستوونێ بێت، دەبێتە هۆی رووخانی بنەماکانی بڕوای کۆمەڵایەتی و کەمبوونی بایەخی پلەی بەرپرس.

## ٢- شوێندانەری

شوێندانەری و کارکردی رێبەری حاشا هەڵنەگرە. هەر رێبەرێک دوو تایبەتمەندی کەسایەتی هەیە: یەکەم دەستپێشخەرەو دووەم ئەو دەتوانێت خەڵکانی دیکە لەگەڵ خۆی یەکبخات. شوێندانەر بوون تەنیا بەس نیە، چۆنیەتی شوێندانەری شیکەرەوەی جۆرو کەسایەتی رێبەرە.

دوای قاسملوو دینامیزمی زیندوویی لە ناو رێکخراودا بەتایبەت لە ئاستی رێبەری حدکادا تووشی لاوازیەکی دڵهەژێن هاتووە. رێبەرانی ئەمرۆی حیزب کەمتر بەدوای لێگەرو چالش دەگەرێن‌و زۆرتر بە کەسانی موریدو پێرەوانێک بەسەندە دەکەن کە "بە دڵی ئەوان قسە بکەن"و لە بەرامبەر ئەواندا خۆیان بە بچووک بزانن. بۆیە چۆنیەتی پێرەوان‌و لایەنگرانی رێبەران شیکەرەوەی چۆنیەتی و کەسایەتی رێبەریشە. داخوا لایەنگرانی رێبەرانی ئەمرۆ کەسانێکن کە داهێنانی ئەرێنی و گەشەکردوویان هەبێت، یان تەنیا چەپڵە لیدەر و بەلێ قوربان بێژن؟

## ٣- بۆچوونی ئەرێنی

بۆچوونی ئەرێنی بەنرخترین سەرمایەی ژیانی هەر مرۆڤێکە. بە بڕوای نووسەری بەناوبانگی بواری رێبەری‌و گەشەسەندنی کەسایەتی جان ماکسوێل (John C. Maxwell) لە کتێبی "رانگەی براوە، رەمزی سەرکەوتنی تاکەکەسی" ئەوەی کە خەڵک بە کێشەی خۆیان دەزانن لە راستیدا کێشەی ئەوان نیە. کێشەی ئەوان بەهۆی جۆری هەڵسوکەوتێکە، کە هەیانەو ئەو هەڵسوکەوتەشە کە رێگایان نادات لە کێشەو سەختیەکان دوور کەون. کەسێک کە بە هۆی جۆری روانینی بە ژیان ئەرێنی بیر بکاتەوە، دەتوانێت هەلومەرجەکان بە "هەلی نوێ" ناو بباتو بەپێچەوانەی کەسانی ئاسایی بە جیاتی قبووڵی شکست هەوڵ دەدات تواناییەکان‌و شارازاییەکان بۆ بەرهەمهێنان‌و خوڵقاندنی نوێ بەکار ببات. رێبەرانی ئەرێنی ئەندێش



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەتوانن ڕێکخراوی خۆیان بەرەو ئاسۆیەک ڕێبەری بکەن کە ئەوانی دیکە لێی بێبەشن. هەرچۆنێک قاسملوو لە ئاستەمترین هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری‌و کولتووری بزاڤی نەتەوایەتی کورد، حیزبی دێموکراتی بەرەو گەرەترین‌و شوێندانەرترین حیزبی سیاسی کورد لە سەردەمی خۆیدا ڕێبەری کردو نەریتێکی بەجێ هێشت، کە ئەمڕۆش جێگرانی لێی دەخۆن.

## ٤- خاکی و خەڵکی بوون

ڕێبەرێک کە توانای ئەوەی نەبێت خەڵک بەرەو لای خۆی ڕاکێشێت، لایەنگریشی نیە. ڕێبەرێک کە توانای خەڵک خۆشەویستیی هەبێت، خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانەیە: سەرنجدان بە مرۆڤەکان، توانایی تێگەیشتنی ئەوانو بڕیار بۆ سازکردنی پیوەندیەکی ئەرێنی لە نێوان مرۆڤەکاندا. جۆری هەڵسوکەوتی خەڵکانی دیکە لە گەڵ ئێمە لە ئەنجامی جۆری هەڵسوکەوتی ئێمەیە لە گەڵ ئەوان. ڕێبەرێکی سەرکەوتوو ئاگاداری ئەو خاڵەیە.

یەکێک لە خاڵە بەهیزەکانی کەسایەتی دوکتور قاسملوو هاوگونجی ئەو لەگەل دەوروبەرو توانایی ئەو لە پیوەندی کردن بە مرۆڤەکان بوو. مرۆڤ لە کاتی پێوەندی بە دوکتور قاسملوویەوەو پێوەندی ئەو بە مرۆڤەوە هەست بە گەورەیی‌و ورەبەخشین دەکردو لە هەمووی گرنگتر مرۆڤ ترسی نەبوو لەوەی کە لێی نزیک بێتەوە، داوای لێبکات وێنەیەکی لەگەل بکێشێت یان چەن وشەیەکی لەگەڵ ئاڵوگۆر بکات. چونکە قاسملوو دەیزانی کە مرۆڤپەروەری بەشێکی گرنگ لە ئەرکو تایبەتمەندی ڕێبەریە.

## ٥- لێهاتوویە دیارەکان

هەر مرۆڤێک هەندێک تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە. یەکێک لە ئەرکەکانی ڕێبەری لە کاتی پەروەردەی ڕێبەرانی داهاتوو سەرنجدان بە لێهاتوویی کەسانو هەگەری سەرکەوتنیان لە کارەکانداو بەرەوپێش بردنی ڕێکخراو زۆر گرنگە. ئەمڕۆ بەداخەوە بەشێکی زۆر لە هەڵبژاردنەکان بە پێچەوانەی ئەوە بە پێی ئاستی نزیکی‌و پێڕەوی بوونی بەرپرسان لە کەسێکە کە هەڵیان دەبژێرێت و دیاریان دەکات. ڕێبەرانی ئەمڕۆ دوای کەسانێک دەگەڕێن کە "کەم دەردی سەر بن".

## ٦- ڕێگای سەلمێنراوی ڕێبەری

شاعیری ئەمریکی ئارچی مک لیش (Archibald MacLeish) دەڵێت: "تەنیا شتێک کە لە تاقی کردنەوە ناخۆشترە،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تاقی نەکردنەوەیە." ئەو ڕێبەرانەی کە ئەو ڕاستیە دەزانن هێلی سەرکەوتوویی خۆیان لە درێژەی ژیانیاندا درێژە دەدەن. هەرکەسێک شتێکی ئەزموونکراو دووبارە تاقی بکاتەوە شکست دەخوات، بەڵام ڕێبەرانێک کە لە تاقی کردنەوە بترسن بۆ هەمیشە شکست دەخۆن. رابێرت تاونسەند (Robert Townsend) کارناسی بواری بەڕێوەبەری دەڵێت: "ڕێبەران سنووری تەمەن، شوێن، هەڵکەوتو هەلومەرجی تایبەت ناناسن، ئەوان هەمووجارێ لە هەموو شوێنێک ڕێبەری دەکەن. تەنانەت لەوانەیە ڕێبەر لە ئاستی کارمەندێکی سادە بێت، بەڵام ئەوان بەهۆی شوێندانەریان بەسەر خەڵکو پێگەی کۆمەڵایەتیان دەناسرێن." کەسێک کە لە ڕێگایەک دەپێوێت و خاوەنی باوەڕێکی بەهێزە، لەناو خەڵکدا بەبێ پلەو پایەی ڕێکخراوەیش دیارە.

## ٧- بڕوا بەخۆ

ڕێبەرێک کە بڕوای بەخۆی نەبێت، ناتوانێت بڕوای خەڵک بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. مرۆڤەکان بە شێوەی سروشتی لە قاسملوو نزیک دەبوونەوەو لایەنگریان دەکرد، چونکە بڕوا بەخۆبوون بەشێک لە تایبەتمەندی قاسملوو و کەسایەتی ئەو بوو. لە جیهاندا ڕێبەر گەلی زۆرهەن کە کاتێک بڕوایان بەخۆیان بوویێت، توانیویانە کۆمەڵگا بگۆڕنو شوێندانەر بن. لە سەروبەندی ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو، کوودیتایەکی ئەرتەشی دژی گۆرباچۆڤ دوایین سەرۆکی یەکیەتی سۆڤیەت ئەنجامدرا.

تانکەکانی دەوڵەتی خانووی شوێنی ژیانی سەرۆکی کۆماری ڕووسیا بۆریس یەڵتسین (Boris Yeltsin) ی لە گەمارۆ دابوو. فەرماندە پایەبەرزەکانی ئەرتەش فەرمانیان بە تانکەکان دابوو کە تەقە لە یەڵتسینو هاوڕێیانی بکەن. کاتێک ئەرتەش لە شوێنی خۆی جێگیر ببوو، یەڵتسین لە خانووەکەی دەرکەوتو بوێرانە چووە سەر تانکەکەو ڕوو لە فەرماندەی تانکەکە کردو وتی: "سوپاس بۆ ئەوەی پشتیوانی لە دێموکراسی دەکەی". دواتر فەرماندەکە وتبوو کە ئەوان بڕیار بوو پشتیوانی لە یەڵتسین نەکەن، بەڵام کاتێک ئەو بە بڕوایەکی قووڵ بەخۆیەوە قسەی کردو لێیان نزیک بووە، سەربازەکانی ڕووسی پێکەوە بڕیاریاندا پشتیوانی لەو بکەنو لە ئەنجامدا کۆدیتای ئەرتەش شکستی هێناو یەکیەتی سۆڤیەتیش بوو بەشێک لە مێژوو.

بڕوا بەخۆ بوون یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی گرنگی ڕێبەریە و شێوازێکی بیرکردنەوەی ئەرێنیە. گەورەترین ڕێبەران و کەسانی سەرکەوتوو سەرەرای هەموو کەندوکۆسپەکان بڕوایان بە خۆ هەیە. بڕوابەخۆبوون سەرمایەیەکی گەورەی ڕێبەرە کە دەتوانێت ئەو بڕوایە بە لایەنگرانی خۆشی بدات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ٨- خۆ دیسیپلینی

بەبێ جیاوازی هەموو ڕێبەرانی گەورەی جیهان خاوەنی تایبەتمەندی خۆدیسیپلینین. بەداخەوە بەشێکی زۆر لە ڕێبەرانی ئێمە بەجیاتی خۆ دیسیپلینی خەریکی ژیانێکی جیاواز لەو باوەڕاننە کە پرۆپاگەندەی بۆ دەکەن و جیاوازی چینایەتی لەنێوان ئەندامانی ڕێبەریو بەدەنەدا بووتە یەکێک لە هۆیەکانی مەودا نێوان ڕێبەریو ئەندامانی حیزبو بنەماڵەی حیزبی لە بنکەو ئۆردووگاکاندا. هیچ سەرکەوتنێک بە مامەلەو هەڵسوکەوتی "یەک بانو دووهەوا" بەدەست نایەت. بەهۆی هەلومەرجی کۆمەلایەتی - سیاسیەک کە بەشی ئاشکرای حیزب لە باشووری کوردستان تێکەوتووە لەوانەیە نەتوانین چاوەڕێی ئەوە بین ڕێبەرانی ئێمە خۆدیسیپلینی بەڕێوە ببەنو ئامادە بن نرخی خۆدیسیپلینی بدەن. کاتێک باس لە خۆدیسیپلینی دێتە پێش مرۆڤەکان دوو ڕێگا زیاتریان لەبەر دەست نیە: یا ئێشو ئازاری خۆدیسیپلینی کە بریتی بێت لە فیداکاری، ڕێکوپێکیو گەشەکردن قبووڵ دەکەن یا خود ئێشو ئازاری پەشیمانی بەهۆی لەدەست دانی هەلەکانو خۆخەریک کردن بە شتەلاوەکیەکانی خەبات. هەرکەسێک لە ژیاندا هەڵبژاردەیەکی هەیە. دوکتور قاسملوو ڕێگای خۆ دسیپلینی هەلبژاردو تەنانەت شتێکی بۆ بنەماڵەی خۆشی بەجێ نەهێشت و هەموو میراتەکەی پێشکەشی حیزبی دێموکرات کرد.

## ٩- توانایی پێوەندی کاریگەر

پێوەندی بەشێکی گرنگ لە ژیانی ئێمەیە. لێکۆلینەوەکان دەسەلمێنن کە نزیک بە ٧٠%ی کاتی مرۆڤ لە پێوەندیەکاندا تێپەر دەبێت. ڕێبەریک کە توانایی پێوەندی گرتنی نەبێت ناتوانێت بەشێوەیەکی کاریگەرو شیاو بۆچوونەکانی خۆی بە خەڵکو دەوروبەری رابگەیەنێت. توانایی ڕێبەر لە متمانەدان بە خەڵک هاوسانە لەگەڵ توانایی ئەو لە پێکهێنانی پێوەندیدا. هەردووک تایبەتمەندی سەرەوە پێویستی بە کردەوە لەلایەن ڕێبەرو دژکردەوە لەلایەن لایەنگرانیەوە دەکەن. پێوەندی کردەوەیەکی دوو لایەنەی ئەرێنیە. کاتێک پێوەندیەکە یەک لایەنانە بێت، درەنگ یا زوو ئەو پێوەندیە دەمرێت. قاسملوو لە هەموو ئاستەکانی پێوەندیدا چ وەک دیپلۆماتێکو چ وەک ڕێبەر و کەسێکی ئاسایی لە ناو کۆمەڵگادا دەیتوانی لە گەڵ دەوروبەری خۆی پێوەندی بگرێت و ئەوەندە شوێندانەر بێت، کە دوای خۆی هەستێکی بەهێز بەجێ بێلێت. لە تایبەتمەندیەکانی توانایی قاسملوو لەو پێوەندیەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو گرنگیەکی تایبەتی دەدا بەو کەسانەی کە قسەیان بۆ دەکرد. کاتێک گرنگی بە کەسێک یان کۆمەڵێک دەدرێ کە قسەیان بۆ دەکرێ، کۆمەڵەکەش بە دڵ و گیان گوێی لە کەسەکە دەگرێت. توارننایی سەرنجدان و بەو کەسەی کە وەڵام دەداتەوە، ئەو کەسانەی کە لە پێوەندیەکاندا لاوازن، تەنیا لە کاتی قسەکردن دا سەرنج دەدەنو کاتی بیستنی وەلامی لایەنی بەرامبەر سەرنجیان پێنادەن. کەسێک کە دەتوانێت پێوەندی چاک بگرێت، تەنانەت سەرنج دەداتە بزاڤی جەستەی لایەنێک کە گفتوگۆی لەگەڵ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەکرێتو بە پێی هەو هەڵسوکەوت دەکات. توانایی پیوەندی بە هەموو خەڵک، قاسملوو لە پێوەندی خۆیدا دەیتوانی هەستی ئارامیو ئینسانی بە هەموو کەس بدات. ئەو دەیتوانی لەگەڵ هەرکەسێکو بەهەر سەلیقەیەکەوە کە هەیبوو پێوەندی بگرێت و گفتوگۆی لەگەل بکات. پێوەندی چاوبەچاو لەگەڵ لایەنی گفتوگۆ، بە یەک چاوخشاندن بە وێنەکانی قاسملوو لە کاتی قسەکردن یان گوێگرتن لە کەسێک کە قسە دەکات، مرۆڤ دەبینێت کە بەهۆی ئەوەی کە ئەو لە گفتوگۆی خۆیدا راستگۆ بوو، لە کاتی قسەکردن و گوێگرتندا چاوی لە ناوچاوی لایەنەکە بوو. پێکەنینی قاسملوو لەوانەیە "موعجزە" خوڵقێنترین تایبەتمەندی ئەوبوو بێت لە پێوەندی گرتندا. ئەو دەیتوانی بە بزەی سەر لێوو پێکەنینی خۆی هەستی زیندوویی بە لایەنی بەرامبەر ببەخشێ و گوێگرانی خۆی لە گەڵ لایەنی مرۆڤدۆستیو ژیان خۆشەویستی خۆی ئاشنا بکات.

## ١٠- نارازی بوون لە وەزعی مەوجوود

ڕێبەران ئەوەی کە هەیە دەبینن. بەڵام گرنگتر لەوە هۆیەکانی ئەویش دەبینن. ڕێبەری راستی قەت بە رەوشی ئێستا"قانع" نیە. قاسملوو ڕێبەرێک بوو کە زیاتر لەوانی دیکە بۆ کردنەوەی دەروازەکانی پێشکەوتنو سەرکەوتن هەوڵی دەدا. ئەو بەدوای کردنەوەی ئاسۆی تازەو جیهانی نوێ بۆ کورد بوو. قاسملوو قەت لە ئاستی رەوشی ئێستای حیزبەکەی رازی نەبوو و هەمیشە لە دوای ئەوە دەگەڕا بە کەمترین "هەزینە" زۆرترین دەستکەوت بەدەستەوە بێنێت. ئەو سەرەرای رەوشی تایبەتی پێوەندیدار بە شەڕی چەکداریو تەنگەژەی ئایدیۆلۆژیەکان حیزبەکەی بە ڕێبەریەکی بێوێنەوە رۆژ لەگەڵ رۆژ بەهێزتر دەکرد.

نارازیبوون لە وەزعی مەوجوود بە واتای بۆڵەبۆل کردنو گلایە کردن نیە، بەڵکوو بەو واتایەیە کە ویستی ئاڵوگۆڕ بەهێزە. کەسێک کە ئامادە نەبێت ریسکی گۆڕانکاری قبووڵ بکات ناتوانێت پێشکەوێت. ڕێبەرانی پارێزەری "وەزعی مەوجوود" بەداخەوە بۆخۆیان دەبنە "پێرەوی" رەوشی مەوجوود. رایمۆند سمیت (Raymond Smith) سەرۆکی بێل ئاتلانتیک دەڵێت: "هەنگاونان لە ڕێگای بێ مەترسی و بە شێوەی یەکسان چوون، لەوانەیە بێکارت نەکات بەڵام بەدڵنیاییەوە لە درێژخایەندا هیچ سوودێکی بۆ ڕێکخراوەکە بە دواوە نابێت." ڕێبەرایەتی ئەمرۆی حیزبی دێموکرات راست لەو خاڵەدا ماوەتەوە: ترسی گۆڕانی وەزعیەتی مەوجوود و هەڵگرتنی ریسکی گۆڕانو بەرووپێش چوون. چونکە لەناو ئێمەدا نایابن ئەو ڕێبەرانەی کە "مەترسی هەڵگر" بنو بوێرن هەنگاوی بوێرانە هەڵگرن بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی.

بۆ ئەو کەسانەی کە لە گەڵ کێشەکانی کۆن دەسازێن و لەو کێشانەدا دەمێننەوە ژیان ئاسانترو ئارامترە لەوەی کە ڕێگاچارەی نوێ بدۆزنەوەو مەترسی ریسکی گۆڕان هەڵگرن. جیاوازی نێوان شیاویو کاتی پێویست بۆ باسکردن و گفتوگۆ لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

سەر چارەسەری کێشەکانی کۆنو دۆزینەوەی ڕێگای تازە بۆ پێشکەوتنو گۆڕان یەکجار کەمە. جیاوازیەکە لە جۆری بۆچوونەکاندایە. دەشێ ڕێبەرایەتی حیزب لەجیاتی قەتیسمان لە کێشەکانی کۆندا بە دوای چارەسەریو گۆڕان بەرەو پێش بێت.

قاسملوو بەو هیوایە سەرمایەگوزاری لە سەر ڕێبەرانی ئەمڕۆی حیزب کرد کە وەک خۆی ببنە ڕێبەرانی سەرنج ڕاکێش و بەتوانای حیزب و جوڵانەوە. ئەوان بەراستی دەتوانن ئەو خەونەی قاسملوو بەجێ بێنن، بەمەرجێک بزانن کۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستان لانی کەم ٣٠ ساڵ کەمتەمەنتر لەو کاتەیە کە ئەوان دەستیان بە ڕێبەری کردو پێویستە فەلسەفەو کولتووری ڕێبەریش بەو پێیە بگۆردرێت.

٢٧ی جوونی ٢٠١٤

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# قاسملوو ڕێبەریی دڵان



ئێوارەی ڕۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٨٥ (١٣٦٤ی ک.هەتاوی) رادیۆ بی.بی.سی دیمانەیەکی لە گەڵ دکتۆر قاسملوو ئەنجام دەدا. میوانی ئێمە کە کەسێکی بەتەمەن بوو خەریکی نوێژی مەغریب بوو، کاتێک دەنگی قاسملووی بیست، لە کاتێکدا کە بەرەو سوجدە دەڕۆیشت نوێژەکەی بەتاڵ کرد و رادیۆکەی ماچ کرد. بە لای من و باوکمەوە کە کەسێکی زۆر ئایینی بوو، ئەو کارەی وی شتێکی زۆر سەیر و سەرسوڕهێنەر بوو. میوانەکەمان کە هەستی بە سەرسوڕمانەی ئێمەی کرد وتی: "قاسملوو تەنیا کەسێکە کە دەتوانێت بەراستی ئازاد مان بکات". لەو کاتەوە تا ڕۆژی بوونم بە پێشمەرگە و دواتر لە نزیکەوە بینینی قاسملوو لە بنکەی کەم ئەندامانی حدکادا، تێگەیشتن لە قسەی ئەو پیرە پیاوە بۆ زۆر ئەستەم بوو. چونکە ئەوکات بۆ من و نەوەی هاوتەمەنم "ڕێبەریی دڵان" شتێکی نەناسراوبوو.

ڕێبەری واتە هونەری نفووز لە ناو دڵ و باوەڕی کەسانی دیکە. ئەو هونەرە لە دڵی ڕێبەرەوە دەست پێ دەکات. بە وتەیەکی دیکە ئەوەی لە دڵەوە دێت لە سەر دڵ دادەنیشێت. ڕێبەرێک ئەشێ ئەوە بزانێت کە هەر بڕیارێک کە ئەو دەدات کاریگەری هەیە لە سەر ژیانی زۆر کەس. ڕێبەریی دڵان ئەرکێکی قورسە کە پێویستی بە خۆپێگەیاندنی بەردەوام دەکات. ئورووپاییەکان وتەیەکیان هەیە کە دەڵێن: "ڕێبەران دەخوێنن و خوێنەران ڕێبەری دەکەن". بۆ ڕێبەری دڵان خوێندنەوە و تێگەیشتن لە پێویستی کۆمەڵگا و ڕێکخراوی ژێر ڕێبەری ئەودا پێویستیەکی حەیاتیە. قاسملوو کەسێک بوو کە خوێندن و فێربوون بەشێکی گرنگ لە تایبەتمەندی ئەو بوو. مێشکی مرۆڤ وەک پەرەشووت (چەتری رزگاری) وایە، کاتێک کار دەکات کە کراوە بێت. قاسملووی بیرمەند مێشکی بۆ فێربوون کراوەبوو و لە بوارەکانی پەروەردە و ڕێبەری، تواناییەکان پێوەندی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مرۆڤی و مێتۆد و شێوازەکانی ڕێبەری شارەزابوو و زانیاری ئەو بەرهەمی چەندین ساڵ حەوڵ و تەقەلا بۆ فێربوون بە مەبەستی پێشکەشکردنی باشترین خزمەت بە دۆزی گەلەکەی بوو.

قاسملوو بۆیە ڕێبەری دڵەکان بوو، چونکە ئەو ئاگاداری چۆنیەتی هەڵبژاردنی بەها و بایەخەکان بوو بۆ حیزبەکەی و لە ژێر ڕووناکی ئەو زانیاریەدا تابلۆ ئەخلاقیەکانی "سیمای دێموکرات" و "کادرێکی حیزبی دەبێ.." ئامادە و بڵاو کرانەوە. ئەو شێوەی چاککردنەوە و بەرەو پێشبردنی حیزبەکەی دەزانی، بوێری بەرەورووبوونەوە لە گەل لێگەرەکانی هەبوو و توانای ئەوەی هەبوو حیزبەکەی وێرای گۆڕانکاری و نوێگەری بەردەوام گەشەی پێبدات و لە حیزبێکی ئەستوونیەوە بەرەو ڕێکخراوێکی دێموکراتیک گەشە پێ بدات.

هاندانی خەڵک بۆ کار و گەشەسەندن بەرهەمی ئەندێشەی بەهێزی ڕێبەرە. بەداخەوە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا زۆر لەو کەسانەی لە ڕێبەرایەتیدا بوون کە تواناییەکانی خۆیان بە ئاگاداریەوە یان خود لە ڕووی شارەزایی کەمەوە، بۆ پەراوێزخستنی دڵەکان و لەناو بردنی زیندوویی ڕێکخراوێکی دێموکراتیک هەنگاویان هەڵگرتووە. ڕێبەر بۆ ئەوەی بتوانێت ژینگەی خۆی بناسێت، پێویست دەکات لەو سەردەمەدا لانی کەم هەفتەیی جارێک دەورو بەری خۆی بڕوانێت و مرۆڤەکان و هاوکارانی بەسەر بکاتەوە و ئەوان بناسێتەوە.

هاندانی ئەندامان بۆ ئەنجامی کاری چاک و گەشەسەندن، مرۆڤ هان دەدات، کاری چاک بکات. ئەمەش دەبێتە هۆی گەشە سەندنی تەواویەتی حیزبی. پێوەندی نێوان ڕێبەری و ئەندام دەشێ پێوەندیەکی دوولایانە بێت، پێوەندی دوولایانە یارمەتیدەری مرۆڤە بۆ گەشەکردنی تاکەکەسی و ڕێکخراوەیی.

قاسملوو بە هۆی ئەوەی کە بۆخۆی خاوەنی هەستێکی باش بوو، ئاکامی باشیشی لە کار و دیالۆگ لە گەڵ دەوروبەری وەردەگرت. ئەمە بە واتای بێکێشەیی و بێ لێگەری و بێ چالشی نیە، بەڵکوو قاسملوو وەک ڕێبەرێک بەووەج دەیزانی کە وزەی پۆزیتیف و ئەرێنی لە ناو دەوروبەری خۆیدا بڵاو بکاتەوە.

**ڕێبەرێکی کارامە لە دوو ڕێگاوە یارمەتی خەڵکی خۆی دەدا بۆ گەیشتن بە ئاکامی چاک:**

١- ئامانجەکان بە دروستی بەوان دەناسێنێت و بۆیان شی دەکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢- لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی دیاری کراودا هەرچی لە توانای دا هەیە کەسانی ژێر ڕێبەریان هاند دەدات و ڕێنوێنیان دەکات.

ڕۆڵی ڕێبەر زۆر لەوە گرنگترە کە لە ناو ئێمەدا باسی لێوە کراوە. ڕێبەرە کە کۆمەک دەکات مرۆڤەکان لە چالاکی خۆیاندا سەرکەوتوو بن یان نە.

ئەرکی ڕێبەرێک کە بیهەوێ لە دڵی مرۆڤەکاندا زیندوو بمێنێتەوە یارمەتیدان و هاندانی کەسانی ژێر ڕێبەری ئەوە بۆ سەرکەوتن و پێشڤەچوون. زۆرێک لە ڕێبەرانی ئەمڕۆ چاوەڕوانیان هەیە کەسانی دەوروبەریان کارەکان بە بێ کەموکۆری ئەنجام بدەن ئەمجار بە بێ ئەوەی کە ڕێنوێنی پێویست کرابن. یا خود بڕیارێک دەدەن و دەست بەجێ بەبێ ئامادە کردنی زەمینەی جێبەجێ بوونی، ئەندامان و ئۆرگانەکان ناچار بە جێبەجێ کردنی دەدەن. وەک ئەوەی کە بە منداڵێک هێشتا بەتەواوی ناتوانێت هەڵسێتە سەرپێ، فەرمان بدرێت کە "ڕێگا بڕۆ" و کاتێک کە لە ئەرز دەکەوێت لێی بدرێت و بوترێت: "پێم وتی ڕێگا بڕۆ"! هەڵبەت دایک و باوکی دڵسۆز واناکەن. پێشتر منداڵەکە هەڵدەستێنندرێت تا بەرە بەرە لاقەکانی خۆی بگرێت، تا دەتوانێت نەختێک سەرپێ ڕاوەستێت. ئەوکات دایک و باوک بەخۆشیەوە هاوار دەکەن "منداڵەکە هەڵسایە سەرپێ" و کۆڵێک ماچ و هەستی خۆشەویستی بۆی دەبارێنن. ڕۆژی دواتر بە نەختێکی دیکە ڕۆیشتن دیسان دایک و باوکەکان لە خۆشیان نازانن چ بکەن. بەرە بەرە بڕوای منداڵ بە خۆی گەشە دەکات و فێری ڕێگا ڕۆیشتن دەبێت. مرۆڤە گەورەساڵەکانیش وان، دەشێ لە ئەنجامی کارەکانیان هان بدرێن و هەڵەکانیان بە نیشانەی فێربوونی هەنگاوی داهاتوو ببیندرێن نەک ببێتە هۆی دەست بەجێ سەرکۆنە و پەراوێز خستنیان.

لە ناو حیزبەکانی کوردیدا و بە ئەزموونی خۆم بەتایبەت لە ناو حدکا دا فەرهەنگێکی ناڕەوا جێی گرتووە، کە مرۆڤەکان لە ناو حیزب دا بەرز دەکرێن وەرکات بەرپرسان و ڕێبەران ویستیان لە بەرزترین ئاستەوە بە خێرایی فرێی دەدەنە خوارێ. بە پێی ئەو بۆچوونە مرۆڤەکان لە ناو ڕێکخراوە ئەوەندە پێش دەکەون تا دەگەنە سنووری ناشایستەیی. بە واتایەکی دیکە بە پێی نیازی جیناح یان کەسانێک هەندێک کەس ئەوەندە بەرز دەکرێنەوە تا ئەوەی کە لە ڕوانگەی بەرزکەرەوەکانیان بە مەترسی دەبیندرێن یان هەڵەیەک ئەنجام دەدەن. ئەوکات ئەوی بە شێوەیەک لە عەرز دەدەن کە ئیتر نەتوانێت دووبارە هەڵسێتەوە.

قاسملوو لەو ڕێبەرە لێهاتونە بوو کە دەرووەست بوو بە یارمەتی بە گەشەکردن و سەرکەوتنی کەسانی ژێر ڕێبەری خۆی. چونکە هیچکام لەوانی بۆخۆی بە هەڕەشە نەدەزانی و سەرکەوتنی ئەوان بە سەرکەوتنی خۆی دەزانی. ڕێبەری بەرپرس



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کەسێکە کاتێک کەسێکی ژێر بەرپرسایەتی شکست دەخوات، شکستی ئەو بە شکستی خۆی بزانێت و بەرپرسایەتی بە ئەستۆی خۆی بگرێت. چاک وایە کاتێک کەسێک دەردەکرێت، پەراوێز دەخرێت یا خود ناچار دەکرێت ریزەکانی رێکخراو بەجێ بێلێت، رێبەر و بەرپرس چاوێک لە ئاوێنە بکات و خۆیشی بە ئاوێنەی ئەخلاویەوە ببینێت و بزانێت داخوا هۆی سەرەکی پێکهاتنی ئەو رەوشە چی بووە.

گەورەترین ئەرکی رێبەر هاوکاری کەسانی دیکەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. کاتێک کەسانی ژێر ریبەری ئەو سەرکەوتن و بە ئامانجە دیاری کراوەکان گەیشتن، سەرکەوتنی بۆ هەمووانە.

دیاری کردنی ئاماج یارمەتی دەری سێگۆشەی قەوارەی رێکخراوە واتە ئەندامان، بەرپرسان و رێبەرانە. ئەندامان بۆ دۆزینەوەی ئامانج بە بەرزترین ئاستی رێکخراو دەڕوانن، بەڵام دوای روون بوونەوەی ئامانجەکە سێ گۆشە دەبێ سەراوبن بکرێت: لەو کاتەدا خەڵک دەبێتە بەشی سەرەوەی سێ گۆشە، ئەندامان و کادرەکانی حیزبی دەبنە بەشی ناوەراستی سێ گۆشە و رێبەران و کادری رێبەری دەبنە بەشی خوارەوەی سێ گۆشەکە.

کاتێک ئەو فەلسەفەیە جێبەجێ بکرێت، رێبەر لە "بەرپرس"ەوە دەبێتە "وەڵامدەر". ئەندامان لە گەڵ رێبەری و بەرپرس کار دەکەن نەک بۆ رێبەرایەتی. وەڵامدەری رێبەر واتا دانی بەرپرسایەتی بە ئەندامان بۆ ئەوەی کە بۆخۆشیان وەڵامدەر بن.

قاسملوو رێبەرێکی وەڵام دەر بوو. بۆیە لە پێرەوی ناوخۆی حیزبدا وەڵامدەری دەفتەری سیاسی لە بەرامبەر کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی ناوەندی لە بەرامبەر کۆنگرەدا راست بە پێی ئەو فەلسەفەیە دارێشتبوو. ئەسڵێک کە ئەمرۆ بە کردەوە بووتە پێچەوانە و رێبەران و بەرپرسان نەتەنیا لە بەرامبەری هەڵە رێکخراوەیی و پرەنسیپیەکانی خۆیاندا بەرپرس نین، بەڵکوو لە هەوڵی سزادانی کەسانێکن کردەوەکانیان دەخەنە ژێر زەررەبینی رەخنەوە.


ئەندامان دەبێ ببنە بەرپرسی ئەنجامی کارەکانی بە کوالیتەیان و رێبەری دەشێ وێرای پشتیوانی لە ئەندامان وەڵامدەری پێویستیەکانی ئەوانیش بێت. بەو شێوەیە بەرپرسایەتیەکان لە شوێنی گونجاوی خۆیان دەبن و ئەو کەسانەی ئەرکی خۆیان ئەنجام دەدەن هەست بە گرنگی خۆیان بکەن و بزانن ئەندام گەورەترین سەرمایەی هەر حیزب و رێکخراوێکە.

٢٨ی جوونی ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# جێگای ڕێز بوون یان خۆشەویستی هەموو کەس؟



ڕێبەر باشتر وایە جێی ڕێزلێ گرتن بێت تا ئەوەی کە خۆشەویستی هەمووکەس بێت. یەکێک لە هۆیەکانی هێنانی لیستی فیکس لە کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە لایەن دکتۆر قاسملووەوە ئەوە بوو کە ئەو لەو هەلومەرجەدا هەستی بەوە کردبوو کە پێویستە ڕێبەری حیزب کارامە بێت و بتوانێت خێراتر بەرەو ئامانجەکان بڕوات. لە هەلومەرجی خەباتی چەکداری و لەو هەلومەرجەی کە خەبات پێویستی بە هەموو هێزێکی ناو کۆمەڵگادا هەیە، دەبێ هۆیەکی زۆر قووڵی سیاسی و ڕێکخراوەیی هەبێت، دکتۆر قاسملوو نموونەی هەڵبژاردنی حیزبە سۆسیالیستەکانی باکووری ئورووپا لە کوردستاندا جێبەجێ بکات. حیزبێک کە بە وتەی مامۆستا حەسەن زادە لە دیمانە لە گەڵ لڤین دا (٢٠٠٦) "جارێ فرچکی بە دێموکراسیەوە نەکراوەتەوە".

ڕێبەرێک، مامۆستایەک، دایک و باوکێک یان بەرپرسێک دەبێ لە مرۆڤ کاری چاک وەرگرێت و داوای کاری چاک لە مرۆڤ بکات. لەوانەیە ڕێبەرێکی وا "تاڵی" و "شیرینی" لێک بداتەوە. سەرنج بە مرۆڤ بدات بەڵام پێشی پێشوەچوونت ناگرێت. ڕێبەرێک کە داوای کاری بەنرخ لە کەسانی ژێر ڕێبەری خۆی دەکات، دەشێ لەگەڵیان ڕاستگۆ بێت و هەمووجارێ ستاندادردەکانی کار و چالاکی بەرز بکاتەوە. بە بێ ئەوەی بێمهەوێ بە هۆیەکانی جیابوونەوەی دوای کۆنگرەی هەشت بگەڕێمەوە، بە بڕوای من ئەو کە ئەوکات تازە ببوومە پێشمەرگە، پرسی بەرزکردنەوەی ئاستی چالاکی و کارامەیی ڕێبەری و قەوارەی حیزب پێویستی بەوە بوو کە گۆڕانکاری لە "تەرکیبی" ڕێبەری ئەوکات پێک بێت. لە کاتێک کە پێویست بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئـاڵوگۆر دەکـات لەوانەیە ڕێبەری خۆشەویـستی خـۆی فیـدای ئامـانجی گەورەتـر بکـات و ریسکی لەدەست دانـی خۆشەویـستی هەڵگرێت.

ڕێبەرێک کە خوازیاری پێشکەوتنی حیزبەکەی بێت و بیهەوێ ڕەوتی پێشکەوتنی بەرزتـر لە "حـاڵەتی" نۆرمـاڵ بێت، دەشێ فیداکاری ئەوە بکات و ئامادە بێت کە دۆستانی خۆشی لە دەست بدات. بەڵام ئەمە بۆخۆی دەبێتە هـۆی بەرزبـوونەوەی ڕێـزو حورمەتی ڕێبەر لە نەوەکانی دواتردا.


قاسملوو وێرای بەهێزی لە ئاڵوگۆڕەکانـدا و جێگـاو پێگەی تـایبەتی، کەسێکی خـاکی بـوو. خـاکی بـوون بە واتـای خـۆ کەم بینین نیە. خاکی بوون بەو واتایەیە کە مرۆڤ کەمتر بیر لە خۆی دەکـاتەوە. لە خۆبـایی بـوون، پێشی فێربـوون دەگرێت و کاتێک مرۆڤ فێر نەبێت پێشکەوتنیش ناتوانێت بە خۆیەوە ببینێت. یەکێک لە گەورەتـرین کێشـەکانی بەشێک لە ڕێبەری ئێمە لە خۆبایی بوون و بەسەندە کردن بە زانیـاری و ئەو شـارەزاییانەیە کە، لە کـاتی خـۆی بەدەست هێنـراوە و بەو پێیە ڕێگری لە هەرجۆرە گۆڕانکاریەک کردنە. ئەو ڕێبەرانەی کە دەکەونە داوی ئەو نەخۆشیە، پێیان وەک ئەستوونی خیـوەت وان. هەربایەک کە بێت خیوەت و ئەستوونەکەی لە مەترسی ڕووخان دەخات. ئەوانیش پێیـان وایە کە سەرکەوتنی کەسـانی دیکە هەڕەشە لەوانە. بۆیە خۆیان لە پەروەردە و هاندانی کەسانی دیکە دەپارێزن و نایانهەوێ بەهرە لە هۆشمەندی و شـارەزایی کەسانی دیکە وەرگرن.

یەکێـک لە جیاوازیەکـانی قاسـملوو لە گەڵ ڕێبەرانـی ئەمـڕۆ لەوەدا بـوو کە ئەو هەسـتی بەرزی بە کـادر و پێشـمەرگە و کەسانی دەوروبەری خۆی دەبەخشی بـۆ ئەوەی ئەوان خۆیـان چـاکتر و شـایانتر بـزانن. ڕێبەر یـان بەرپـرس ناشـێ وا نیشـان بدات کە کامڵترینی مرۆڤەکانە. ڕێبەران دەشێ لە پشتی پەردەی بەهێزی، هەستی بێ ئاڵترناتیڤ بوون و توانای کۆنترۆلی خەڵکی دیکە دەرکەون و دیمەنی جوانی "خاکی بوون" لە قاسملوو فێـر بـن و ئەو ڕەوشتە لەخۆیـان نیشـان بـدەن. مرۆڤەکـان حەزیـان لەوەیە دەوری کەسێک کۆ بنەوە کە قبووڵی ئەوە بکـات کە ئەویش وەک مرۆڤەکانی دیکە دەتوانێت زیـان ببینێت و لە خەڵکانی دیکە داوای ئەندێشە و پێشنیار بکات. کەسێک کە ڕێگا بە بەشداری خەڵکـانی دیکە دەدات، تەمەنـی ڕێبەریـی خۆی درێژتر دەکات و هەرچی کات بەسەر نەمانی فیزیکی ئەو بـڕوات جێگەی لە نـاو ڕێبـوارانی بەرزتـر و ئـاڵای شـەکاوەتر دەبێت.

٣٠ی جوونی ٢٠١٤


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕێبەری چاک، گوێگرێکی هاودڵە



کاتێک لە خەڵک لە پیوەندی لە گەڵ باشترین ڕێبەر پرسیار بکەی و لێیان بپرسی باشترین تایبەتمەندی ڕێبەرێک کە قەت لەبیر ناکەن چیە: وەڵامەکە ئەوە دەبێت کە ڕێبەر دەبێ گوێگری چاک بێت. قاسملوو لەو ڕێبەرانە بوو، کە بە پێی وتەی هاوڕێیانی چ لە پلینۆمەکان، کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی حیزبی دا گوێگرێکی چاک بوو. گوێگری چاک دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێبەر خۆی بە هاورێی ئەو کەسانە بزانێت کە لە دەوروبەری دا هەن، و گوێ لە قسەکانی دەگرن. کاتێک ڕێبەر بە هاودڵیەوە گوێ لە کەسێک دەگرێت کە رووی قسە لەوە، هەست بە کەسایەتی دەکات و خۆی بە "مێحوەر" دەزانێت. ئەمەش بە واتای رێزگرتن لە کەرامەتی ئەو مرۆڤەیە کە روو لە ڕێبەرە و لە ڕێگای ئەوەوە ڕێزگرتن لە کەرامەتی هەموو کەسانێکە کە لە دەوری ڕێبەر کۆبوونەوتەوە.

مرۆڤ بە گشتی دوو گوێ هەیە و یەک زمان. بۆیە لە پێوەندیەکاندا گوێگرتن لە قسەکردنیش گرنترە. ڕێبەریک کە توانای گوێگرتنی نەبێت،

توانای ئەوەی نابێت پەیامی خۆی بە گوێ خەڵک بگەیەنێت و تەنانەت قسەکەرێکی چاکیش بێت، پەیامەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ لە بیری خەڵک نامێنێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چوارجۆر گوێگرتن لە پیوەندیەکاندا هەیە: گوێگرتنی چالاکانە، گوێگرتنی هاودڵانە، گوێ گرتنی رەخنەگرانە و گوێ گرتنی چێژوەرگرتن.

گوێگرتنی چالاکانە شێوازێکی پێوەندیەکانە کە لە راوێژکاری، فێرکاری و چارەسەری کێشەکان بەکار دەبردرێت و گوێگر وێرای دووپاتکردنەوەی ئەو شتانەی لایەنی دیکە دەلێت، دڵنیایی دەدات بۆ ئەوەی تێگەیشتنی هاوبەشیان هەبێت لە بابەتی گفتگۆ لە پێناو چارەسەری کێشەکان و وێکگەیشتن لە پرسەکاندا.

لە گوێگرتنی هاودڵانە (Empathic listening) کە شێوازێکی گوێگرتن و وەڵامدانەوە بە کەسێکی دیکەیە کە دەبێتە هۆی قووڵبوونەوەی تێگەیشتنی هاوبەش و بڕوا بەیەکتر. ئەم تایبەتمەندیانە بۆ ڕێبەر و کەسانێک کە لە ئاستی بەرپرسایەتیدان زۆر گرنگە بۆ ئەوەی هەم توانایی گوێگرتنیان هەبێت و هەم بتوانن بە جوانی ئەوەی گوێ دەگرن شی بکەنەوە و وەڵامی شیاو بدەنەوە. وەڵامدانەوە بەشێکی جیانەکراوە لە پێشاژۆی گوێگرتنە کە دەتوانێت گفتگۆیەک سەرکەوتوو بکات یان هەڵیوەشێنێتەوە.

**بەرژەوەندیەکانی گوێگرتنی هاودڵانە بریتین لە:**

**گەشەکردنی ڕێز و حورمەت**
**لایەنەکانی گفتگۆ دەتوانن هەستی خۆیان بە شێوەیەکی جوان دەرببڕن**
**کەمکردنەوەی کێشەکان**
**هاندەری مرۆڤە بۆ ئاڵوگۆری زانیاریەکان**
**دەبێتە هۆی پێکهێنانی کەشێکی هێمنانە بۆ باسکردن لە پرسە هاوبەشەکان.**

لە گوێگرتنی رەخنەگرانەدا، سەرنجی گوێگر وردبوونەوە بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی لایەنی بەرامبەر بە مەبەستی ئەوەی بتوانێت لە روانگەیەکی رەخنەگرانەوە وەڵامی قسەکەر بداتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە گوێگر لە پێوەندی لە گەڵ ناوەرۆکی قسەکانی، قسەکەر هەڵوێست دەرببرێت. لە شێوازی گوێگرتنی چێژبەرانە کە لە کولتووری ئێمەی کورددا باوە، بۆنموونە گوێگرتن لە مۆسیقا، قسەی خۆش و شێعر و گۆرانی ناوببردرێت.

ڕێبەریک دەشێ لە تەکنیکی گوێگرتن ئاگادار بێت، تا بتوانێت بەپێی هەلومەرجی هەرکام لەو تەکنیکانە بەکار ببات. قاسملوو لە گفتگۆ و پێوەندیەکاندا ئەو جۆرە گوێگرتنانە دەزانی و و زۆرجار لەو کەسانەی کە لە نزیکەوە شانازی


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە


هەڵسوکەوتیان لە گەڵ قاسملوو دەبیسرێت کە ئەو گوێگرێکی سەیر بوو. بۆیەش ئەو گوێگرێکی "سەیر" بوو چونکە مرۆڤەکان بۆخۆیان دەبوونە "میحوەری" گفتگۆکان. گرنگی گوێگرتن گەر زیاتر لە قسەکردن نەبێت، کەمتر نیە، چونکە بەگوێگرتن بەوانە ڕێبەر دەتوانێت سەرنج بداتە خەڵک و ببێتە ڕێبەری خەڵکی.

۲ی جوولای ۲۰۱٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## قاسملوو ڕێبەری گۆڕانکاریخواز و خزمەتگوزار



هونەری ڕێبەری وەک جوانی وایە. مرۆڤ ناتوانێ شرۆڤەی بکات بەڵام کاتێک ڕێبەرێک دەبیندرێت، دەزانرێ کە ئەو کەسە خاوەنی ئەو هونەر و تایبەتمەندیانەیە یان نە. ڕێبەری لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ بە سێ شێوازی جیاواز دابەش بکرێن: "ڕێبەرانی پاوانخواز" ئەوانەی کە دەیانهەوێ هەموو دەسەڵاتێک بە دەست ئەوانەوە بێت و هەمووشت کۆنترۆل بکەن و لە پێوەندی لە گەڵ هەمووشتێک و بەجیاتی هەموو کەسێک بڕیار بدەن. ئەوان هەمیشە پێویستیان بەوەیە کە ڕێبەر بمێننەوە بۆ ئەوەی بتوانن کارێک بکەن.

"ڕێبەرانی خزمەتگوزار" ئەو ڕێبەرانەن کە تەنیا کاتێک ڕێبەری قبووڵ دەکەن کە بتوانن لەو ڕێگایەوە خزمەتگوزاریەک بە خەڵکی خۆیان پێشکەش بکەن و و "ڕێبەرانی گۆرانکاریخواز" ئەو کەسانەن کە بڕوایان بە بەرزکردنەوەی ئاستی کارایی ، تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی هاوڕێیانیان هەیە و جۆری هەڵسوکەوتیان بە شێوەیەکە کە لایەنگرانی ئەو کەسە وەک ئولگوو و نموونەیەکی خوو و ڕەوشتی باش دەبینن و پێڕەوی لێ دەکەن.

رابرت گرین لیف (Robert Greenleaf) یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٧ دا تیۆری "ڕێبەری خزمەتگوزار"ی داهێنا. بە پێی پێناسەی گرین لیف، ڕێبەر دەشی پێویستی خەڵکی دیکە بەر لە پێویستیەکانی خۆی ببینێت.. ڕێبەری خزمەتگوزار ڕێز لە یەکسانی مرۆڤ دەگرێت و لە ڕێکخراودا لە هەوڵ دەدات ئەندامانی ڕێکخراوەکە گەشە بکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە شێوازی ڕێبەری خزمەتگوزاردا ڕێبەر دەشی خاوەنی هەندێک بیرو ئەندێشەگەلێک بێت کە بریتی بێت لە سەرنجدان و ڕێزگرتن لە کەسانی دیکە. سەرنج ڕێبەر لەو شێواوزە لە ڕێبەریەدا لە سەر هاوکاران و کەسانێکە کە پێرەوی لەو دەکەن و لەو کاتەدا ڕێبەر ویستەکانی خۆی لەبیر دەکات. بە وتەی گرین لیف لە ڕێبەری خزمەتگوزاردا دەشێ خۆشی و تەناهی خۆی لە پێناو هاوڕێیانی لە بیر بکات و خزمەت بو خۆ نابێ هاندەری ڕێبەر بێت و لە داڕشتنی پلانی کاری دا نیازەکانی خۆی لەبەرچاو بگرێت بەڵکوو دەبێ لووتکەی هۆی کارەکانی پێوەندی بە هاوکاران و ڕێبوارانیەوە بێت.

دکتۆر قاسملوو لە ڕێبەری خۆیدا، لە تەواوی قسەکانی خۆیدا رووی لە نیازی گشتی، بەرەوپێش چوونی حیزبی دێموکرات، پەروەردەی کادرەکان و سەرکەوتنی ئەواندایە. بۆیە تەنانەت لە وەسیەتنامەکەشی هەموو داراییەکانی بە جیاتی ئەوەی بۆ بنەماڵەی بەجێ بێلێ، پێشکەشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکات.

بە پێچەوانەی ئەو تا کاتێک بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات هەموو سەرنجی ڕێبەر بێت، ڕێبەری ناتوانێت لە ستانداردێکی بەرزی ڕێبەرایەتی دا بمێنێتەوە و ڕێبەری لە حاڵەتی "بایەخ و بەهای" ڕێبەریەوە بە "پۆستی ڕێبەری" دادەبەزێت. ئەدەبیاتێک کە ئەمرۆ لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا باو و جێگرتووە بەدەست هێنانی پۆستە نەک پلەی و ئەرکی ڕێبەری. خزمەتگوزاری دەشێ ناوەند و کاکڵەی هۆیەکانی ڕێبەری بێت. سروشتیە کە دەسەڵات پێوەندی بە ڕێبەریەوە هەیە و کاتێک کەسێک دەستی بەڕێبەری گەیشت دەسەلاتیشی بەدەستەوەیە، بەڵام ئەو دەسەڵاتە تەنیا کاتێک ڕەوایە کە خزمەتگوزار بێت.

دە تایبەتمەندی کە دکتۆر قاسملوو دەکەن بە ڕێبەرێکی خزمەتگوزار بریتین لە: گوێگرتنی هاودڵانە، هاودڵی، چاکسازی، زانیاری، هێزی تێگەیاندن، واتاسازی، دووربینی و داهاتووبینی، چاوەدێری، دەرووست بوون بە پێشکەوتن و گەشەسەندن، شکل دان بە ڕێکخراو. جیا لەوە دکتۆر قاسملوو کەسێکی ڕاستگۆ، دروستکار، بڕوای بەخۆی و هێزی گەلەکەی هەبوو، کەسێک بوو کە لە رووی رەوشتەوە ئولگووی پێکەوە ژیانی ئامانجی خەبات و ژیانی رۆژانە بوو، پێشەهەنگاو بوو و ڕێزی لە خەڵکانی دیکە دەگرت و هاندەری گەشەسەندنی تواناکانی دیکە بوو. لە زانستی ڕێبەریدا، ئەو تایبەتمەندیانە وەک تایبەتمەندی بەکردەوەی ڕێبەری خزمەتگوزار دەبیندرێن. ئەو تایبەتمەندیانە دەبنە هۆی ئەوەی ڕێبەر شوێندانەر بێت لە سەر دەوروبەر و ژینگەی خۆی. جیا لەو تایبەتمەندیانەی کە باس کرا، دکتۆر قاسملوو خاوەنی تایبەتمەندی "ڕێبەری گۆرانکاری"خوازی هەبوو.

ڕێبەری گۆرانکاریخواز کاتێک خۆی دەنوێنێت کە ڕێبەر لە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتن و پێشڤەچوون و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرکەوتنی هاوڕێیان و ڕێکخراوەکەی بێت و زانیاری و هەستی قبوولی بەرپرسایەتی لە ناو هاوڕێیانی خۆیدا بەرز بکاتەوە. بۆ ڕێبەری گۆڕانکاری خواز پێشاژۆی نفووزی زانیاریانە لە ناو کەسان و گرووپەکاندا بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری ڕەوشی "مەوجوود" بەرەو ڕەوشی دڵخوازانەی ڕێکخراو تەواوکەرەوەی بازنەی ڕێبەری و خەباتە.

چاوخشاندنێک بە هەوڵ و تەقەلاکانی دکتۆر قاسملوو لە نێوان کۆنگرەکانی پێنجەم و شەشەمی حدکادا بۆ پەسەندکردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک ئامانجی دوارۆژی حیزب و هەروەها تئۆریەکانی پێوەندیدار بەو هەڵبژاردنە، بۆمان گۆڕانکاری خوازی قاسملوو دەردەخات. وتار و کرداری قاسملوو هەموو حیزبی دێموکرات و ڕەوتی خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی لە گەڵ ئاڵوگۆڕ بەرەورووکرد و ئەمرۆشی لە گەڵ بێت، بیروهزری خاوەنی لایەنگری بەرین لە ناو کۆمەڵگای کوردیدایە. ئەو جۆرە ڕێبەریە کاتێک جێبەجێ دەبێت کە ڕێبەران هاندەری هاوڕێیانی خۆیان بن و یارمەتیدەر و پشتیوانی ئەوان بەن لە گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان و هاوخەباتانی خۆیان هان بدەن کە زیاتر لە ئاستی بەرژەوەندی تاکەکەسی بیر بکەنەوە و بۆخۆشیان نموونەیەک لەو ڕەوشتە بن.

**تایبەتمەندیەکانی ڕێبەری گۆڕانکاری خواز بریتین لە: خاوەن نفووز بوون، هێزی وزەدان و هاندانی خەڵک، هاندانی هۆشی، سەربەرزی، سەرنج ڕاکێش، خاوەنی حورمەت و وەفاداری و بڕوای لایەنگرانی بەو، بە هۆی هەستێکی ئایدیال کە لە کەسی ڕێبەرەوە وەردەگرن. نفووزی دڵخواز دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێبەر بتوانن وەک سەمبۆلێک لە وتە و کرداری هاوگونج کار بکات و ببێتە نموونەی ڕەفتار و کردار بۆ لایەنگرانی.**

ڕێبەری خزمەتگوزار و گۆڕانکاری خواز خاوەنی تایبەتمەندیگەلی زۆر وێکچوون. بە خوێندنەوەیەکی خێرای ئەو دوو تایبەتمەندیانە دەردەکەوێت کە ڕێبەرێک کە خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانە بێت، خاوەنی کەسایەتیەکی کاریزماتیکە. کاریزمای قاسملوو بە هۆی ئەوەوە نەبوو کە خاوەنی دەسەلاتی زۆر بوو بەڵکوو دەسەلاتەکەی بەهۆی بوونی کەسایەتی کاریزماتیکی ئەوبوو کە هەموو تایبەتمەندیەکانی ڕێبەری لە پێناو خزمەتکردن و بەرەوپێش بردنی تەواویەتی بزاڤی نەتەوایەتی گەلی کورد و حیزبەکەی بەکار دەبرد.

قاسملوو لە ڕێبەری خۆیدا هەستی یەکسانی لە نێوان خۆی و هاوڕێیانی گەشە پێدەدا، چونکە باوەڕی ئەو بە یەکسانی ئەوی هاندەدا کە یەکسانی لە سیستەمی حیزبی و ڕێکخراوەییدا پێک بێنیت. ئەمەش یەکێک لەو هۆیانەبوو کە حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخراوێکی "خۆفێرکار" ڕەوتی فێرکردن و خۆفێرکردنی کردە بەشێک لە پرۆسەی گەشەکردنی مرۆڤی ڕێکخراوەیی و بە پێچەوانەی حیزبە چەپەکان، پەروەردەی ئایدیۆلۆژی لە ناو حیزبدا نەگونجاند و مرۆڤی تاک ڕەهەند بار نەهێنا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

بەداخەوە کولتووری داخراو و سیستەمی حاکم بەسەر حیزبدا لە ساڵانی دوای قاسملوو، بوو بە هۆی ئەوەی کە حیزبی دێموکرات نەتوانێت ئەو شێوازە لە ڕێبەریە و کولتووری ئاڵوگۆر لە خۆیدا گەشە پێبدات و حیزبی دیموکرات لە حیزبێکی گەشەکردوو بەرەو حیزبێکی نەریتی و خۆپارێز پاشەکشەی کرد و بەشی هەرەزۆری قەیرانەکانی ڕێکخراوەیی و سیاسی ناو حیزبیش لەو کولتوور و مێتۆدی ڕێبەرانی دوای قاسملووە سەرچاوە دەگرێت.

٣ی جووڵای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## گۆڕینی ڕێکخراوێکی نەریتی بەرەو ڕێکخراوێکی خۆفێرکار و زانست خوڵقێنەر



یەکێک لە سەرنجراکێشترین دروشمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران "ڕێکخراو چەکی هەرە گرنگی ئێمەیە" بوو کە دکتۆر قاسملوو داهێنەری بوو. بەو دروشمە، خۆڕێکخستن، فێربوون و فێرکردن و هەروەها بەرەوپێشبردنی ڕێکخراو لە ناوکۆمەڵگا بوو بە ئەرکێکی حیزبی و حیزبی دێموکرات دەستی کرد بە دامەزراندنی کۆمیسیۆنە جیاوازەکانی وەک کمۆسیۆنی سیاسی - نیزامی و کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی، کۆمیسیۆنی ماڵی و هتد.

دروشمی ڕێکخراو چەکی هەرە گرنگی ئێمەیە، بوو بە بناغەی گەشەکردنی ڕێکخراوێکی خۆفێرکار و زانست خوڵقێنەر دامەزرا. ڕێخکراوی خۆفێرکار ئەو ڕێکخراوانەن کە ئەندامانی ئەو بە شێوەی بەردەوام تواناییەکانی خۆیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی بە ئاکامی دڵخواز بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش هزری کاری بەکۆمەڵ لە ناو ڕێکخراودا گەشە پێدەدرێت و ئەندامانی ڕێکخراو بە جیاتی ئەوەی کە "چی فێربن" فێری چۆنیەتی فێربوون دەکەن. جیاوازیەک کە لە نێوان پەروەردە لە حیزبی دێموکرات و حیزب و ڕێکخراوەکانی چەپدا هەبوو، ئەوەیە کە: ڕێکخراوە چەپەکان ئەندامان و کادرەکانی خۆیان فێری ئەوەیان دەکرد کە "چی فێربن" و حیزبی دێموکراتی ڕێکخراوە و ئەندامانی فێری "چۆنیەتی" فێربوون دەکرد و چی فێربوون گرێدراو بە ویست، توانایی و پێویستی کاری ئەندام و کادری حیزبییەوە بوو.

ڕێکخراوی خۆفێرکار بە واتایەکی دیکە ڕێکخراوێکی زانست خوڵقێنەرە، ئەو ڕێکخراوانەی کە لەواندا زانست و زانیاری نوێ


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

و داهێنانی کارێکی تایبەت بە پسپۆران و شارەزایان نیە، بەڵکوو جۆرێک لە کردەوەی هەموولایانەیە و شێوازێکە کە ئەندامانی ڕێکخراو بەکردەوە جێبەجێی دەکەن. بە واتایەکی دیکە ڕێکخراوی زانست خوڵقێنەر ڕێکخراوێکە، کە لەودا هەر کەسێک مرۆڤێکی داهێنەر و زانست خوڵقێنەرە. لەوەها ڕێکخراوێکدا هزر، باس و گفتگۆی بەکۆمەڵ و داهێنانی بیرو هزری نوێ پشتگیری لێدەکرێت و ئەندامان هاندەدرێن بۆ فێربوون و داهێنانی نوی.

ئەو جۆرە ڕێکخراوانە ڕێکخراوگەلێکن کە تایبەتمەندی ئایدیاڵیان هەیە و ڕێکخراوی ئایدیۆلۆژیک نین. بەڵکوو ئەوەی هاندەری ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوکەیە، ئارمان و ویستی ڕێکخراوەیە کە لە سەرووی ئایدیۆلۆجیەکانی بەرچاوتەنگ و سێکتاریستە. دکتۆر قاسملوو بە ئاگاداری ئەو راستیە هەولێکی زۆری دا ڕێکخراو و ئۆرگانەکانی حیزبی ببنە ڕێکخراوی خۆفێرکار و زانست خوڵقێنەر، بۆیە لە دارشتنی سیستەمی پەروەردەی حیزبی و پێکهێنانی فەرهەنگی ڕێکخراوەییدا، کەشی ئازد و دێموکراتیکی فێرکاری بە باشترین شێوەی فێربوونی زانیوە و بەرلەوەی کە ناوەرۆکی بابەتە فێرکاریەکان بکاتە سەردێری بابەتەکانی فێرکاری حیزبی، چۆنیەتی فێربوون و فێرکاری بردۆتە ناو ڕێکخراوەکانی حیزبی دا.

ئەو کەسانەی کە لە سەردەمی سکرتێری قاسملوودا بەشداری فێرگەی سیاسی نیزامی بوون، لەوانەیە چاک لەبیریان بێت، کە یەکێک لە سەرەتاییترین بابەتەکانی پێوەندیدار بە فێربوون بەتایبەت لە بواری کاروباری کۆمەڵایەتیدا، فێرکردنی پێشمەرگەکان بە بنەماکانی دێموکراسی و خۆبەڕێوەبەری بوو کە بە شێوەی هەڵبژاردنی شوورای پێشمەرگەکان بۆ کاروباری پێوەندیدار بە بەرێوەبردنی پێویستیەکانی پێشمەرگەکان وەک کاروباری تەداروکات، دابەشکردنی نۆرەی نیگابانی، بەرنامەکانی دیکەی پێشمەرگەکانی بەشدار لە دەورەدا. ئەو نموونە بچووکە وێنەیەکە لەو داهێنانەی کە دکتۆر قاسملوو بە ئەزموونی ولاتانی پێشکەوتوو لە خۆبەڕێوەبەری و خۆفێرکاریدا بۆ ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هێنابوو.

ئەوەی لە ڕێکخراوی خۆفێرکاردا گرنگە گۆڕینی جۆری کردار وەک بنەماترین بەشی فێربوون دەبیندرێن. فێربوون رەوتێکە کە لەودا کردار و ئەندێشەکانی کەسان دەگۆڕێت و تا بەشێوەیەکی دیکە بیر بکەنەوە و کرداریان بەو شێوەیە بگۆردرێت. بەو شێوەیە لە ڕێکخراوی خۆفێرکاردا فێربوون کاتێک بەجێ دێت، کە گۆرانکاری لە کرداری ئەندامانی ریکخراوەکەدا ببیندرێت. ئەم کردەوانە زۆرجار بە شێوەی راستەوخۆ دەبیدنرێن و گەلێک جاریش بە شێوەی ناراستەوخۆ هەست پێ دەکرێت.

زۆرجار رەخنە لە حدکا دەگریت، لە مەڕ هەڵسوکەوتی وەک سەردەمی شەڕی چەکداری و ئەوکاتەی کە گەورەترین هێزی کوردستانی بوو. ئەوم قسەیە تا ئاستێکی زۆر راستە و بەداخەوە لەوەرا سەرچاوەدەگریت کە ڕێکخراوی حیزبی دوای نەمانی دکتۆر قاسملوو و شەرەفکەندی ئاڵوگۆڕێکی ناوەرۆکی و سەردەمیانە بەخۆیەوە نەبینیوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

ڕێکخراوی خۆفێرکار بە پێی سەردەم فێردەبێت و هەڵسوکەوتی خۆی دەگۆڕێت. ڕێکخراوی خۆفێرکار ڕێکخراوێکە کە کردەوەکانی لە ڕێگای ئاگاداربوونەوە تێگەیشتنی چاکتر باشتر دەبێت و ئاڵوگۆڕ و ریفۆرم لە خۆیدا پێک دێنێت و لە ڕێگای ڕەوتی پێوەندیەکانەوە پەلوپۆی کردەوە و هەڵسوکەوتی لە ناو کۆمەڵگادا چاکتر دەکات و بەرەوپێش دەبات. ڕێکخراوەکان کاتێک دەتوا خۆیان بە ڕێکخراوی خۆفێرکار و زانستخوڵقێنەر بزانن کە خوێندنەوەیەکی چاک لە مێژووی خۆیان هەبێت و ئەو خوێندنەوانە وەک چرای ڕێگایان بکەنە ڕێنوێنی کار کردەوەکانیان.


فێربوونی ڕێکخراو پێشاژۆی دۆزینەوەی کەموکۆری و هەڵەکان و ڕاستکردنەوەی ئەوانە. فێربوونی ڕێکخراو لە سەر بنەمای بۆچوونی هاوبەش، هاوفکری و ئولگووری بیروزانست و ئەزموونەکانی پێشوو و ڕووداوەکانی داهاتوو دامەزراوە. حیزبی دیموکرات لە سەردەمی قاسملوودا لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٩ بۆ ١٩٨٩ دا بەو پێیە هەوڵی داوە چەندین گۆڕانکاری لە فەرهەنگی ریکخراوەیی، هەڵسوکەوت، پەروەردە و جۆری بیرکردنەوەی سیاسی پێک بێنێت و ناسنامەی ڕێکخراوێکی چالاک و زیندوو لە ڕووی ڕێکخراوەیی و گەشەکردنەوە بۆ حیزبی دیموکرات بەدەست بێنێت. ئەمرۆ بیست و پێنج ساڵ دوای نەمانی دکتۆر قاسملوو کەمترین ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە فەرهەنگی ڕێکخراوەیی حیزبی دا پێک هاتووە و کەمترین کار کراوە لە پێناو ئەوەی کە ڕێکخراوەکانی حیزبی ببنە ڕێکخراوی بەڕاستی خۆفێرکار و زانست خوڵقێنەر. بۆیە ئەوەی کە پێی دەڵێن "داهێنانی فیکری" لە ناو ریزەکانی حدکادا کەمتر لە ئاستی پێویستە و کۆچی نوخبەگان و شارەزایان لە ریزەکانی حیزبی دیموکرات بووتە ڕەوتێکی مەترسیدار و غەمباری ساڵانی ڕابردوو.

٤ی جووڵای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## سەربەخۆیی کلیلی سەرکەوتن و پێشڤەچوونە



**بۆ ئەوەی بزانین مەبەستی قاسملوو لە ڕێکخراوی خۆفێرکار و زانست خوڵقێنەر چی بووە، شیکردنەوەی ڕێکخرڕێکخاوی خۆفێرکار و تایبەتمەندیەکانید ەتوانێت زیاتر یارمەتیدەربێت:**

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق، کۆبوونەوەیەک لە بنکەی دەفتەری سیاسی حدکا لە ناوچەی قەندیل بۆ دکتۆر قاسملوو پێکهێنرا. لەو کۆبوونەوەیەدا دکتۆر قاسملوو لە سەر ڕەوشی پێکهاتوو دوای قبووڵی بڕیارنامەی ٥٩٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لایەن ئێرانەوە دواو و لەو پێوەندیەدا هەندێک سیناریۆی دوای کۆتایی هاتنی شەڕەکە کە لەوانەیە شۆرشی کوردستان لە گەڵی بەرەورووبێت هێنایە بەر باس. یەکێک لە خاڵە هەرەسەرنج ڕاکێشەکانی وتەکانی دکتۆر قاسملوو بریتی بوو لەوە کە "حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی بتوانێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزیت و هەروا پێشڕەوی خەباتی نەتەوایەتی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران بمێنێتەوە، دەبێ سەربەخۆیی سیاسی خۆی بپارێزێت و نەرۆتە خوارەوەی جادە ئاسفاڵتەکە." مەبەست لە جادەکە ئەو جادەیە بوو کە لە قەڵادزێ و دیانا بەیەکەوە گرێدەدا و گواستنەوەی بنکەکانی حدکا بۆ خوارەوەی ئاسفاڵتەکەی بە واتای گرێدراوەیی و ژێر چاوەدێری هێزەکانی دەوڵەتی عێراقەوە دەهات. سەربەخۆیی سیاسی و ڕێکخراوەیی کلیلی سەرکەوتنی ڕێکخراوێکی خۆفێرکەر و زانستخوڵقێنەرە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێکخراوی خۆفێرکار ڕێکخراوێکە کە وەک تەواویەتێک و بەشێوەی هاوئاهەنگ فێر دەبێت و بەرەو پێش دەروات. ڕێکخراوی وا بۆخۆی ڕێگاکەی دەدۆزێتەوە و بەرەوپێش دەروات. ئەزموونی کەسانی شارەزا و خاوەنبیر بەکاردێنێت و چاکسازی لە ڕێگای خۆیدا دەکات. کەسێک ڕێکخراوی وا کۆنترۆل ناکات، ڕێکخراو سەربەخۆیە و ملکەچی دەسەڵاتە دەرەکیەکان نیە و ئامانج و ڕێگای خۆی بۆخۆی دیاری دەکات.

ڕێبەرانێک کە هەستی فێربوون لە ناو ڕێکخراودا لاواز بکەن و بە بیانووی جۆراجۆری وەک "ئەوانە بۆ حیزب نابنە ماڵ" و "دوای دووساڵ لە ناو حیزب دەرۆنەدەر" ڕەوتی ڕێکخراوی خۆفێرکار بەرەو ڕێکخراوێکی داخراو و ڕاوەستاو (ایستا) دەبات و پێشکەوتنی ریکخراوەیی کپ دەکات.

ڕێکخراوی خۆفێرکار هەستیارە بەرامبەر فێربوونی ئەندامانی خۆی. ڕێکخراوی خۆفێرکار پێویستی بە فێربوون هەست دەکات و بەردەوام پەیجۆی فێربوونە. ڕێکخراوی خۆفێرکار وەک مرۆڤێک پێویستی بە گەشە کردنی خولیای فێربوون هەیە. ڕێکخراوێک گەر هەست بکات کە بۆ درێژەدان بە ژیان لە ژینگەیەک کە ڕکەبەری سیاسی و ڕێکخراوەیی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لە زیادبووندان دەبێ بتوانیت سەرکەوتوو و جێی متمانەی زۆربەی خەلک بێت، بێگومان بەدوای فێربووندا دەگەڕێت و گەر ئەو نیازە هەست نەکات، هیچ هۆیەکی نیە بۆ فێربوون. ڕێکخراوێک کە داهات و شێوەی ژیانی گرێدراو بە بودجەیەکی دیاری کراو لە لایەن دەوڵەت یا خود ڕێکخراوە ناونەتەوەییەکانەوە بێت و هەست بە ڕەکەبەری نەکات، ڕێکخراوێک کە لە بەرامبەر خەڵکدا وەڵامدەرەوە نەبێت، ڕێکخراوێک کە ڕێبەرایەتیەکەی لە بەرامبەر ئەندامانی وەڵامدەرەوە نەبێت، پێویستیەکی بە فێربوون نابینێت و دەوای فێربوون و پێشکەوتن ناگەڕێت. بۆیە بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکان فێربن دەبێ لە ژینگەیەک بن کە تێدا ڕکەبەریی ڕاستەقینە هەیە بۆ ئەوەی بتوانیت بنکە و بنیاتەکانی خۆی ئاوەدان بکاتەوە. ڕێکخراو دەبێ بەردەوام بەراوردی ڕەوش بکات و کردەوەکانی خۆی بخاتە بەرلێکۆلینەوە و لەبەرامبەر بەرپرسایەتیەک کە بە ئستۆ گرتووە بکەوێتە ژێر پرسیار و هیچ ڕێکخراوێک بە بێ هۆی پشتیوانی لێی نەکرێت. لە کەشێکی وادایە کە ڕێکخراو دوای فێربوون دەگەڕێت ناچار دەبێت بۆ مانەوەی خۆ فیر بێت و ئەنگیزەی فێربوون لە ناوخۆیدا گەشە پێبدات.

ڕێکخراوی خۆفێرکار لە گەڵ کێشەکان ڕانایەت و هەستیار و وریایە. هەرکە کێشەیەک هەست بکات دەست بەجێ لە هەوڵی چارەسەری ئەو کێشەیە دەبێت. هەوڵ دەدات ڕێگا چارەسەری نوێ بدۆزێتەوە و کێشەکان ناشارێتەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ۱۹۹۳بە دواوە وا لە گەڵ کێشەکان ڕاهات کە بەرەبەرە کێشەکانی جیناحی، ناوچەگەرایی و هتد بە سروشتی ناوبرد و لە بەرامبەر کێشەکاندا دەستەوئەژنۆ مایەوە و ڕۆڵی قوربانی گێرا. ڕێکخراوێک بەو تایبەتمەندیە هیچکات ناتوانێت ڕێکخراوی خۆفێرکار بێت و خۆی بە میراتگری ڕێبازی قاسملوو بزانێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

ڕێکخراوی خۆفێرکار دەبێ کەرەسەی وشیاری و خەسارناسی لە ناوخۆیدا زیاد بکات و هەرکات هەستی کرد بە کێشەیەک دیتە ناو ڕێکخراو ئەو کێشەیە بناسێت و لەبەرامبەری ئەو خەبات بکات. ڕێکخراوی خۆفێرکار دەشێ کێشەکان بناسێت و بە دۆزینەوەی مکانیزمی چارەسەری کێشەکان ڕێکخراوەکە لە هەڵدێری رووخان رزگار بکەن. زۆرجار وا پێویستە ڕێبەران خۆیان بە جیاتی ئەندامانی سادە، خەڵکی ئاسایی دابنێن بۆ ئەوەی خاڵە لاوازەکان بەچاوی خۆیان ببینن.

٥ی جووڵای ٢٠١٤

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕێکخراوی خۆفێرکار پێویستی بە کادری داهێنەر هەیە.



قاسملوو لە ماوەی ڕێبەریەکەیدا هەوڵێکی زۆری دا کە ئەندامان و ڕێبەرایەتی حیزب فێری پێڤاژۆی نوێ بن لە ناو حیزبدا و فەرهەنگێکی نوێ کە بریتی بێت، لە فەرهەنگی ئاڵوگۆر لە ناو حیزبدا جێگیر بکات. فێربوون لە ئاستی سەرەتاییەوە بگرە تا کادری بەرز بنەماکانی ڕێبەریی حیزب بوو و کۆنگرەکانی حیزبی لە سەردەمی ڕێبەری قاسملوودا نموونەی فێربوونی کۆلێکتیڤ و بەکۆمەڵ بوون کە دوای تیرۆری ئەو لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبیدا جێیان خاڵیە. چاوخشاندنێک بە ڕاپۆرتەکانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی چوارەم تا هەشتەمی حیزب، ئەو ڕاستیە جوانتر روون دەکەنەوە، کە ڕاپۆرتەکان جیا لە گوزارشتی سیاسی سیاسەتێکی پەروەردەیشی لە خۆیدا گونجاندووە. چونکە ئەو بەو بڕوایە بووە کە ڕێکخراو و کاری ڕێکخراوەیی وەک هونەری وەرزش وایە، وەرزشڤان ناتوانێت بە کاوەخۆ و بە بێ فێربوون و ڕاهێنانی بەردەوام و بێ ڕاوەستان بگاتە لووتکەی سەرکەوتن و بڵێت من وەرزشڤانم.

پیتر سێنج (Peter Senge) لە کتێبی "ئەسڵی پێنجەم"ی خۆیدا نموونەیەک دێنێتەوە کە لە پێوەندی لە گەڵ پەروەردە و سیاسەتی ڕێکخراوی خۆفێرکاردا زۆر سەرنجراکێشە. ئەو دەڵێت گەر بۆقێک لە ئاوی کوڵیو دابندرێت بە خێرایی خۆی لێی فرێدەدات و دەردەکەوێت. بەڵام گەر بۆقەکە لە قاپێکی ئاو دابندرێت کە بەرەبەرە گەرمای زیاد بکرێت، بۆقەکە هەست بە بەرزبوونی پلەی گەرمای ئاوەکە ناکات و دژکردەوەیەکیش لەبەرامبەر بەرزی گەرمادا لە خۆی نیشان نادادت، تا ئەوکاتەی کە ئاوەکە دەکولیت بۆقەکە هەست بە گەرمی دەکات بەڵام ئیتر زۆر درەنگە، چونکە دەمارەکانی بۆقەکە ئەوەندە شل بوون



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کە نەتوانێت خۆی لە قاپەکە فرێبدات و لە ناو ئاودا دەکولێت. ڕێکخراوەکانیش گەر وریا نەبن، کێشەکان بەرەبەرە لە ناو جەستەی ئەواندا جێ دەگرن و کاتێک دەگات کە ئیتر توانای چارەسەری کێشە وەسەریەک کەوتوەکانیان نامێنێت و دەبێ لە مەیدانی چالاکی بڕۆنە دەر.

ئەندام گرینگترین سەرمایەی هەر ڕێکخراوەیەکی سیاسی، مەدەنی و تەنانەت بازرگانیە. ڕێکخراو لە ڕێگای ئەندامان و کادرەکانیەوە رەوتی فێربوون جێبەجێ دەکات. هەرچەند تەنیا فێربوونی کەسان بۆ فێربوونی ریکخراو بەس نیە، بەڵام مەرجی پێویستی ڕێکخراوی خۆفێرکار فێربوونی ئەندامان و کادرەکانیەتی. لە ڕێکخراوی خۆفێرکاردا دەشێ ئەندامان بتوانن تواناییەکانی خۆیان بدۆزنەوە و ئەوان گەشە پێبدەن و ژیانی خۆیان و ڕێکخراویان دەوڵەمەنتر بکەن. هەموو مرۆڤێک خاوەنی هێزێکی داهێنەرانەی شاراوەیە، کە گەر ئەو تواناییانە بناسرێن و گەشەیان پێبدرێت ڕێکخراو لەو هێزانە بەهرەیەکی زۆر دەبات. هەرکات مرۆڤێک تواناییەکانی خۆی ناسی و دەست بە گەشەکردنیان بدات، بەردەوام فێردەبێت و داهێنەر و نوێگەرا دەمێنێتەوە. ڕێکخراوی خۆفێرکار لەو جۆرە مرۆڤانە پێک دێت. مرۆڤی گەشەکردوو و داهێنەر بەرزتر لە مرۆڤێکە کە جارێک فێربووە و شارەزای هەتاهەتاییە. مرۆڤی وا بە شێوەی ڕێئاکتیڤ و دژکردەوە کارناکات بەڵکوو چالاک و خوڵقێنەرە. ئەو تەنیا لە بەرامبەر ژینگەدا دژکردەوە لەخۆی نیشان نادات بەڵکوو ژینگەیەک ساز دەکات کە لە پێناو ئامانجەکانی خۆیدا بگۆڕێت. ئەو بەجیاتی خۆسازان لە گەڵ قەزاو و قەدەری ژینگەیی، ژینگە لە گەڵ خۆی دەگونجێنێت.
قاسملوو ڕاست بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی کرد. ئەو چاوەڕێ نەبوو پێشتر ژینگە بە شێوەیەک بگۆردرێت کە بتوانێت رەخنە لە سۆسیالیزمی مەوجوود بگرێت، چاوەڕێی گۆرباچۆڤ نەبوو کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک بکاتە ئامانجی دوارۆژی حیزبەکەی و چاوەڕێ نەبوو کە دێموکراسی بێتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و یا خود دوای نزیک بە چل ساڵ لە نووسینی تێزەکەی تازە باسی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورە بکرێت. ئەو چاوەڕێ نەبوو کە سۆسیالیست ئەنترناسیۆنال لە ساڵی ٢٠٠٠ ئامانجی سەدەی خۆی بە سۆسیالیزمی دێموکراتیک دیاری بکات تا حیزبەکەی بە پێڕەوی ئەو ڕێکخراوە ئەوکارە بکات. ئەو چەمکانەی کە بۆ گۆڕانی کۆمەڵگا پێویستن ئەو کردە کلیلی رەمزی ئاواتەکانی حیزبەکەی و وێرای خەباتی رۆژان و رووتینی حیزبی لە پێناو فێربوون و بەرەوپێشچوونی حیزب و کۆمەڵگاکەی تێدەکۆشی. کاتێک ڕێکخراو بوو بە خاوەنی ڕێبەری وا، شکلی ڕێکخراویش وەک سروشتی مرۆڤە خۆفێرکارەکانی دەگۆردرێت. مرۆڤەکانی داهێنەر و خۆفێرکار رۆحی ڕێکخراوی خۆفێرکەرن. مرۆڤە داهێنەرەکان ژینگەی بگۆر دەناسن و گۆرانکاریەکانی بەردەوامی ژینگە لە پێناو ئامانجەکانی ڕێکخراویان بەکار دەبەن. فێربوون تەنیا گێرانەوەی زانیاریەکان و کۆکردنەوەی ئەوان نیە. بەڵکوو بریتەیە لە گەشەکردنی تواناییەکان و فێربوونی داهێنان و بنەماکانی ریکخراوێکی چالاک و بەبەرهەمە.

زانیاری بۆ رزگاری دروشمێک بوو کە لە سەردەمی ڕێبەری دکتۆر قاسملوودا لە سەر کتێبە پەروەردەییەکان دەبیندران و


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەوپێیەش لەناو حیزبی دێموکرات دا سەرمایەگوزاریەکی زۆر دەکرا لە سەر فێربوون و خۆفێرکردنی ئەندامانی حیزب، فێربوونێک کە جیاوازیەکەی لە گەڵ حیزبەکانی دیکە لە چۆنیەتی فێربووندا بوو نەک چی فێربووندا. مرۆڤی داهێنەر و خۆفێرکار لە دیاردەیەکی بەردەوامی فێربوون ژیان دەکات. ئەو فێردەکات، تاقی دەکاتەوە و لە ڕێگای فێربوون و زانینەوە خۆی وەدی دێنێت. بۆ ئەوان فێربوون و داهێنان ئەرکێکی پیرۆزە و ئەمەش هاندەری ئەوانە لە کارو چالاکیەکانیاندا. مرۆڤە داهێنەرەکان فێردەبن چۆن ئاڵوگۆرەکان قبووڵ بکەن و بەهرەیان لێ وەرگرن. خۆراگری بەرامبەر بە گۆرانکاری لە مرۆڤەکانی خۆفێرکار و داهێنەر ناوەشێتەوە. هەر دیاردەیەکی نوێ مرۆڤی خولیای فێربوون ناچار بە بیرکردنەوە دەکات و لە هەر ڕووداوێک شتێکی تازە فێر دەبێت.


چالشێک کە ئەمرۆ لە بەرامبەر ڕێبەری حیزبی دێموکراتدا هەیە، ئەوەیە کە چۆن بتوانێت لە پێناو پەروەردە و گەشەسەندنی ئەندامانی چالاک و داهێنەردا هەنگاو بنێت و "جەرزابیەتی" بیرورا و تواناییەکانی جیاوازی هەبێت؟ گەشەکردنی ئەندامانی ڕێکخراو و بەرزبوونەوەی ئاستی داهێنانی ئەندامانی ڕێکخراو، دەبێتە هۆی پێشکەوتن و گەشەکردنی حیزب. حیزبی دێموکرات لە حیزبێکی نەریتیەوە دووبارە دەکاتە حیزبێکی نوێخواز، داهێنەر و پێشڕەو کە لەودا شایستەسالاری کۆدی هاوبەشی بەرەوپێشبردنی ڕێکخراوەکانی حیزبیە.

٦ی جوولای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## فێربوون لە ئەزموون بە واتای مانەوە لە مێژوودا نیە



ئەزموونی تاڵ، بەشێکی جیانەکراوە لە مێژووی بزاڤی نەتەوایەتی کورد و نەمازە حیزبی دێمکراتی کوردستانی ئێران کە بەهۆی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە هەرگاڤ لە هێلی یەکەمی هێرشی نەیارانی گەلی کورد بووە. لە دەستدانی یەک لە دوای یەکی رێبەرانی بلیمەتی وەک دکتۆر قاسملوو و دکتۆر سادق شەرەفکەندی، بووتە هۆی تراوما و خەسارێکی قووڵی گشتی کە بڕوابەخۆ بوون و هەستی بوێری خەبات تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش تا راگەیاندنی ئاکامی دادگای میکۆنۆس لە ١٠ - ٤ - ١٩٩٧ دا تووشی لێگەر و چالش کردبوو و لەوماوەیەدا و تەنانەت لە سەردەمی دوای راگەیاندنی حوکمی دادگای میکۆنۆسیش زۆربەی هەرەزۆری چالاکیەکان دژکردەوەیی و ریئەکتیڤ بوون.

رێکخراوی خۆفێرکار دەشێ لە ئەزموونەکانی رابردووی دەرس وەرگرێت. بەڵام ناشێ تەنیا خۆی بە ئەزموونەکانەوە ببەستێتەوە. هێنانەبەرباسی لەرادە بەدەری ئەزموون و دەستکەوتەکانی رابردوو بە واتای ساکاری ئەندێشە و نەبوونی پلانی داهاتوو دێتەوە. رێکخراوی چالاک رێکخراوێکە، کە زانست و تێگەیشتوویی لە پێش ئەزموون دادەنێت و بە وێکدانەوەی زانست و ئەزموون هەوڵ دەدات زۆرترین ئاکام وەرگرێت. سەرچاوە و ئیمکاناتی حیزب زۆر بەنرخ و سنووردارن. بە سوودی حیزب نیە کە تەنیا بە ئەزموونەتاڵەکان و هەڵەکردن دەرسی سەرنەکەوتن وەرگرێت. ئەمجۆرە دەرسوەرگرتنانە لە سەر رێکخراو زۆر گران دەکەون داهاتووی حیزب بەرەو هەڵدێری لێک هەڵوەشان دەبات. حیزب دەشی بە کەڵک وەرگرتن لە زانیاری، شارەزایی و پسپۆری ئەندامان، لایەنگران و کادرەکانی خۆی هەڵبژاردەی سەرکەوتوو بۆ داهاتوو دیاری بکات



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونەکانی رابردوو بڕیاری گونجاو و ژیرانە بدات. کەڵک وەرگرتن لە زانیاری و شارەزایی خەڵکانی دیکە خێرایی و وردبینیەکی زیاتر دەبەخشێت بە حیزب هەزینەکانی خەبات و گشتگیری رەوتی خەباتی میللی کەمتر دەکات. کەڵکوەرگرتن لە ئەزموون و شارەزیی کەسانی شارەزا دەبێتە هۆی ئەوەی کە بڕیارەکان ریالیستانەتر و هاوساز لە گەڵ ئەو ژینگانە بن کە حیزب تێدا چالاکە. زانست دەرگای پەنجەرەکانی داهاتوو بۆمان دەکاتەوە و رابردوو ئەزموونەکان وەبیر دێننەوە. کەڵک وەرگرتن لەو دووانە دەبێتە هۆی بڕیاری گونجاو و شیاوی حیزب.

لە کورتەباسیک لە سەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک دکتۆر قاسملوو بەکەڵک وەرگرتن لە رابردووی خەباتی نەتەوایەتی لە باشووری کوردستان و هەروەها خەباتی حیزبی توودەی ئێران بەو ئاکامە دەگات کە خەبات لە پێناو کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و سەرکەوتوودا دەبێ هەم خەباتی نەتەوایەتی بێت و هەم خەباتی کۆمەلایەتی و ئەو دووانە پێکەوە گرێدەدات. ئەزموونی رابردوو و زانستی قاسلموو ئاسۆبینیەکی نوێ بەو دەبەخشێت تا بتوانێت نەخشەرێگای خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، جیاوواز لە هەموو حیزبەکانی دەوروبەر دابڕێژێت و نرخ و بەهاکانی سیاسی و ئەخلاقی ئەو حیزبە بکاتە نرخ و بەهای داهاتوو و بناغەی فەلسەفی ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستاندا.

رێکخراوی خۆفێرکار لە ناوخۆیدا دوای کێشەکان دەگەرێت. زۆرجار کاتێک رەخنەیەک لە سیاسەت یان بڕیارێکی حیزبی دەگیرێت یا خود لە پیوەندی لە گەڵ کێشە و پرسەکانی ناوخۆیی حیزب گفتۆیەک دەکرێت، خاوەنی رەخنە بە ساویلکە یا خود بەرهەمی فریوخواردوویی لە کەسانی دەرەوەی حیزب دەزانرێت. سروشتی مرۆڤ وایە کە بە زۆری پێی خۆشە هۆیەکانی کێشە و شکستەکانی خۆی بە هۆیەکانی دەرەکی کە کۆنترۆل ناکرێن ببەستێتەوە و سەرکەوتنەکانیش ئەنجامی چالاکی و سیاسەتی حەکیمانەی خۆی بزانێت. ئەم جۆرە بۆچوونە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە دەرەوەی خۆی دوای هۆی کەموکۆریەکان بگەرێت و خۆی دوور بزانێت لە کەموکۆری. کەس وا هیچ کات ناتوانێت لێکدانەوەیەکی دروستی لە تواناکان و خاڵە لاوازەکانی خۆی هەبێت و لە ئەنجامدا ناتوانێت ببێتە کەسێکی سەرکەوتوو. حیزبی دێموکراتیش زۆرجار لە دەست ئەو نەخۆشیە دەنالێنێ و زۆربەی جارەکان کێشەکان بە هۆیەکانی لەدەرەوەی دەسەلاتی خۆی و دەرەوەی حیزب دەبەستنەوە و بەرپرسان لە بەرامبەر هەموو کەمۆکۆریەکاندا خۆیان بەری دەبینن. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هیچکاتێک لە ناو خودی حیزبدا دوای هۆیەکانی کێشە و شکستەکان بکەون و لێکدانەوەیەکی دروست لە پرس و لاوازیەکانی حیزب ئەنجام نەدرێت. رێکخراوی خۆفێرکار دەشێ هەر کێشەیەک کە دێتە پێش بەرلە هەموو شتێ بە بێ دەمارگرژی و تەعەسوب لە هۆیەکانی ناوخۆیی بکۆڵێتەوە. لە رەوشێکی وادایە کە حیزب خاڵەلاوازەکانی خۆی دەبینێت و لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەوان دا دەبێت. گەر رێکخراو کەموکۆریەکانی خۆی لە بەرچاو نەگرێت و خاڵە لاوازەکانی خۆی نەبینێت، هیچکات لە ئەزموونی رابردوو فێر نابێت. هەروەکوو لە ئەزموونی کۆنگرەی هەشتەم، دەهەم و سێزدەهەمی حیزبی دێموکرات



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

دا دەردەکەوێت، شکستەکانی رابردوو کەمترین ئەزموونیان فێری رێبەرایەتی حیزب کردووە. راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بۆ کۆنگرەی چواردەهەم لە پێوەندی لە گەڵ کێشە ناوخۆییەکاندا ئەو راستیە دووپات دەکاتەوە کە رێبەرایەتی حیزب بوێری ئەوەی نیە چاو لە ئاوێنە بکات لە پێوەندی لە گەڵ کێشەکانی ناوخۆییدا. کاتێک رێکخراو کێشەکان بە هۆیەکانی دەرەوەیی یان هۆیەکانی جگە لە خۆی دەبەستێتەوە لە ئاکامدا کێشەیەک نابینێ تا چارەسەری بکات و ئەنگیزە و هۆیەکیش نابینێت بۆ ئەوەی لێی فێر بێت.


حیزبێک کە ئاڵوگۆڕەکانی ناو کۆمەڵگا نەبینێت و پرسەکۆمەڵایەتی و گۆرانکاریەکانی نەسلەکانی ناو کۆمەڵگا نەبینێت و هەروا بە زمانی رابردوو قسە بکات و نەتوانێت لە هۆی شکستەکانی پێوەندیدار بە مانۆری سیاسی لە کاتی هەلبژاردنەکان و تەنانەت یادکردنەوەی کارەساتی رێبەرانی شەهید ئەزموونی گونجاو وەرگرێت، هیچکات فێر نابێت. چونکە هیچکات کەموکۆریەک لە سیاسەتەکانی خۆیدا نابینێت تا دروستیان بکاتەوە. دیارە کاتێک کە باس لە حیزب دەکەین، مەبەستی ئێمە رەوتی بەرێوەبەری و شێوازی هەڵسوکەوتی رێبەرایەتیە لە گەڵ پرس و کێشەکاندا.

۷ی جوولای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## گەشەکردنی کاری تیمی دەبێتە هۆی فێربوونی گشتی



بە پێی ماددەی حەوتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە لەسەر بنەمای فیکری دکتۆرقاسملوو یەکەمجار بەو شێوەیە دارێژراوە، لە ناو حیزبی دێموکرات دا "داڕشتنی پلان و بڕیار لە بەرزترین ئۆرگانەوە تا خوارترین ئۆرگان بە کۆمەڵە، تاکڕەوی و سەرەڕۆیی لە ناو حیزبدا جێگایان نیە". ئەم بەندەی پێڕەوی ناوخۆیی حدکا، لە راستیدا رێبەرایەتی ئەو حیزبە ئەرکدار دەکات بە پەروەردەکردنی کاری تیمی و گرووپی و پێکهێنانی فەرهەنگی گرووپی. رێکخراوی خۆفێرکار، فێربوونی گرووپی و تیمی ئاسان دەکات و ئەندامان بۆ ئەو شێوە فێربوونە هان دەدات. رێکخراوی خۆفێرکار بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازەکانی دیالۆگ و گفتگۆ فێربوونی گرووپی لە ناو رێکخراودا گەشە پێبدات. ئەندامان دەبێ فێربکرێن کە کۆی گشتی چالاکی ئەوان وەک گرووپ یان تیمێک زیاتر لە کۆی گشتی کاری دانە دانەی ئەوانە. گرووپە هاوکار و هاوئاهەنگەکان دەتوانن پێکەوە فێربن و فێربوونی ئەوان دەتوانێت هێزێکی سەیر بۆ گەشەکردن و پێشڤەچوونی رێکخراوەکە هەبێت. باسوگفتگۆ دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەندامان لە بیروبۆچوونی ئەندامان ئاگادار بن. دیالۆگ زمانی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی حیزب پێک دێنێت و دەبێتە هۆی کەمبوونی جیاوازی نێوانیان. باسوگفتگۆ دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەزموون، شارەزایی و زانیاری ئەندامان لە نێوان یەکتر ئاڵوگۆڕی بەسەردابێت و پێوەندی نێوان ئەندامان قووڵتر و بەهێزتر بێت. بۆ ئەوەی دیالۆگ بەئاکام بگات دەشێ ئەندامان پێش قەزاوەتی خۆیان وەلا بدەن و بە بیرێکی کراوەوە بەشداری دیالۆگەکان بن. ئەمە بە واتای دەست هەڵگرتن لە بیروڕای خۆ نیە بەڵکوو دەشێ ئاگاداری بیروڕای خۆیان بن و بەڵام توانای ئەوەیان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەبێت کە بیروبۆچوونی خۆیان بۆ ماوەیەک ڕاگرن. لەو کاتەدا ئەندامان ناشێ دەرهەق بە بیروبۆچوونی خۆیان حەساسیەتیان نیشان بدەن و بەرگریان لێ بکەن. بەڵکوو لە کەشێکی ئارامدایە کە بیروڕاکان ئاڵوگۆڕیان بەسەر دادێت. قازانجێکی دیکەی ئەوجۆرە گفتگۆیانە جۆری بۆچوونی ئەندامان بەرامبەر یەکترە.

لە گرووپێک کە ئەندامان تێدا بەشدارن پێوەندی نێوان بەرپرس و کەسانی ژێر بەرپرسایەتی ئەو لە ناودەچێت و هەمووکەسی بەشدار لە گفتگۆکاندا وەک یەک هاوڕێ و هاوکاری یەکتر دەبن. مرۆڤ دەتوانێت لە گەڵ هاوکار و هاوڕێی خۆی زۆر راحەتتر و ئاسانتر بکەوێتە دیالۆگەوە تا لە گەڵ بەرپرس یان کەسانی ژێر بەرپرسایەتی خۆی. ئەو پرسانە لەوانەیە زۆر سادە و ساکار بێنە بەرچاو بەڵام بەکردەوە زۆر سەخت و پێویستی بە راهێنانی زۆر دەکات، چونکە مرۆڤەکان خۆیان لە ئاستی جیاواز هەست دەکەن و ئەو نایەکسانیە لە رووی پلەی تەشکیلاتی و بەرپرسایەتیەوە دەبێتە هۆی پێکهاتنی تەنگەژە لە پێوەندیەکاندا. حورمەتی لە رادەبەدەر و لەوانەیە ترس لە بەرپرس ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەندامی سادە نەتوانێت بە شێوەیەکی ئازاد و بێترس بیروڕای خۆی دەرببڕێت. بەڵام بۆ ئەوەی کە گفتگۆکان بە ئاکام بگەن و کۆبوونەوە هەروا لە دەوری خۆی نەسووڕێتەوە کەسێک دەبێ سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکە بکات. مرۆڤ پێی خۆشە لە سەر ئەو شتەی کە دەزانێت بدوێت و ئەمەش خاڵێکی ئەرێنییە، بەڵام گەر ئەو شتەی کە دەیانهەوێ باس بکەن لە دەرەوەی ئامانجی کۆبوونەوە بێت، کۆبوونەوەکە لە ڕێگای خۆی لای دەدات و ئەرکی بەڕێوەبەری کۆبوونەوەیە کە کەسان بەرەو بابەتی سەرەکی کۆبوونەوە ڕێنوێنی بکات. دەشێ لە راوەستانی باسەکانیش بەرگیری بکرێت و هەوڵ بدرێت کە کۆبوونەوە بەبێ ئاکام کۆتایی نەیەت.

بەشی دیکەی فێربوون هونەری پێکەوە باسکردنە (دیبات). باسکردن (مناظره) بەشی پێویست و تەواوکەرەوەی دیالۆگی ڕێکخراوەییە. لە باسکردندا بیروبۆچوونی جیاواز پێشکەش دەکرێت و هەرکەسێک لە بیرۆبووچوونی خۆی بەرامبەر بە بیروبۆچوونی کەسی دیکە بەرگری دەکات.

ڕێکخراوی خۆفێرکار دەشێ لە گفتگۆ و باسکردنی نێوان ئەندامانی کەڵک وەرگرێت و لەو ڕێگایەدا فێربوونی گرووپی لەناو ڕێکخراودا گەشە پێبدات. ئەوکارە دەشێ بە ڕێکوپێکی و بە شێوەی بەردەوام لە ناو ڕێکخراودا ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی کە تێگەیشتنی قووڵتر لە ناو ڕێکخراوەدا پێک بێت و گرووپەکان ئاگادار، رەخنەگر و وریا پەروەردە بکرێن. ئەو گرووپانەی کە پێکەوە ڕێکخراوی خۆفێرکار ساز دەکەن.

یەکێک لە شانازیەکانی مێتۆدی ڕێبەری دکتۆر قاسملوو هێنانە کایەی ئەوجۆرە باسانە و وەدیهێنانی بنەماکانی ڕێکخراوی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

خۆفێرکار بوو. لە ناو حیزبدا لە کۆبوونەوە و باسەکاندا، هیچ باسێک مادام لە چوارچێوەی سنووری پاراستنی حورمەتی مرۆڤ دا بوو ئازاد بوو لەو ما حیزبی دێموکرات بە جیاتی ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی خۆیدا باس لە ئایدیۆلۆژیەکی تایبەت بکات، باس لە ئیدئالەکانی پێوەندیدار بە خەبات، جڤاک و دوارۆژی دەکرد. ئەم باسانە بەتایبەت لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی و کۆنگرەکانی حیزبی دا دەبیندرێن و نەریتێکی ئەرێنیە کە میراتی دکتۆر قاسملوویە.

٧ی جوولای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خوڵقاندنی ئاسۆی هاوبەش هێز دەداتە چالاکی گشتی ڕێکخراوە



یەکێک لەو کارانەی کە قاسملوو لە حیزبی دێموکرات دا داهێنانی کرد، دیاری کردنی پلەی کادرێتی بوو. پلەی کادر بە پێی ئاستی ئەزموون، زانیاری و بەرپرسایەتی ئەو لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دیاری دەکرێت. ئەمەش بەرهەمی کولتووری ڕێکخراوی خۆفێرکارە کە هاندەری ئەندامانی خۆیەتی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئامانجی تاکەکەسی و ڕێکخراوەیی. بە پێی ماددەی چوارەمی پێڕەوی ناوخۆی حدکا یەکێک لە ئەرکەکانی ئەندام "بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتی"یە.

لە بەشەکانی پێشوودا کە باس لە ڕێکخراوی خۆفێرکار کرا باس لە پێویستی ئەندامی داهێنەر، شارەزا و گرووپە خۆفێرکارەکان وەک پێویستی گرنگی ڕێکخراو کرا. داخوا ئەو مرۆڤە داهێنەر و گرووپە شارەزاکان چۆن دەتوانن لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی خۆفێرکار کار بکەن؟ داخوا ناشێ ڕێگایەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ و ڕێکخراو ببن بە یەک و لە قاڵبی ڕێکخراوی فێرکاریدا کۆ ببنەوە. پێڕەوی ناوخۆیی حدکا لە ئەرکی ئەندام بە "پاراستن و گەشەپێدانی یەکیەتی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب" دەزانێت. ڕێکخراوی خۆفێرکار ناتوانێت پێک بێت، گەر بێت و ئامانجی مرۆڤە داهێنەر و زانیاری خوڵقێنەر لە گەڵ ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە وێک نەکەون. لەو وێککەوتنە و هاوئامانجیەدا گەشەکردن و فێربوون پێک دێت. ڕێکخراوی خۆفێرکار بە هەوڵەکانی ڕێبەرایەتی گەشە دەکات. بەڵام بەبێ هاوکاری و هاوڕێتی ئەندامانی لێهاتوو هیچ ڕێبەرێک توانای ئەوە نابێت بەتەنیا ڕێکخراوەکە گەشە پێبدات و بەرەوپێش بەرێت. بە واتایەکی دیکە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێکخراوی خۆفێرکار دەبێ ئاسۆی هاوبەش و تێگەیشتنی هاوبەش لە ناو ئەندامانی خۆیدا گەشە پێبدات بۆ ئەوەی بتوانێت ببێت بە ڕێکخراوێکی خۆفێرکار. هاوئاسۆیی و تێگەیشتنی هاوبەش هێز بە ڕێکخراو دەبەخشێت و ئامانجەکانی ئەندام، ئۆرگان و تەواوەتی حیزب یەکگرتوو دەکات و ئەندام ئەوکات دەتوانێت لە پێناو یەکیەتی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبەکەی چالاک بێت.

هاودڵی و ئاسۆی هاوبەش لە ناو ڕێکخراودا بە بێ لەبەرچاوگرتنی مافی یەکسانی هەموو ئەندامان و ڕەچاوکردنی "یەک دیسیپلین" کە لە پێڕەوی ناوخۆدا هاتووە کارێکی ئەستەمە. بەندێک کە بەدرێژایی مێژووی کێشەکانی ناوخۆیی حیزب بە ئەستەم جێبەجێ کراوە و تەنیا دژی کەمایەتیەکان و جیابیرانی ناوحیزب دا بووە. لە کاتی ڕەچاوکردنی یەکسانی هەڵسوکەوت نێوان ئەندامانی حیزبیدا، ئەو هاودڵیە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دیسیپلینی حیزبی و چالاکی هاوبەش و یەکگرتوو لە پێناو ئامانجەکانیدا. لە کاتێکی وادایە کە ئەندامان دەتوانن هەموویان تەنیا بیر لە یەک ئامانج بکەنەوە و دیمەنێکی هاوبەشیان هەبێت لە حیزب و ئەو ئەرکانەی کە حیزب پێیان دەسپێرێت.

هاودڵی یان ئەوەی لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتدا بە یەکریزی ناودەبردریت پێویستی کاری ریکخراوەی خۆفێرکارە. چونکە ئەو یەکریزیە دەبێتە هاندەر و بەرەوپێش چوونی ڕەوتی فێربوون و وەدیهاتنی ئامانجەکانی حیزبیش. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا – ڕەنگە بەهۆی ژینگەیەک کە بەسەر ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات سەپێنراوە – چاندێکی نەریتی شوێنی چاندی ڕێکخراوی خۆفێرکار لە ناو حیزبدا گرتووە. لەوەها ژینگەیەکی نەریتی ڕێخراوەدا فێربوون لە سەر بنەمای دژکردوەیە. ئەندامان پێویستیەک نابینن بۆ هاودڵی لە فێربووندا. ئەندامان ئەوەی کە جیناح و لایەنەکان پێیان دەڵێن فێردەبن. بەڵام بەهۆی نەبوونی یەکریزی فێربوونی گشتی ڕێکخراو مسۆگەر نابێت و سەرەرای بوونی بڕوا و توانایی و شارەزایی زۆری ئەندامان هەنگاوەکانیان کە بەشێوەی لێکدابڕاو و دوور لە یەکە ناتوانێت پێویستیەکانی فێربوونی گشتی و پەرەپێدانی کارو چالاکیەکانیان لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب بەراورد بکات.

هاودڵی، یەکریزی و هاوئاسۆیی ناتیوانێت تەنیا بۆچوونێکی تایبەت بە یەک کەس و گرووپێکی تایبەت بێت، بەڵکوو دەبێ ببێتە بۆچوونێکی گشتی و هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە. ئەرکێکی بەکۆمەڵ و گشتیە کە هەموو ئەندامان بڕوایان پێیە و بۆچوون و سیاسەتە گشتیەکانی حیزب بە بۆچوون و ئامانجەکانی خۆیان دەبینن. یەکریزی و یەک ئاسۆیی لەوانەیە ڕووبە ناوخۆ یان ڕوو بە دەرەوە بێت. یەکریزی ڕووبەدەرەوە وەک یەکیەتی و هاوخەباتی بۆ سەرکەوتن بەسەر دوژمن و نەیار و ڕکەبەری هاوبەش و بەرەورووبوونەوە لە گەڵ مەترسیەکی جیددی بەرامبەر بە حیزب دەکرێ ناو ببردرێت و هاودڵی ناوخۆییش بریتیە لە وێکگەیشتن و یەکریزی ڕێکخراوەیی بۆ بەرزکردنەوەی ورەی کاری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هاوبەش و بەکۆمەڵ بۆ گەیشتن بە ئامانجە ناوخۆییەکانی حیزب.

ڕێبەری کاریگەر لە حیزبدا هۆی سەرەکی، بنەڕەتیە لە پێناو وەدیهاتنی یەکڕیزی و هاودڵی نێوان ئەندامان. ڕێبەرانی سەرکەوتوو کەسانێکن کە بتوانن کەسانی جۆراوجۆر لە ژێر یەک ئاڵای هاوبەشی ئەندێشەیی و بیروباوەڕێکی هاوبەش کۆ بکاتەوە و ئەو تێگەیشتنە پێک بێنێت کە بوونی جیاوازی بیرورا لە ناو حیزبدا کێشەیەکی بچووک لە ناو حیزبدایە و ئەوەی کە بایەخی هەیە بوونی هەست و ئامانجی هاوبەشە. ڕێکخراوی خۆفێرکار ناتوانێت سەرکەوتوو بێت گەر لە کەسانی شارەزا، داهێنەر و خۆفێرکار و گرووپ و تیمەکانی چالاک لە پێناو یەکریزی و هاوخەباتی کەڵک وەرنەگرێت. ئولگوو و ڕەوشتی ئەخلاقی و کردەوەی ڕێبەران لە چوارچێوەی بایەخەکاندا ڕێبەران ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرن لە پێکهێنانی یەکریزی و کەشی تەندوروستی ڕێکخراوەدا. یەکریزی و هاوئاسۆیی ئەندامان لە چوارچیوەی بەهاهاوبەشەکاندا پێک دێت و بۆچوونەکان و هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی حیزب شوێندانەرە لە گەشەکردن و پێشڤەچوونی ئەو بەهایانەدا.

خاڵێکی گرنگ لەو پێوەندیدا بوونی ئەمنیەت و تەناهی هەلبژاردنی ئاسۆی هاوبەشە. گەر ئەندامان هەست بکەن کە سیاسەتە گشتیەکانی حیزبی یان ئەوەی لە ئەدەبیاتی حیزبیی دا پێی دەوترێ یەکیەتی سیاسی و تەشکیلاتی حیزب کارێکی "ئیجباری" و بەزۆر بێت و ئەندامان و ڕێکخراوەکانی حیزبی مەجالێکیان نەبێت بۆ بەشداری لە پێکهێنانی ئاسۆ و تێگەیشتنی هاوبەش، هاودڵی و یەکریزی حیزبی پێک نایەت و ئەمەش دەبێتە هۆی خێرابوونی هێزی دوورکەوتنەوە لە حیزب و حیزب لە گەشەسەندن و پێشکەوتن دەوەستێتەوە.

یەکریزی و هاوئاسۆیی لە ناو ڕێکخرادا بە واتای ئەوە نیە کە کەسان دەست لە بیروبۆچوونی خۆیان هەڵگرن، بەڵکوو ئەندامان دەتوانن بۆچوونی خۆیان ڕاگرن و بەڵکوو لە ڕێگای بۆچوونەکانی خۆیانەوە بیر لە ئامانجی گشتی بکەنەوە و باوەڕیان پێ بێت. چونکە کاتێک ئامانج و خەونەکانی هاوبەش بن، ئامانجە کورتخایەنەکان و جیاوازی بیروراکان ناتوانن بەرگری بکەن لە هاوکاری و یەکریزی حیزب.

لە حیزبێکدا کە خۆی میراتگری بایەخەکانی قاسملوو دەزانێت، دەشێ هەوڵ بدرێت تایبەتمەندی هۆلۆگرام (Hologram) لە پێوەندی لە گەڵ هاوئاسۆیی پێک بهێندرێت. بەو واتایە کە بیروبۆچوونی ئەندامان لە ڕوانگەی گشتی حیزبدا جێبکاتەوە و سیاسەتە گشتیەکانی حیزبی ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی ئەندامانیش بیت. هۆلۆگرام پەڕەیەکی کە زانیاریەکان بە شێوەی شەپۆلی نوور تۆمار دەکات، بەشێوەیەک کە تەواویەت لە هەموو بەشەکانی پەڕەکەدا دەبینـدرێت. بەو واتایە کە گەر بێت و پەڕە (زینگ)ی هۆلۆگرامەکە بشکێت و پارچەپارچە بێت هەر پارچەیەک وەک ئەوەیە کە هەموو زانیاریەکانی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تێدا تۆمار کرابێت و دەکرێت هەموو زانیاریەکانی تۆمار کراو لە یەک پارچەوە دووبارە تۆمار بکرێتەوە.

لە ڕێکخراوی خۆفێرکاریشدا هەر ئەندامێک خۆی لە ناو بیروبۆچوونی گشتیدا دەبینێتەوە و بەو شێوەیە گرێدراوەیی بە هێڵ و سیاسەتە گشتیەکانی حیزب زیاتر دەبێت. هاوتەریب بوونی ئامانج و خەونەکانی ئەندامان لە گەڵ ئامانجەکانی حیزب و دەبێتە هۆی بڕوای هاوبەش و خاوەن بایەخ و بەهاکانی هاوبەش لە حیزبدا کە ئەمەش لە ستوونەکانی بنەڕەتی ئەندیشەیی و فیکری ڕێکخراوێکی خۆفێرکار و زانست خوڵقێنە. بەبێ ئەو ئەسڵە یەکریزی لە ناو حیزبدا ناتوانێت درێژخایەن بێت و ڕێکخراو ناتوانێت نە لە رابردوو دەرس وەرگرێت و نە هەنگاو بۆ داهاتوو هەڵگرێت.

لە کۆمەڵگایەکدا کە لە سەدەی راگەیاندن و میدیاکۆمەڵایەتیەکاندا رۆژ بە رۆژ بە سەر بەشەکانی جیاواز دابەش دەبێت و پلۆرالیزم رەهەندی نوێ دەدۆزێتەوە حیزب کاتێک دەتوانێت سەرکەوتوو بێت کە ئەندامان، لایەنگران، کادر و ڕێبەرانی حیزب لە چوارچێوەی بەها و ئامانجەکانی هاوبەشدا وەک ئەندامی یەک جەستە بن و پێکەوە بەرەو ئاسۆی هاوبەشیان خەبات بکەن.

٨ی جوولای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕێبەری گۆڕانکاری خواز و کولتووری ڕێکخراوەیی



شوێندانەر بوون یەکێک لە گرینگترین بابەتەکانی تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی ڕێکخراوەییە. شارەزایانی ڕێبەری لەو بڕوایەدان کە شوێندانەر بوون باسی هەرەگرنگ لە لێکدانەوەی ڕێکخراوەییدایە و ئاسۆی ڕێکخراوەیی بە بێ شوێندانەری زەحمەتە. ڕێبەری لە حیزبێکی نەتەوایەتی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا پێگەیەکە بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ و ڕێبەرانی گۆڕانکاریخواز گرنگترین سەرچاوەی حیزبێکی لە چەشنی حیزبی دیموکراتن. شکست و لاوازی هەر ڕێکخراوێک دەکرێ تا ڕادەیەکی زۆر بە لاوازی و لێنەهاتوویی ڕێبەری ڕێکخراو بزانرێت. تەنیا تایبەتمەندی ڕێبەران نیە کە ئەوان شوێندانەر دەکەن بەڵکوو هۆکارەکانی ژینگەیی و هەڵسوکەوتی لایەنگرانی ڕێبەر و هەروەها پێویستیەکانی تایبەتی سەردەمی ڕێکخراویش یارمەتیدەری شوێندانەر بوونی ئەوانن.

ئەوەی کە لە پێوەندی لە گەڵ دکتۆر قاسملوودا دەکرێ بە کورتی باس بکرێت بریتیە لە دکتۆر قاسملوو ڕێبەرێکی شوێندانەر بوو لە بواری گەشەکردنی فەرهەنگ و کولتووری ڕێکخراوەیی، هاندەری و هەست بە شانازی کردنی ئەندامان، دەروەستی ڕێکخراوەیی و پێوەندیەکانی ڕێکخراوەیی. بە هۆی ئەوەی کە ئەندامان و کادرەکانی حیزب لە سەردەمی خەباتی نیوەنهێنی کە چالاکی چەکداری ڕاوەستاوە، چالاکی دەنوێنن وەک ڕێبەرانی خۆجێی ناو کۆمەڵگان و دەبێ بە پێی کولتووری ڕێکخراوەیی و هەروەک لە پێڕەوی ناوخۆیی حیزبیش هاتووە دەبێ پلەی کۆمەڵایەتی خۆیان بەرز کەنەوە. ئەمەش پێویستی پەروەردەی کولتووری ڕێکخراوەیی لە هەموو ئاستەکانی حیزبی دا بەرز دەکاتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە ماوەی بیست و پێنج ساڵی رابردوودا کوردستان ئاڵوگۆری زۆری بەخۆیەوە بینیوە، کۆمەڵگای کوردی ئەمرۆ لە گەڵ کۆمەڵگای ٢٥ ساڵ لەمەوبەر جیاوازیەکی زۆری لە رووی کولتووری، ئاستی خوێندن و نووسین، جۆری پیشەکان، ئابووری، پێوەندیەکان، هەڵسوکەوت، پێویستیەکان، بایەخ و بەهاکانەوە هەیە. بە پێی ئەوەش دەشێ فەرهەنگی رێکخراوەیی ئەمرۆی حیزبی دێموکرات جیاواز بێت لە گەڵ فەرهەنگی رێکخراویی بیست و پێنج ساڵ لەمەوبەر. بە بڕوای کامرۆن کوین (Cameron K. S Quinn) فەرهەنگی رێکخراوەیی بەش و کۆمپۆنێنتەکانی فەرهەنگی رێکخراوەیی بریتین لە: نموونەی بەرێوەبەری، بەرنامە ستراتیژیەکان، کەشی ناوخۆیی رێکخراوە، سیستەمی خەڵات کردن، رێبەری و بایەخە بناغەییەکانی ریکخراو. بۆ ئەوەی رێکخراوێک بگۆردرێت دەشێ ئەو بەشانە بە وردی لێک بدرێنەوە لە چوارچێوەی ئایدیال و ئاسۆی دوارۆژی رێکخراو بەراورد بکرێن.

کولتووری رێکخراوەیی گرینگترین هۆکاری گەشەکردنی رازی بوونی ئەندامان لە رێکخراو و رێبەریە. پێداگری لە سەر رۆڵی رێبەری لە وەدان و هاندانی ئەندامان و رێنوێنی ئەوان بەرەو بەها و بایەخە نوێیەکان. بۆیە رۆڵی رێبەری گۆرنکاری خواز بۆ گەشەکردنی رێکخراو و بەرەوپێشچوونی زۆر گرنگ و بەرچاوە. رێبەری دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە کە رێگا بە مرۆڤ دەدات بە ئاگاداریەوە ئاکامەکان بە هۆیەکانەوە گرێ بدات هەلومەرجی دژوار و تێکهەڵپێچراو بە شێوەیەک کە هەمووکەس تێبگات شی بکاتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی رێبەری لە حیزبێکی سیاسی دا پرسی ئاڵوگۆری کۆمەڵایەتیە. بە پێی ئەو بۆچوونە رادەی شوێندانەری رێبەر پێوەندی هەیە بە رادەی ئەو چاوەڕوانیانەی لایەنگران لە رێبەرێکی مامەڵەکا یا خود ئەو ئاستە ئاڵوگۆرەیە کە رێبەرێکی گۆڕانکاری خواز وەدیٚ دێنێت. نموونەی رێبەری گۆڕانکاریخوازی لە چەشنی قاسملوو تا ئەمرۆشی لە گەڵ بێت، سەرکەوتوترین نموونەی رێبەری لەناو حیزبی دێموکرات دا بووە. رێبەرانی گۆڕانکاری خواز یارمەتی رێکخراو دەدەن لە پێکهێنان و گەشە سەندنی فەرهەنگی رێکخراوەیی. بۆ ئەوەی ئاستی کێبەرکێ و "رەقابەتی" تەندورەست بەرز بێتەوە، پێویست بە گۆڕانکاری کولتووری رێکخراوەیی دەکات.

رێبەری گۆرانکاری خواز لە شێوازی دێموکراتیکی رێبەری کەڵک وەردەگرێت کە بە شێوەیەکی گونجاو فەرهەنگی رێکخراوەیی لە رێگای گۆڕانکاریەکانی هەنگاو بە هەنگاوی رێکخراوە بەهێز دەکات و هێزی بڕوابەخۆبوون لە ناو ئەندامان دا گەشە پێدەدات. ئەم شێوازە چاوەڕوانیەکی زۆری لە کادرەکان و بەرپرسان هەیە. چونکە ئەوە ئەوانن کە گۆڕانکاریەکان وەدی دێنن.

بۆ گەیشتن بە ئاستی رێبەریەکی شیاو کە بتوانێت شوێندانەر بێت، دەبێ رێبەرایەتی حیزب سەرنج بداتە پێڤاژۆی فەرهەنگی ریکخراوەیی و رازی بوونی گشتی ئەندامان و چالاکانی حیزبی. ئەمەش لە رێگای پرۆگرامە پەروەردەییاکان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**تایبەت بە سی و پێنج ساڵە**

شارەزایی و زانیاری پێویست بە ئەندامان دەدرێت. لێکۆڵینەوەکانی بواری رێبەری دەسەلمێنن کە رێبەری کولتووری رێکخراوە و رازی بوونی گشتی ئەندامان دەبێتە هۆی بەرزبوونی ئەنگیزە و ویستی کارکردن و چالاکیی ئەوان. چونکە کولتووری ڕێکخراوەیی بە شێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای ڕازی بوونی ئەندامانەوە ئاستی شوێندانەری رێبەر بەرزتر بکات. بۆیە بەرەوپێش بردن و گەشەکردنی زانیاری و تێگەیشتنی ئەندامانی ریبەری و کادرەکانی حیزب راستەوخۆ کار دەکاتە سەر ئاستی ڕازی بوون و ئەنگیزەی ئەندامان و ڕێکخراوەکانی حیزبی.

**٩ی جوولای ٢٠١٤**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## پێوەندی نێوان شێوازی ڕێبەری و کولتووری ڕێکخراوەیی



لە گەلاوێژی ساڵی ١٩٨٨ دوای ئەوەی ئێران بڕیارنامەی ٥٩٨ی نەتەوە یەکگرتووەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پەسەند کراو و ئاگر بەس لەنێوان ئێران و عێراق ڕاگەیاندرا. کۆبوونەوەیەک لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب بۆ دکتۆر قاسملوو گیرا. دوای کۆتایی کۆبوونەوە دکتۆر قاسملوو کە وتە و کردەوەی وەک ڕێبەرانی نموونەیی بوو لە کاتی دەرکەوتن لە ساڵۆنی کۆبوونەوەدا کاتێک چاوی بە زبڵێک لە زەوی کەوت زبڵەکەی هەڵگرت و ئەوکارە سەمبۆلیکەی بوو بە هۆی ئەوەی زۆربەی ئەو کەسانەی کردەوەی دکتۆر قاسملوویان بینی بەدوای ئەودا دووپاتی بکەنەوە و دەوروبەری ساڵۆنی خواردن و کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسی خاوێن بکرێتەوە. بێگومان قاسملوو دەیتوانی بە جیاتی ئەوەی دەست بە کۆکردنەوەی زبڵ بدات بە پێشمەرگەکان یان کەسانی دەوروبەری بسپێرێت پاک و خاوێنی بپارێزن. بەڵام ئەو بە کردەوە و لە ناو ریزی پێشمەرگەکاندا نیشانی دا کە ڕێبەرێک دەتوانێت وەک هەموو مرۆڤێکی ئاسایی لە خەمی ژینگەی هاوبەش و گەشە سەندنی فەرهەنگی پاراستنی پاک و خاوێنی بێت. نموونەیەک کە ئەمرۆ لە ناو ڕێبەری حیزبدا "غایب"ە .

فەرهەنگی ریکخراوەیی لە هۆیە گرنگەکانی کارکردی ڕێکخراویە و ڕێبەری کلیلی سەرکەوتنی حیزب لەو بوارەدایە. بۆیە ناسینی پێوەندی نێوان ڕێبەری و فەرهەنگی ڕێکخراوەیی گرنگیەکی تایبەتی هەیە. بە هۆی ئەوەی کە تا ئێستا لە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا و بەداخەوە دەتوانم بڵێم لە ناو حیزبەکانی دیکەی کوردستانیشدا جگە لە پارتی کرێکارانی کوردستان، پرسی فەرهەنگی ڕێکخراوەیی بە شێوەیەکی پتە و ریکوپێک باس و لێکۆلینەوە و پەروەردەی پێوەندیداری بۆ نەکراوە، پێوەندی نێوان ڕێبەری و فەرهەنگ و چاندی ڕێکخراوەیی کەمتر کەوتۆتە بەر پلان بەرنامەڕێژی،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کار و چالاکیی ڕێکخراوەکانی کوردی. لێرەدا بە کورتیش بێت پێوەندی نێوان شێوازی ڕێبەری و فەرهەنگی ڕێکخراوەیی دەخرێتە بەر باس. هەوڵەکە ئەوە دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە کامەیان کار دەکەنە سەر ئەوی دیکە: چاندی کۆمەڵگا یان شێوازی ڕێبەریە کە دەبێتە هۆی گۆڕانی فەرهەنگی ڕێکخراوەیی؟ بە واتایەکی دیکە داخوا ڕێبەر دەتوانێت فەرهەنگی ڕێکخراوەیی بخوڵقێنێت یا خود ئەوە کولتوورە کە شێوازی ڕێبەری لە ناو ڕێکخراوێکدا دیاری دەکات؟ ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆڵەران و زانایانی بەو بڕوایەن کە تواناییەکانی ڕێبەرە کە دەتوانێت فەرهەنگی ڕێکخراوە بگۆڕێت و تەنانەت چاندێکی نوێ لە ڕێکخراوەدا وەدی بێنێت. ئێدگار چێن (Edgar H. Schein)، داهێنەری دەروونناسی ڕێکخراوەیی لەو بڕوایەدایە کە ڕێبەری بەهێز توانای خوڵقاندنی کولتوورێکی تایبەت بە ڕێکخراو هەیە.

کولتووری ڕێکخراوە دەتوانێت وەک بگۆڕێک (متغيير) بێت کە لە لایەکەوە فاکتۆری کاریگەری گۆڕانکاری یا خود گۆڕانکاری دەستدرێژیکار بێت. کولتوور لە ڕوانگەی بگۆڕیەوە بەو واتایەیە کە دەگۆردرێت و دەکرێ ئاڵوگۆر بەسەر کەلتوور و چاندی ڕێکخراوە و کۆمەڵگادا بێت. ئەمەش گرێدراوە بە تواناییەکانی ڕێبەری. بە واتایەکی دیکە ئەمە ڕێبەرە کە شوێندانەرە لە سەر فەرهەنگی ڕێکخراوە. خوێندنەوەی دیکە لەو پێوەندیدە ئەوەیە کە فەرهەنگی ڕێکخراوەیی بەشێکی جیانەبووە لە تەواویەتی ڕێکخراوە و کە بیرکردنەوە و هەستی ڕێبەر لە ژێر کارگەری ئەودا شکڵ دەگرێت. بەشێکی زۆری ئەندامانی ڕێبەری حیزب پێڕەوی لەو جۆرە بۆچوونە دەکەن و بۆیە مێتۆدی ڕێبەری ساڵانی ڕابردوو لە ناو حیزبدا بووتە کاردانەوەیەک لە ئاڵوگۆرەکانی ژینگەی دەوروبەر و پێبەپێی ئەو سروشتی جیاوازی چینایەتی و هەڵسوکەوتی لەسەرەوە بۆ خوارێ بووتە بەشێکی بەرچاو لە فەرهەنگی هەڵسوکەوتی حیزبی.

فەرهەنگی ڕێکخراوەیی جۆرێک لە ژینگەی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوە کە کاردانەوەی هەیە لە سەر بەڕێوەبەری سەرچاوەمرۆڤیەکانی ناو ڕێکخراو. کولتووری ڕێکخراوەیی ڕەنگدانەوەی ئولگوو و ئایدیالە ڕەوشت و ئەخلاقیەکانی نهێنی ڕێبەرانە لە ناو ڕێکخراوەدا. زۆر لە نووسەران پێیان وایە کە کولتوور و ستراتێژی لە ناو ڕێکخراوەدا هاوتەریبن. هەندێکی دیکەش فەرهەنگی ڕێکخراوەیی بە بەرهەمی ستراتێژی ڕێکخراوە دەبینن. هەرچۆنێک بێت فەرهەنگی ڕێکخراوە بریتیە لە هۆکار و ئەنگیزەکان، بەهاکان، بڕواکان، ناسنامە و شرۆڤەی ڕووداوە گرنگەکانە کە بە پێی ئەزموونی ڕێکخراوە شکڵ دەگرێت و ئەندامانی ڕێکخراوە خۆیانی لە گەڵ دەگونجێنن.

کولتوورە جیاوازەکانی ناو ڕێکخراوە دەتوانن کاردانەوەی جیاوازیان هەبێت لە سەر شێوازی ڕێبەری و بەڕێوەبەری (مودیریەت)ی ڕێکخراوەیی. دەکرێ ئاماژە بە سێ جۆر لە فەرهەنگی ڕێکخراوەیی بکرێت کە کاردانەوەیان لە سەر ڕێکخراو هەیە: کولتووری گرووپی (هاندەرانە)، کولتووری پێشڤەچوون و داهێنەرانە و کولتووری لەبەرچاوگرتنی پلە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕێکخراوەییەکـان (برۆکراتیـک). فەرهەنگـی گرووپـی لە سـەر بنەمـای مرۆڤگەرایـانە دامەزراوە و هەوڵ دەدات ژینگەیەکـی دۆستانە بۆ ئەندامانی ڕێکخراوە پێک بێنێت. لەو ڕێکخراوانەدا کە خاوەنی فەرهەنگی هاندەرانەن ژینگەی کـاری ڕێکخراوەیـی دۆستانە، دادپەروەرانە و ئەندامان پشتیوانی یەکترن و یەکتر هاندەدەن بۆ بڕوا بەخۆبوون و بەشداری لە کاروبـار و ڕەوتـی بەرەوپێش چوونی کارەکان. لە کولتووری داهێنەرانەدا ئەندامان هان دەدرێن بـۆ داهێنـان و هەڵگرتنـی ریسکی شێوازی نـوێ لە کارەکـان داهێنـان و گەشـەپێدان هانـدەری ئەنـدامانە بـۆ کـار کـردن. لەو کولتـوورەدا کە سـەرنجی ئەنـدامان زۆرتـر بە ستراتێژی و ئامانجەکـانی ڕێکخـراوە، ئەوان هانـدەدرێن بـۆ هەڵگرتنـی ریسکی گەورەتـر و داهێنـانی نـوێتر. لە بەرامبەردا کولتوورێک کە ئەمڕۆ لە ناو حیزبـی دێموکرات دا بـاوە کولتـووری لە سەر بنەمـای ریزبەنـدی قەوارەکـان و لەبەرچـاوگرتنی پلە و قۆناغەکانی ڕێکخراوەیی و جێبەجێ کردنی بڕیارەکان لە سـەرەوە بـۆ خـوارێیە و ئەنـدامان بە کـردەوە لە خـوارەوە بـۆ سەرێ تەنیا ئەرک دارن ڕاپۆرت بە ئۆرگانەکانی سەرەوە بدەن. لە کولتوورێکی وادا کەلە پێداگری دەکاتە سەر برۆکراسـی و دەسـەڵاتـی تەواو لە دەست ناوەنـدی سـەرەکی بڕیـاردان واتە دەفـتەری سیاسـی - نەک کـۆمیتەی ناوەنـدی-دایە گۆڕانکـاری و نەرمـی نوانـدن یـان "انعطـاف پـذیری" کـارێکی ئەسـتەم و وزەبەرە. لەو کولتـوورەدا ئەنـدام نـابێتە گرینگتـرین سـەرمایەی ڕێکخراوەیی و بۆیە لە پێوەندیەکانی ئەندام بەرەو ڕێبەریدا پشت گوێ دەخرێت و زۆر بە دەگمەن وەڵامی رەخنە، پێشـنیار یان پێداچوونەوە بە بابەتێک دەبیسرێت.

تێگەیشتن لە پێوەندی نێوان ڕێبەری و کولتووری ڕێکخراوەدا دەبێتە هۆی بەهێزبـوونی شوێندانەری ڕێبەری. ناسینی شێوازە جۆراوجۆرەکـانی ڕێـبەری و گونجانـدنی ئەو شێوازانە لە گەڵ کولتـووری ڕێکخراوەیـی و پێکهێنـانی ئاڵوگۆڕەکـانی پێویسـت دەتوانێت ببێـتە هـۆی چـالاکتر بـوون و کـاریگەرتر بـوونی حیـزب. تـا ئێسـتا لە نـاو حیزبـی دێموکراتـدا بە شـێوەیەکی سیسـتماتیک و ڕێـک و پێـک لە پێوەنـدی لە گەڵ بگۆڕەکـانی کولتـووری و پێوەنـدی نێـوان ڕێـبەری و کولتـووری ڕێکخراوەیـی کارێکی ئەوتۆ ئەنجام نەدراوە. ئەگەر جاروبار ئاماژەیەکیش لە کۆبوونەوەکان بەو پرسە کرابێت، ئاماژەکـان یەک ڕەهەنـدی و بەشێوەی تاکەکەسی بووە. گرنگیدان بە پرسی ڕێبەری و کولتووری ڕێکخراوەیی شوێندانەر دەبێت لە سەر ئاستی یەکیەتـی تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی حیزب و کۆکردنەوەی بنەماڵە لێک بڵاوەکەی دێموکرات لە دەوری یەکتر.

کولتـوور و شێوازە جیاوازەکـانی ڕێـبەری دەتـوانن بە شێوازی جۆراوجـۆر لە سەر ڕێکخـراو کاردانەوەیـان هەبێت. بە گشـتی فەرهەنگـی ڕێکخراوەیـی لە ڕێگـای شـکڵدان بە بـایەخ و بڕواکـانی ئەنـدامانی نـاو ڕێکخـراودا ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕێـت لە پێکهێنانی هەستی هاوبەش و پرۆسەی بەشداری ئەندامان لە بڕیاراتی حیزبی و جێبەجێ کردنیاندا.

هەروەک لە سەردەمی قاسملوودا دەردەکەوێ کولتووری داهێنەرانە، کاردانەوەی ئەرێنی دەبێت لە سەر وزە و گەشەکردنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**تایبەت بە سی و پێنج ساڵە**

ڕێکخراوەکانی حیزبی و گۆرانی شێوازی ڕێبەری لە ڕێبەریەکی کۆنسێرڤاتیڤ و موحافیزەکار و پارێزەری "هەلومەرجی مەوجوود" بۆ ڕێبەریی گۆرانکاری خوازانە و نوێگەرا دەتوانێت ژینگەیەکی تازە لە ناو حیزبی دێموکرات دا بخوڵقێنێت. گۆرانکاری و گەشەپیدان پێویستی بیرکردنەوەی نوێ و ئامادەیی هەڵگرتنی ریسک دەکات لە پێناو گەشەکردندا. کولتووری نەریتگەرا و دامەزراو لە سەر بنەمای بروکراسیەکی قورس کە لەودا مەودای نێوان ڕێبەری و ئەندامان زیاد کراوە تەنیا کاردانەوەی نەرێنی و وزەبەری لە سەر حیزب هەیە و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هێزی ڕاکردن لە سەنتەر و لە دەست دانی تواناکان.

**١٠ی جوولای ٢٠١٤**

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## رێبەری ئەخلاقی



بە لەبەرچاوگرتنی رۆڵی سەرەکی رێبەری لە بەرەوپێشبردنی رێکخراو لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی و درێژەی ژیانی رێکخراوە، پێویستە هەموو بەشەکانی رێکخراو لە گەڵ رێبەری هاوئاهەنگ بن. بۆیە رێبەر دەبێ هەوڵ بدات لە رێگا جۆراوجۆرەکانەوە بە لەبەرچاوگرتنی پێویستی کۆمەڵگا و ئاستی کولتووری جڤاک و تێگەیشتوویی سیاسی ئەندامانی رێکخراو زەمینەی پێشکەوتنی تاکەکەسی و گرووپی ئەندامانی حیزب پێک بێنێت. هەوڵی قاسملوو لە پێناو بەرز کردنەوەی بایەخ و بەها هاوبەشەکان، داهێنانی رێگای پێشکەوتن و گەشەکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها روانینە ئەخلاقیەکانی ئەو لە پێوەندی لە گەڵ جۆری خەباتی سیاسی و دژایەتی لە گەڵ بارمتەگرتن، تیرۆر، باوەڕی بە پلۆرالیزم، دژایەتی لە گەڵ چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ و دژایەتی لە گەڵ هەرجۆرە رەگەزپەرەستی و مەزنایی خوازیەک، قاسملووی کردۆتە "رێبەری ئەخلاقی".

رێبەری ئەخلاقی لە جۆری تێگەیشتن و جیهانبینی رێبەرانەوە دەست پی دەکات. رێبەری ئەخلاقی بنەماکانی ئەخلاقی حیزب و بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکات. ئەو دوو بەشە لێک جیاکەرەوە نین و دەبێ بەردەوام هەوڵی گەشەسەندییان بدرێت.

ئەوەکە رێبەران تا چ ئاستێک پێوەندیان لە گەڵ جیهانی دەوروبەریان هەیە و تا چەندە لە جیهانی دەوروبەر دەگەن، پۆتانسیەلی ئەوان لە پێوەندی لە گەڵ لێکۆلینەوە و تێگەیشتن و جێبەجێ کردنیاندا روون دەکاتەوە. ئەو پۆتانسیەلانە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بریتی لە لێهاتوویی و زانست و ڕوانینگەلێک کە مرۆڤ دەتانێت بەرەوپێشیان ببات. ڕۆڵی ڕێبەران بریتیە لە ڕێنوێنی کردن و پشتگیری کردنی پێشڤەچوون و بەرز بوونەوەی ئاستی گەشەکردنی ئەندامانە لە پێناو گەشەسەندن و جێبەجێ بوونی ئامانجەکانی حیزب بەکار ببات.

ڕێبەری ئەخلاقی دەبێ کاریگەر، کارا و خاوەنی لێهاتووییەکی بەرز بێت. ئەگەر وا نەبێت ئەوا لێهاتوویی و تواناییەکانی ئەندامان بە فیرۆ دەڕوات. ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات دوای دکتۆر قاسملووش میراتە ئەخلاقیەکانی دکتۆریان بەرز ڕاگرتووە و گەشەیان پێداوە. بەڵام تەنیا بە ئەخلاق و ڕەوشت بوون لە ناو کۆمەڵگادا بەس نیە. ڕێبەر دەبێ کاریگەربێت، کارا و بەرز بێت، شێوازی گونجاو لە گەڵ هەلومەرج هەڵبژێرێت و نیشانیان بدات. ڕێبەری ئەخلاقی بریتیە لە پێنج شێواز کە لە کەسایەتی دکتۆر قاسملوودا دەبیندران.

بۆ ئەوەی ڕێبەرێک کارا و بەرز بێت، دەبوایە چوار بەشی سەرەکی ڕێبەری ئەخلاقی تێبگەیەندرێت و گەشەیان پێ بکریت. ئەم بەشانە بریتین لە: ئامانج، زانست، دەسەڵات و بڕوا. پێوەندی ئەو چوار بەشە وەک پێوەندی نێوان جەستەو خوێن وایە و پێکەوە لێکندراون. سەرنجدان بە هەریەک لەوانە بە شێوەی جیاواز و سەربەخۆ دەبێتە هۆی کەموکۆری و سەرلێشێواوی لە کارەکاندا.

هیچ ڕێکخراوێک خاوەنی یەک شێواز و تایبەتمەندیەکی تایبەت بە ڕیبەری نیە. بۆیە بۆ هیچ ڕێکخراوێک شێوازی ڕێبەری تایبەت بە خۆی نیە. ڕێبەری ئەخلاقی لە ڕێگای شێوازی گونجاوەوەوە ئاستی ئەخلاقی و چالاکی لەناو ڕێکخراودا بەرز دەکات. ئەو بەشانە بەردەوام لە حاڵی گەشە سەندن، سیستەماتیک و ڕەوانن.

شێوازی گونجاوی ڕێبەری گرێدراوە بە تێگەیشتنی ئەخلاقی باو لە ناو ڕێکخراودایە. چاند و فەرهەنگی ڕێکخراوە لە هەموو قۆناغێکی تەمەنی ڕێکخراو خۆی نیشان دەدات. کولتووری ڕێکخراوەیی یەکێک لە بەرپرسایەتیە گرنگەکانی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوەیە و چالاکی و گەشەسەندویی ئەو دەبێتە هۆی گەشەسەندن و بەرینتر بوونی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی حیزب.
ڕێبەری ئەخلاقی مەجید حەقی - فینلاند وتاری ٢١ پێشکەش بە ٢٥مین ساڵڤەگەری تیرۆری دکتۆر قاسملوو هاوڕێیانی بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی سەرەکی ڕێبەری لە بەرەوپێشبردنی ڕێکخراو لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی و درێژەی ژیانی ڕێکخراوە، پێویستە هەموو بەشەکانی ڕێکخراو لە گەڵ ڕێبەری هاوئاهەنگ بن. بۆیە ڕێبەر دەبێ هەوڵ بدات لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانەوە بە لەبەرچاوگرتنی پێویستی کۆمەڵگا و ئاستی کولتووری جڤاک و تێگەیشتوویی سیاسی ئەندامانی ڕێکخراو زەمینەی پێشکەوتنی تاکەکەسی و گرووپی ئەندامانی حیزب پێک بێنێت. هەوڵی قاسملوو لە پێناو بەرز کردنەوەی


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

بـایەخ و بەهـا هاوبەشەکان، داهێنـانی ڕێگـای پێشکەوتن و گەشەکردنی حیزبـی دێموکراتی کوردستان و هەروەها ڕوانینە ئەخلاقیەکـانی ئەو لە پێوەنـدی لە گەڵ جـۆری خەبـاتی سیاسـی و دژایەتـی لە گەڵ بـارمتەگرتن، تیـرۆر، بـاوەڕی بە پلۆرالیزم، دژایەتی لە گەڵ چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ و دژایەتی لە گەڵ هەرجۆرە ڕەگەزپەرەستی و مەزنـایی خوازیەک، قاسملووی کردۆتە "ڕێبەری ئەخلاقی". ڕێبەری ئەخلاقی لە جۆری تێگەیشتن و جیهـانبینی ڕێبەرانەوە دەست پـێ دەکات. ڕێبەری ئەخلاقی بنەماکانی ئەخلاقی حیزب و بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی ئەندامانی حیزب دیاری دەکـات. ئەو دوو بەشـە لێـک جیـاکەرەوە نـین و دەبـێ بەردەوام هەوڵـی گەشەسـەندییان بـدرێت. ئەوەکە ڕێـبەران تـا چ ئاسـتێک پێوەندیان لە گەڵ جیهانی دەوروبەریان هەیە و تا چەندە لە جیهانی دەوروبەر دەگەن، پۆتانسیەلی ئەوان لە پێوەنـدی لە گەڵ لێکـۆڵینەوە و تێگەیشـتن و جێبەجـێ کردنیانـدا ڕوون دەکـاتەوە. ئەو پۆتانسـیەلانە بریتـی لە لێهـاتوویی و زانسـت و ڕوانینگەلێک کە مرۆڤ دەتـانێت بەرەوپێشیان ببات. ڕۆڵی ڕێبەران بریتیە لە ڕێنوێنی کردن و پشتگیری کردنـی پێشڤەچوون و بەرز بوونەوەی ئاستی گەشەکردنی ئەندامانە لە پێنـاو گەشەسەندن و جێبەجـێ بـوونی ئامانجەکـانی حیـزب بەکـار ببـات. ڕێبەری ئەخلاقی دەبێ کاریگەر، کارا و خـاوەنی لێهـاتوویيەکی بەرز بێت. ئەگەر وا نەبێت ئەوا لێهـاتوویی و تواناييەکـانی ئەندامان بە فیرۆ دەڕوات. ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات دوای دکتۆر قاسملووش میراتە ئەخلاقیەکانی دکتۆریان بەرز ڕاگرتـووە و گەشەیان پێداوە. بەڵام تەنیا بە ئەخلاق و ڕەوشت بـوون لە نـاو کۆمەڵگـادا بەس نیە. ڕێبەر دەبێ کاریگەربێت، کـارا و بەرز بێت، شێوازی گونجاو لە گەڵ هەلومەرج هەڵبژێرێت و نیشانیان بدات. ڕێبەری ئەخلاقی بریتیە لە پێنج شێواز کە لە کەسایەتی دکتۆر قاسملوودا دەبیندران. بۆ ئەوەی ڕێبەرێک کارا و بەرز بێت، دەبوایە چوار بەشی سەرەکی ڕێبەری ئەخلاقـی تێبگەیەندرێت و گەشەیان پێ بکریت. ئەم بەشانە بریتین لە: ئامانج، زانست، دەسەڵات و بـڕوا. پێوەنـدی ئەو چوار بەشە وەک پێوەندی نێوان جەستەو خوێن وایە و پێکەوە لێکندراون. سەرنجدان بە هەریەک لەوانە بە شێوەی جیاواز و سەربەخۆ دەبێتە هۆی کەموکۆڕی و سەرلێشێواوی لە کارەکانـدا. هیچ ڕێکخراوێـک خـاوەنی یەک شێواز و تـایبەتمەنـدیەکی تـایبەت بە ڕیبەری نیە. بۆیە بۆ هیچ ڕێکخراوێک شێوازی ڕێبەری تـایبەت بە خۆی نیە. ڕێبەری ئەخلاقی لە ڕێگای شێوازی گونجـاوەوەوە ئاستی ئەخلاقـی و چالاکی لەنـاو ڕێکخـراودا بەرز دەکـات. ئەو بەشـانە بەردەوام لە حـاڵی گەشە سەندن، سیسـتەماتیک و ڕەوانن. شێوازی گونجاوی ڕێبەری گرێدراوە بە تێگەیشتنی ئەخڵاقی بـاو لە نـاو ڕێکخـراودایە. چانـد و فەرهەنگی ڕێکخـراوە لە هەمـوو قۆنـاغێکی تەمەنـی ڕێکخـراو خـۆی نیشـان دەدات. کولتـووری ڕێکخراوەیـی یەکێـک لە بەرپرسـایەتیە گرنگەکـانی کـۆمەڵایەتی ڕێکخـراوەیە و چـالاکی و گەشەسـەندویی ئەو دەبێـتە هـۆی گەشەسـەندن و بەرینتـر بـوونی پێوەنـدیە کۆمەڵایەتیەکانی حیزب.

١١ی جووڵای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕێبەری ئەخلاقی و کاردانەوەی لە سەر ژینگەی ئەخلاقی ڕێکخراو



کەشی ناو ڕێکخراوە لە سەر ئاستی هەڵسوکەوتی ئەندامان و پێوەندیەکانەوە زۆر شوێندانەرە. ژینگەی ئەخلاقی حیزب بریتیە لە ئەو کردارانەی کە ئەندامان هەڵی دەبژێرین و هەروەها ئەو کردارانەی کە لە ڕێگای پێڕەوی ناوخۆ و ئایینامەکانەوە پێوەندی نێوان ئەندامان و ڕێبەری دیاری دەکەن. ئەم ژینگانە دەتوانن بە پێی هەلومەرجی جیاواز کردارە ئەخلاقیەکانی ئەندامان و ڕێکخراوە شی بکەنەوە بۆ ئەوەی لە شوێنی کار و چالاکیەکانیان لە ڕووی پێوەندی و هەڵسوکەوتی ئەخلاقیەوە شتێکی شاراوە نەمێنێتەوە. کەوابوو ڕێبەری حیزب بە جیاتی ئەوەی چاوەڕوانی لە ئەندامان هەبێت بۆ چاوەڕوانی کرداری ئەخلاقی خۆیان، بەرپرس و وەڵامدەرەوەی کەشی ئەخلاقی ڕێکخراوە.

مەبەست لە "ژینگەی ئەخلاقی حیزب" ئەوەیە کە چۆن کەشی ناوخۆیی ڕێکخراو کار دەکاتە سەر کردەوەکانی ئەخلاقی و نا ئەخلاقی ئەندامان. ژینگەی ئەخلاقی لە حیزبدا کاردانەوەیەکی ئەرێنی لەسەر هەڵسوکەوتی ئەندامانی حیزب دەکات و ڕاستەخۆ شوێندانەرە لە سەر ئەنگیزە و هۆی کار و چالاکی ئەندامان. لە پێشەکی بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هاتووە: "سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر بنەمایەک دارێژراوە کە کەرامەتی مرۆڤ بە گرینگترین بەهای ژیان دەزانێ". هەروەها ماددەکانی پێنجەم و شەشەمی پێڕەوی ناوخۆیی حیزب وێرای شیکردنەوەی مافەکانی ئەندام و دیسیپلینی حیزبی شیکەرەوەی ژینگەی فەرمی ئەخلاقی حیزبی دێموکراتە. بەو پێیە ژینگەی ئەخلاقی بریتیە لە "تێگەیشتنی هاوبەش لەوە کە چ کردارێک لە ڕوانگەی ئەخلاقەوە دروستە و چۆن دەشێ لە گەڵ پرسە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەخلاقیەکان هەڵسوکەوت بکرێت." بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی نێوان ئەرک و پلەی ئەندامان و کادرەکانی حیزبی لەوانەیە تێگەیشتنیان لە سەر ژینگەی ئەخلاقی حیزب وەک یەک نەبێت. ئەوە ڕێبەرانن کە کردەوە و هەڵسوکەوتەکانیان باشترین وێنەی تێگەیشتن لە ژینگەی ئەخلاقی حیزبن و ژیانی ڕۆژانە، هەڵسوکەوتیان لە گەڵ خەڵک و کەسانی ژێر ڕێبەریان سیاسەتەکان و کردەوە ئەخلاقیەکانیان شی دەکاتەوە.

قاسملوو ڕێبەریک بوو کە هاندەری پێکهێنانی ژینگەیەکی خەڵکپەروەر و پرەنسیبی و ئەرکناسی ئەخلاقی لە ناو حیزب بوو. چوارچێوەکانی ژینگەی ئەخلاقی بە سێ ڕەهەند دابەش دەکرێن: خۆخوازی و ئێگۆییزم (Egoism) خێرخوازانە (Benevolence)، پرەنسیب (ئەرکناسی). خۆخواز یان ئێگۆیست زۆرترین سەرنجی بە قازانج و بەرژەوەندیەکانی تاکەکەسی دەکات و هەوڵ دەدات لە هەموو کارو کردەوەکانی خۆیدا لە پلەی یەکەم بەرژەوەندیە تاکەکەسیەکانی خۆی یان لایەنگرانی خۆی لەبەرچاو بگرێت. خێرخوازی یان خەڵک پەروەری بە واتای ئەوە دێت کە کەسان بە لەبەرچاوگرتنی ئاکامی ئەرێنی و نەرێنی ئەو کاردانەوەی سەر خەڵکانی دیکە بڕیارەکانی خۆیان دەدەن. ئەرکناس هەوڵ دەدات کردەوەکانی خۆی لە چوارچێوەی یاسا و سیاسەتەکای پەسەند کراو ڕێک بخات و هەڵسوکەوتی ئەخلاقی خۆی بە پێی پرەنسیبە پەسەندکراوەکان ڕێک بخات.

جۆری ژینگەی ئەخلاقی ڕێکخراو پێوەندی بە هەڵسوکەوتی ڕێبەران و بەرپرسانی ڕێکخراوەکەوە هەیە. تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی (Social Learning Theory) ڕوونی دەکاتەوە کە کەسان بە دیتنی ئولگوو و کردەوەکانی بڕیاردەران هەڵسوکەوتی خۆیان ڕێک دەخەن و پێڕەوی لەو کەسانە دەکەن. بۆ ئەوەی کە کەسێک بتوانێت ببێتە ئولگووی خەڵکانی دیکە بۆ هەڵسوکەوت دەبێ خاوەنی تایبەتمەندی جێی بڕوا و سەرنجڕاکێش بن. ئەوان دەبێ هەروەک لە پێڕەوی ناوخۆیی حیزبی دێموکراتیشدا ئاماژەی پێکراوە هەوڵ بدەن پلەی کۆمەڵایەتی و بڕوای کۆمەڵایەتی خۆیان بەرز بکەنەوە. ڕێبەران لە ناو ڕێکخراودا خاوەنی شوێنێکی کاریگەرن بۆیە بەشێوەیەکی سروشتی بە هۆی پلەی تەشکیلاتی یان سیاسیانەوە خاوەنی بڕوایەکی ڕێکخراوەیین و ئەمەش بەرپرسایەتی و ڕۆڵیان قورستر دەکات. بە هۆی پلە و جێگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەشکیلاتیان هەڵسوکەوتی ڕێبەران کاردانەوەی ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر ژینگەی ئەخلاقی ڕێکخراو و جۆری بڕوای کۆمەڵایەتی ئەوان. تیۆری گرێدراوەیی (Dependency theory) دەسەلمێنێت کە ڕۆڵی کەسان دەتوانێت لە ڕێگای پێوەندی نێوان کەسی بەرپرس و ئەندامانی ڕێکخراوەوە کە خاوەنی دەسەڵاتن شوێندانەرە لەسەر ژینگەی ئەخلاقی ڕێکخراو. گرێدراوەیی نێوان کەسان لە ڕێگای پێوەندی بنەماڵەیی، خزمایەتی، ناوچەیی و هەروەها بەرژەوەندی هاوبەشەوە پێک دێت، بە مەبەستی مسۆگەرکردنی پێویستیەکانی تاکەکەسی و گرووپی. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی مێژووی کێشەکانی ناوخۆیی و جیابوونەوەکان و لێکترازانەکانی رابردوو و کێشە و قەیرانەکانی ئەمڕۆی ڕێکخراوەیی،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گیرۆدەی دەستی نەخۆشی پێوەندی گرێدراوەیی بووە و تا ئەمرۆشی لە گەڵ بێت بوێری ئەوەی نەبووە خۆی لە دەستی ئەو نەخۆشیە رزگار بکات. ئەمەش وای کردووە کە پێوەندیەکان لە ناو حیزبی دێموکرات دا بە جیاتی پێوەندی ڕێکخراوەیی و ئۆرگانیک زۆرتر ببنە پێوەندی تاکەکەسی و گرووپی و ناسیاوی.

گرێدراوەیی پێوەندیەکان تەنیا لایەنی نەرێنی نیە، پێوەندیەکانی ئۆرگانیکیی نێوان ئەندامان و بەرێوەبەران پێوەندیەکی گرێدراوەییە و ڕێبەران و بەرپرسان پێوەندیەکی گرێدراوەییان هەیە لە گەڵ ئەندامان و ئۆرگانەکانی ژێر بەرێوەبەریان. بۆیە جێ بڕوابوون و سەرنجدان بە پێوانە ئەخلاقیەکانی ڕێکخراوەیی شوێندانەرە لە ئاستی چالاکی و هەست بە بەرپرسایەتی کردنی ئەندامان بەرامبەر بە ئۆرگان و تەواویەتی حیزب. ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە بەشێکە لە تایبەتمەندی ڕێبەری گۆرانکاری خواز.

لە روانگەی گەورەیی ئەخلاقیی ڕێبەر، ڕێبەری ئەخلاقی بۆ ڕێنوێنی ئەخلاقی ئەندامان و کەسانی ژێر ڕێبەریان، چاو لە کەسانی دەرەوەی خۆیان دەکەن. بەو واتایە ئەوان نموونەکانی هەڵسوکەوتی ئەخلاقی کەسانێک هەڵدەبژێرن کە بۆ کۆمەڵگا نموونە بن و لە ئاستی جیهانی دا جێی سەرنج بن. کەوابوو هەڵسوکەوتی ئەخلاقی ڕێبەر شوێندانەرە لە سەر ژینگەی ئەخلآقی حیزب و تێگەیشتن و هەلسوکەوتی ئەندامان لە پێوەندی لە گەڵ ئەخلاقی حیزبی.

ئەو ڕێبەرانەی کە بە پێی بنەماکانی ڕێبەری ئەخلاقی هەلسوکەوت دەکەن دەتوانن ببنە هاندەری ئەندامانی ڕێکخراو بۆ بەرەوپێش بردنی ژینگەی ئەخلاقی حیزب. کرداری ڕێبەران ئاستی هەستی هێمنایەتی و هەومەرجی ئەخلاقی ئەندامان و ئۆرگانەکانی حیزبی دیاری دەکات و دەبێتە هۆی گەشەسەندنی راستگۆیی و بڕوای کۆمەڵایەتی. ئەمرۆ بنەماڵەی دێموکرات پێویستی بە ئۆرگانێکی تایبەت دەکات بۆ بەرێوەبەری بنەماکانی ئەخلاق لە ژینگەی حیزبی دا.

**قازانجەکانی ئۆرگان یان ناوەندێکی وا بریتی دەبن لە:**

١- سەرنجدان بە ئەخلاق و ژینگەی ئەخلاقی دەبێتە هۆی چاکسازی ناو کۆمەڵگای حیزبی
٢- پلان و بەرنامەکانی ئەخلاقی دەتوانێت لەو هەلومەرجەی کە حیزب تێدایە یاریدەدەر بێت، بنەماڵەی دێموکرات لە دەوری بنەماکانی ئەخلاقی خۆی کۆ بێتەوە
٣- بەرنامەکانی ئەخلاقی دبنە هۆی ئەوەی کە کاری گرووپ و تیمەکانی حیزبی شکڵی نوێ بەخۆیانەوە بگرن و پێوەندیەکان بتەوتر بن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٤- بەرنامەکانی ئەخلاقی دەتوانن ببنە هۆی گەشەسەندن و پێشوەچوونی ئەندامانی حیزب
٥- بەرنامەکانی ئەخلاقی دبنە هۆی ئەوەی ڕێبازە پەسەندکراوەکانی حیزب ببنە بنەمای کاروکردەوەکان و بڕوا بە ڕێبازی حیزبی قووڵتر بێتەوە.
٦- بەرنامەکانی ئەخلاقی دەبنە هۆی پێشگیری لە گەندەڵی ڕێکخراوەیی، تەشکیلاتی و ئیداری لە ناو حیزب دا
٧- بەرنامەکانی ئەخلاقی یارمەتیدەری گەشەسەندنی نرخ و بەهاکانی حیزبی دەبن و بەرنامە و ستراتیژیەکانی بەهێزتر و جێ بڕواتر دەکەن
٨- بەرنامەکانی ئەخلاقی دەبنە هۆی پێکهێنانی تێگەیشتنێکی ئەرێنی لە حیزب لەلایەن خەڵکەوە.

حیزبی دیموکرات بە پێکهێنانی بەرنامەی بەڕێوەبەری ئەخلاق ژینگەکی ئەخلاقی لە ناو ڕێکخراوەکانی حیزبیدا گەشە پێبدات. ئامانجی سەرەکی بەرنامەکانی ئەخلاقی پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان بنەماکانی ئەخلاقی و بایەخەکانی حیزبی و هەڵسوکەوتی ئەندامان لە هەموو ئاستەکانی ژیانی ڕێکخراوەییاندا. بەرنامەکانی ئەخلاقی لە بایەخەاکن، هێلەکان و ئەو چالاکیانە پێک دێت کە شوێندانەر بێت لە سەر چاکتر بوونی هەلسوکەوتی ڕێکخراوەیی. بەرنامەکانی ئەخلاقی دەتوانن دەورەی جۆراوجۆر و گفتگۆ و لێکدانەوەی جۆراوجۆر لە خۆیدا بگرێت.

لەو پێوەندیەدا پێویست بە داڕشتنەوەی کەرەسەکانی ئەخلاقی دەکات. کەرەسەی ئەخلاقی بریتیە لە کۆدەکانی ئەخلاقی، کۆدەکانی هەڵسوکەوت، هێلەگشتیەکان و شێوەکانی چارەسەری کێشەکان.

**لە هەلومەرجی ئەمرۆی بزاڤی نەتەوایەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کۆدەکانی ئەخلاقی حیزبی دەتوانن بۆ نموونە بەشێوەی خوارەوە بن:**

١- پابەندبوون بە ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ لە ناوخۆ و دەرەوەی حیزبدا
٢- ڕێزگرتن لە یاسا و بنەماکانی پێرەوی ناوخۆیی حیزب
٣- ڕاستگۆیی لە وتە، کردە و هەڵسوکەوت
٤- پاراستنی نهێنیەکان و بەکارنەهێنانی نهێنیەکانی حیزبی بۆ مەبەستی شەخسی و تاکەکەسی
٥- بەشداری چالاکانە لە بەرەوپێشبردنی کاروباری حیزبی و دەروەستبوون بە چالاکیەکانی بەکۆمەڵ، یارمەتی کەسانی دیکە و دوورەپەرێزی لە خۆسەپاندن و تاکڕەوی
٦- وەفاداری وهەستی بەرپرسایەتی بەرامبەر بە حیزب، بەرزراگرتنی بەرژەوەندیەکانی باڵای نەتەوایەتی و


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەرژەوەندیەگشتیەکانی حیزبی بەسەر بەرژەوەندی تاکەکەسی، جیناحی و گرووپی و بەرگری لە بایەخەکانی پەسەندکراوی هاوبەشی بنەماڵەی دێموکرات

٧- هەبوونی ویژدانی کاری و سیاسی و وەگەڕخستنی هەموو تواناکانی خۆی بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجە پەسەندکراوەکان

٨- خۆپاراستن لە پاڵپێوەنان و هەلاواردنی جیابیران و خۆپاراستن لە سووکایەتی و شکاندنی کەسایەتی ئەندامان و کەسانی جیابیر

٩- لەبەرچاوگرتنی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و خۆپاراستن لە زمانی سووک لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیدا

١٠- لەبەرچاوگرتنی دیسیپلینی حیزبی و جێبەجێ کردنی یەکسانی دیسیپلین لە هەموو ئاستەکانی حیزبیدا

١١- ڕاگرتنی تەندوروستی ڕێکخراویی و ژینگەیی

١٢- خۆبواردن لە هەرجۆرە هەڵاواردنێک بە هۆی ڕەگەز، ناوچە، زمان و زاراوە و بیرورا و ڕەوشی فیزیکی کەسان

١٣- خۆپاراستن لە ڕشوەدان و خەڵاتێک کە لە سەر بنەمای پێوەندی تاکەکەسیەوە بێت

١٤- جیاکردنەوەی چالاکی تاکەکەسی، کات بەسەربردن و کاتی بنەماڵە و کارەکانی حیزبی و پێکهێنانی پارەسەنگ لە نێوانیان

١٥- بەکارنەهێنانی کەرەسە و دامەدەزگاکانی حیزبی بۆ مەبەستی تاکەکەسی و بنەماڵەیی

١٦- ڕێزگرتن و بڕوای بەرامبەر لە نێوان ئەندامان

١٧- خۆپاراستن لە جگەرەکێشان و مادەهۆشبەرەکان لە شوێنی کارو چالاکی

١٨- ژینگەپارێزی و پاکوخاوینی شوێنی کار و ژیان

١٩- بەرپرسبوون و وەلامدەربوون لە هەموو ئاستەکاندا

٢٠- پاراستن و ڕێزگرتن لە سنوور و حورمەتی ژیانی تایبەتی خەڵک

٢١- قەدەغەبوونی دانوئەستاندنی تایبەتی لە کاتی کارو چالاکیدا

٢٢- هەوڵدان بۆ خۆفێرکردن و گەشەسەندن

٢٣- هەوڵدان لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕازی بوونی خەڵک

٢٤- ڕێزگرتن لە پلۆلرالیزم و فرەچەشنی کۆمەڵگا و ریزەکانی حیزب

٢٥- لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی ئەخلاقی و ڕەوشتی ئینسانی لە کاتی جێبەجێکردنی بڕیار و کارەکان.

١٣ی جووڵای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# رابردوو چرای دوارۆژ نیە



قاسملوو کەسێک بووە کە چ لە رووی هەڵبژاردەی سیاسی و چ لە رووی جۆری رێبەری کردن، بەرهەڵستی زۆر لە باوەڕ و شێوازە نەریتیەکان کردووە. زۆرن لەو بڕوا نەریتیانەی کە لە رابردوودا بە هۆی پێوەندی ساکار و سادەی رێکخراوەیی لە رابردوودا پێک هاتوون و ئەمرۆ بە هۆی ئەوەی کە لە لایەک پێوەندیەکانی کۆمەڵایەتی و پێوەندیە رێکخراوەییەکان و هەلومەرجی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بەسەر هاتووە کە جۆری پێوەندیەکانی رابردوو ناتوانن وەڵامدەری پێویستیەکانی ئەمرۆی رێکخراوەیی و خەبات بن.

لە سایەی تەکنۆلۆژی پێوەندیەکان و میدیا کۆمەڵایەتیەکانەوە، هەمووڕۆژی هەزاران لێکۆڵینەوە و توێژینی نوێ لە پێوەندی لە گەڵ پرسەجۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە خۆرێکخستن و رێکخراوە بڵاو دەکرێن، کە لەوانەیە تا دە پانزدە ساڵ لەمەوبەر رێگای ئەوە نەبوو ئەو هەموو زانیاریانە بڵاو بکرێنەوە و بەدەست چالاکانی کورد بگات. کۆمەڵگای کورد لە سی (٣٠) ساڵی رابردوودا ئاڵوگۆڕێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. سەرهەڵدانی ئەکتەرە نوێیەکانی سیاسی، بوونی رایەڵکەکانی پێوەندی و بە پێی ئەو بوونی هەڵبژاردەی زۆری رێکخراوەیی و سیاسی ئەو دیاردانەن کە بەشێکی زۆر لە یاساکان و رێوشوێنە رێکخراوەییەکانی نەریتی ناتوانن وەڵامدەرەوە بن.

زۆر لەو رێوشوێنانەی کە لە رابردوودا وەڵامدەر بوون بووتە باوەڕێکی گشتی لە ناو نەوەکانی دووەم و سێهەمی حیزبی دێموکرات دا. بەڵام بەهۆی خێرایی ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی، چی دیکە جوڵانەوەکان هێلی (linear) و لە سەر بنەمای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سانترالیزمی بەهێز نین و داهاتوو لەوانەیە لە راستای رابردوودا نەبێت. بۆیە رێبەران دەشێ ئەزموونەکانی رابردووی خۆیان ببەنە ژێر پرسیار. دامەزراندنی کومیسیۆنە جۆراوجۆرەکانی، کۆری پەروەردەو فێرکردن، زانکۆ، فێرگەی سیاسی نیزامی و هەروەها دامەزراندنی پێوەندی دیپلۆماتیک و داوای ئەندامەتی لە سۆسیالیست ئەنترناسیۆنالیست و کردنەوەی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە پاریس بەرێبەری قاسملوو هەموو ئەو نموونانەن کە ئەورێبەرە رابردووی نەکردۆتە چرای داهاتوو و یاساکانی خەباتی رابردووی تاقی نەکردۆتەوە. چونکە کاتێک دەکرێ ئەزموونی رابردوو دووپات بکرێتەوە کە دیاردەکان دووبارە بکرێنەوە و کردەوەکان پێشبینی بکرین.

رێبەران و کادرەکانی حیزب، ئەستێرەکانی ئاسمانی خەبات و چالاکی ئەو حیزبەن. رێبەری حیزب گەورەترین رۆڵی هەیە لە گۆرانی هەست و هۆشمەندی ئەندامان بە کار و کردەوەی شوێندانەر و بەقازانج بۆ حیزب. ئەندامی ژێر خوازیاری رێبەر و بەرێوەبەری ژێر و هۆشمەندە و رێبەران و بەرێوەبەرانی هۆشمەند کەسانێکن کە بتوانن سروشتی هۆشمەندانەی مرۆڤ هەروەک دکتۆر سەعید شەرەفکەندی دەڵێت شکڵی ماددی و دەستگیر پێ ببەخشێت و بزانن کە هەرکەس تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە و دەبێ لە بەرێوەبەری هێزی مرۆڤی سەرنج بدرێتە تایبەتمەندیە جیاوازیەکانی مرۆڤ. لە رێبەری هێزی مرۆڤی دا سەرنج دان بە چوار هۆ زۆر گرنگە: هەڵبژاردنی دروستی کەسان، دیاری کردن و روونکردنەوەی ئەو چاوەڕوانیانەی کە رێبەران لە کەسان هەیانە، هاندان و ئەنگیزەی گونجاو و سەرئەنجام پێکهێنانی زەمینەی گەشەکردنی کەسان. ئەو چوار خاڵە وەک کلیلی دەرگای سەرکەوتنی رێکخراوەیی لە ئاستی تاکەکەسی و گرووپیدان. گەر کلیلەکان بە دروستی بەکار ببردرێن ئاستی هۆشمەندی تاکەکەسی و گرووپی رێکخراو گەشە دەکات و لە ئەنجامدا رێکخراوە گەشە دەکات.

رێبەرانی گەورەی وەک قاسملوو لە جیهاندا نموونەیان کەمە. رێبەرانی لەو چەشنە بە شێوازی جیاوواز کار ئەنجام دەدەن و ئامانجی جیاوازیا هەیە. رێبەرانی لە چەشنی قاسملوو سەرەرای ئەوەی کە ئامانجەکانیان جیاواز بێت یەک خاڵی هاوبەشیان هەیە: ئەوان لەدەسپێکی کارەکانیان خۆیان لە هەموو نەریتە کۆنباوەکان رزگار دەکەن. رێبەرانی گەورە شۆرشگێرانە هەلسوکەوت دەکەن. گەورەترین شۆرشی رێبەرانی گەورە هاندانی لایەنگرنیانە بۆ سەرمایەگوزاری لە سەر خۆیان.

کادر و ئەندامی هۆشمەند خوازیاری رێبەر و بەرێوەبەری هۆشمەندن. کەسانی هۆشمەندی وەک دکتۆر سەعید شەرەفکەندی بەهۆی کەسایەتی کاریزماتیکی قاسملوو، توانایی لە سازماندانی هێزەکان، بەرنامە و بایەخەکانی سیاسی قاسملوو بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکرات و سەخاوەتمەندانە گیانی خۆی لە پێناو بیروباوەڕ و ئامانجەکانی قاسملوو بەخشی. ئەندیشەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قاسملوو سادە و سەرڕاست بوو ئەمەش بە واتای ئەوە نیە کە جێبەجێ کردنی ئەو ئەندێشانە کارێکی ئاسان بن. بەڵام ئەوە ئاسانە کە بڕوا بکەین کە هەموو مرۆڤێک خاوەنی توانای لەبڕان نەهاتووە. زۆر ئاسانە بیر لەوە بکەینەوە کە باشترین ڕێگای لەناو بردنی کەموکۆری کەسێک یارمەتی ئەوان بدرێت بۆ باشتر بەرێوەچوونی ئەرکەکانیان. لە روانگەی ڕێبەریەوە هەلسوکەوتی یەکسان لە بەرامبەر هەمووکەس ئاسانتر لەوەیە کە هەندێک هەڵبژێردرێن و دواتر وەڵامی کردەوەکانی خۆمان بدەینەوە. جێبەجێ کردنی نەریتەکان و کار بە شێوەی نەریتی زۆر ئارامیهێنەرە.

زانایانی شۆرشگێر بەو شێوەیە هەڵسوکەوت ناکەن. ڕێگای ئەوان زۆر دژوار بەڵام روونە. پێشڤەچوون لە ڕێگایەدا پێویستی بە ڕێکوپێکی و خۆدیسیپلینی، کۆکردنەوەی سەرنج، بڕوا و لە هەمووی گرنگتر ویستی قبووڵی ئاڵوگۆرە.

لەو سەردەمەدا پێویست ناکات، ڕێبەرانی دێموکرات تیۆری نوێ پێشکەش بکەن. تەنیا شتێک کە پێویستە سەرنج دان بە سروشتی مرۆڤەکان و دۆزینەوەی رەمزی گۆڕینی توانا و هۆشمەندی کەسان بە کاروچالاکی و کردەوەیە. چالش و لێگەری لەو بوارەدا ئەوەیە، کە داخوا چۆن ڕێبەرانی حیزب ئەوجۆرە بۆچوونە لە شێوازی بینین، بەرێوەبەری و جێبەجێ کردنیان و هەلسوکەوت لە گەڵ کەساندا پراکتیزە دەکەن.

١٤ی جووڵای ٢٠١٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# حەوت وانە لە قاسملوو بۆ ڕێبەرانی داهاتوو




هەر کۆمەڵگـایەک، هەر حیـزب و ڕێکخراوێـک و بنەمـاڵەیەکی سـەرکەوتوو لە یەک تایبەتمەندیـدا هاوبەشـن: هەموویـان، خـاوەنی ڕێـبەر یـان بەڕێـوەبەرێکن کە بنەماکـانی ڕێـبەری و بەڕێـوەبەری دەزانـن. ڕێبەرێـک کە لە هەلـومەرجی دژوار و هەسـتیاردا هەست بە گۆڕانکاریەکـانی کەشـو هەوا دەکـات و هەوڵ دەدات بە خۆڕێکخسـتن و سـازماندانی نـوێیەوە سـەرەرای بەلەمی ڕێکخـراوەکەی بەرەو مەنزڵگـای خـۆی ڕێبەری بکـات. لە کـردنەوەی ئێـوارە خـوانی کـۆنگرەی زانسـتی کوردسـتان لە ئۆکتۆبری ٢٠١٢ دا خاتوو کارۆڵ پرۆنهۆبێر نووسەری " خولیا و مەرگی قاسملووی کورد" وتـی: "قـاسملوو لێرە نیە تـا ببینێت خەونەکـانی بـۆ نەتەوەی وەدی هـاتووە. کـۆنگرەی وا لە کوردسـتانێکی ئـازاد، خەونـی قاسـملوو بـوو، قاسـملوو خەونـی پێشـڤەچوونی بە وڵاتەکەی دەبینـی و خـۆزگەی دەخواست گەلەکەی لە زانسـت و ڕۆشـنبیریدا پێشـکەوێت". چیرۆکـی ژیـانی قاسملوو چیرۆکی ژیـانی مرۆڤێکە کە لە ڕێگـای سـەرکەوتن و بەرەوپێشچووندا زۆر هەوراز و نشـێوی پێـواوە. بەڵام هەنـدێک تایبەتمەندی قاسملوو بوونەتە هـۆی ئەوەی کە بەسـەر کەندۆکۆسپەکاندا سـەرکەوێت و نـاوی خـۆی لە ریـزی گەورە مرۆڤـانی جیهانی مرۆڤایەتی و کوردوکوردستاندا تۆمار بکات. ئەوەی خوارەوە کـورتەیەک لە حەفت تـایبەتمەنـدی قاسملوون کە ئەوی کرد بە ڕێبەرێکی بێهاوتا لە ناو بزاڤی نەتەوایەتی کورددا. لەو تایبەتمەندیانەدا مرۆڤ دەتوانێت لە گەڵ ئەسـتوونەکانی بنەمایی گۆران و خۆپێگەیاندن، هەڵگرتنی بەرپرسایەتی، ڕاستگۆیی و پشتیوانی گرووپی ببینێ و هەست پێ بکات:

### ١- بیری داهێنەرانە

هۆکاربوون یان دەسپێشخەری واتـایەکی بەرینی هەیە. دەستپێشخەری بە واتـای ئەوەی کە مرۆڤ بەرپرسایەتی کردەوەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆی بە ئەستۆ دەگرێت و بڕیاری ڕێبەر لە سەر بنەمای پرەنسیب و بایەخەکانەوە بنیانتراوە و پێوەرەکانی هەستی لەنەکاوی و هەلومەرجی ڕۆحی یان پێوەندی تاکەکەسی ئەو لە گەڵ دەوروبەری نیە. ئالبێرت ئەنیشتاین دەڵێت: "جیهانێک کە خوڵقاندوومانە، بەرهەمی جۆری بیرو ئەندێشەی ئێمەیە". هیچ شتێک لە داهاتوودا بە بێ بیروئەندێشەی نوێ گۆڕانی بەسەردا نایەت. ڕێبەران گەر بیانهەوێ جیهانێکی نوێ بخوڵقێنن دەشێ جۆری بیرکردنەوە زەمینەکانی بیروئەندێشەی خۆیان گۆڕانکاری بەسەردا بێنن. ٨٠%ی خەڵک بەشێوەی دژکردەوە بیر دەکەنەوە. ئەوان زەحمەت دەکێشن تا کەموکۆڕیەک یان کێشەیەک چارەسەر بکەنەوە. ٢٠% دیکە بیرمەندانی داهێنەرن کە کاردەکەن بۆ خوڵقاندنی شتێکی نوێ. بیرمەندانی داهێنەر لە پرسیاری " چ شتێک مومکینە؟" پێش دەکەون. بیرمەندانێک کە دژکردەوەیی و بە شێوەی ریاکسیۆن هەڵسوکەوت دەکەن بیر لەوە دەکەنەوە "کە چ شتێک هەڵەیە؟" یا خود "چ کەسێک دەبێ سزا بدرێت؟" ئەوان هەڵسوکەوتیان دژکردەوە بە ژینگەی خۆیانە. بەڵام بیرمەندانی لە چەشنی قاسملوو بەرینتر لە ژینگەی خۆیان بیر دەکەنەوە. ڕێبەرانی داهێنەر ئاگاداری چوار دیاری تایبەتی مرۆڤ واتە خۆئاگاداری، ویژدان، هێزی خەیاڵ و ئیرادەی سەربەخۆ و هەروەها فەلسەفەی لە ژوورەوە تەماشای دەرەوە کردن بە سەر هەموو کردەوەکانیان و هەلسوکەوتیان زاڵن. ڕێبەرانی دەستپێشخەر دەیانهەوێ لە ژیانی خۆیاندا ببنە هێزی داهێنەر. ئەمەش بنەماییترین شتێکە کە هەر کەسێک دەتوانێت لە ژیانی خۆیدا بڕیاری لەسەر بدات.

## ٢- بینینی ئامانجی گەورە

هەمووشتێک دووجا دەخوڵقێندرێت. یەکەم لە جیهانی بیرو ئەندێشەدا و دووەم لە مەیدانی کردەوە. ڕێکخراوی سەرکەوتوو بۆ خوڵقاندنی وێنەیەکی خەیاڵی و ئامانجی دوارۆژ بۆ هەر پلان و پرۆژەیەک رووداوەکانی داهاتووی ژیانی خۆیان دەنووسن. ئەوان بە بێ ئەوەی کە ئامانجێکی دیاریان هەبێت ناژین. بەڵکوو بە پێچەوانەوە لە رووی ئەندێشەوە گرینگترین ئەسڵەکان، بەها و بایەخەکان، پێوەندیەکان و ئامانجیان دەناسن و بەکردەوە پابەندن بەو بنەما ئەخلاقیانە. هەڵبژاردنی رەساڵەت و ئەرکی تایبەتی بەرزترین جۆری خەلاقیەت و داهێنانی بیری مرۆڤ لە ڕێکخراوەدایە. خوڵقاندنی فەرهەنگ و چاندێک کە ئامانجەکان، بیروبۆچوون و نرخ وبەها هاوبەشەکان پێکەوە گرێ بدات، دووربینی و بنەمای ڕێبەری پایەبەرزی لە چەشنی قاسملوون.

## ٣- ئامادەیی بۆ گۆران

ڕێبەرێک کە ئامادەیی هەیە بۆ گۆران، پێشوازی دەکات لە گۆرانکاری. ئەوان ئاگاداری قۆناغەکانی گۆرانکاری و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاردانەوەیان لە سەر کەسانی ژێر ڕێبەریان هەیە و دەزانن چۆن کەسانی دیکە لەو گۆڕانکاریەدا بەشدار بکەن. سروشتیە کە هەندێک لە ئەندامان و کادرەکان بەرهەڵستی گۆڕانکاری دەبن، چونکە گۆڕناکاری ئەوانە ناچار دەکات لە گۆشەی بێدەنگی خۆیان دەرکەون. ڕێبەرێکی کارامە دەزانێت چۆن هاوڕێیانی لە گۆشەی بێدەنگی و بازنەی ئارامی خۆی دەربێنێت و پێبەپێی خۆی گەورەیی و ڕێزی پێببەخشێت. ڕێبەری وا یارمەتی هاوڕێیانی دەدات بۆ پێکهێنانی تێگەیشتنی هاوبەش لە رابردوو و هۆی گۆڕانکاری بزانن. ئەوجار بە نیشاندانی وێنەیەکی ئەرێنی لە داهاتوو و بەو چالاکیانەی کە هەموو لایەک تێدا بەشدار بن، ڕێبەری بزاڤەکە دەکات بەرەو گۆڕان و باشتر بوون.

## ٤- پێکهێنانی ئاسۆی دوور

ئەرکی سەرەکی ڕێبەرە کە ژینگەیەکی زیندوو پێک بێنێت کە پێی دەوترێت فەرهەنگی ڕێکخراوەیی. چاندو فەرهەنگی ڕێکخراوەیی واتە گرێدراوەیی و دەروەست بوون. ڕێبەر دامەزرێنەرێکی بەتوانای کولتووری ڕێکخراوەیە. ئەو شێمای ژینگەی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزب ساز دەکات. ئەندامان و کادرەکان هان دەدات بۆ ئەوەی چاکتر لەوەی کە هەن ببن. ڕێبەری داهێنەر دەزانێت کە توانایی دهێنانی ژینگەیەکی بەلێگەر و بە چالش بۆ گەشەکردن و پێگەیاندنی ئەندامان گرنگتر لە تواناییەکانی تەکنیکی دیکەیە.

## ٥- پێشتر تێبگەین دوایە دوای تێگەیشتن لە خەڵک بکەین

دکتۆر قاسملوو گوێگرێکی باش بوو. ئەو بەرلەوەی کە وەڵام بداتەوە یا بەشداری لە باسێک بکات، تەنانەت لە پلینۆمەکانی حیزبیش دا پێشتر گوێ لە هەموو قسە و بیروراکان رادەگرت ئەوکات بیرورای خۆی باس دەکرد. کاتێک مرۆڤ بە ئامانجی تێگەیشتن لە قسەکانی خەڵکانی دیکە گوێ دەگرێت نەک بە نیازی وەڵامدانەوە بەوان، بناغەی پیوەندیەکی تەندوروستی دارشتووە. کاتێک مرۆڤی بەرامبەر هەست بکات کە دەمانهەوێ بەرلە هەمووشت لیی تێبگەین، ئەو خۆی بە کەسێکی خاوەن ڕێز و جێی بڕوا دەزانێت. ئەمەش بەواتای ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤی ئەو کەسە گرتنە. لە ئاکامدا لە رەوشی بەرگری کردن لە خۆی دەردەکەوێت و قووڵترین بیروهزرەکانی خۆی ئاشکرا دەکات. ئەو کات هەلومەرجێک دەخوڵقێت تا ئەو بەربەستانەی کە بەرگری لە یەکگەیشتن و تێگەیشتن لە یەکتر دەکەن لەناو بچن. دلۆڤانی و بوێری دەوێ تا مرۆڤ هەوڵ بدات وێک بگات و بتوانێت هاوسەنگی لە نێوان لەیەک گەیشتن و وێکگەیشتن پێک بێنێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ٦- پێکهێنانی هێزی کۆمەڵ

کۆکردنەوەی هێزی کۆمەڵ بەرهەمی ریگای سێهەمە. نەک ریگای من یان ریگای تۆ. ریگا چارەسەری سێهەم لە ریگا چارەسەری هەردووک لایەنی بەرامبەر چاکترە. هێزی بەکۆمەڵ بەرهەمی ریز و حورمەتی دوولایەنەیە. بەرهەمی تێگەیشتن و ریزلێنان لە جیاوازیەکانی یەکتر و لە چارەسەری کێشەکان و بەهرەمەند بوون لە هەلەکانی هاوبەش. ئەو گرووپ و ریکخراوانەی کە هێزی بەشداری و هاوکاری کردن لە ناوخۆیدانا گەشە پیدەدەن، دەبنە هۆی گەشەپیدانی تواناییەکانی تاکەکەسی بە شێوەیەک کە کۆی هێزی ئەوان لە کۆی هێزی دانە دانەیان زیاتر بێت. کەسانی وا خۆیان لە ژێرپێنانی مافی یەکتر دەپارێزن. ئەوان تەنیا لە رووی ناچاریەوە پێکەوە ناسازێن یا خود هاوکاری یەکتر ناکەن، بەڵکوو بیر لە هاوکاری داهێنەرانە دەکەن کە لەودا هێزی سێهەم جێگای هەردوو هێزەکە بگرێتەوە.

## ٧- گەشەپێدانی بەردەوام

یەکێک لە ئەرکەکانی رێبەری گەشەپیدانی بەردەوامی هێزی فیزیکی، رۆحی، مانەوی، کولتووری و عاتفی ریکخراوە. ئەو تایبەتمەندیە کاتێک جێبەجێ دەکرێت کە مرۆڤ لە ئاستی تاکەکەسی دا بۆ گەشەکردن و پەروەردەی خۆی هەوڵی بێوەستان بدات. ئەم تایبەتمەندیە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی بەردەوام، ژیانەوەی ریکخراو و تاکەکەسانی ناو ریکخراو و بەرگری لەوە دەکات کە ریکخراو وەک ئاوی مەنگ راوەستاو بێت و بەرەو دارزان و لەناوچوون بروات. رێبەر چ وەک مامۆستا بێت چ وەک رێنوێن، دەشێ هەوڵ بدات کەشی ناو ریکخراو بەشێوەیەک کراوە بێت کە مەجالی هەستی گەشەکردن بە کەسان بدرێت. رێبەرێک کە ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەندامانیش بڕوا بەوە بکەن دەتوانن ئەرکی خۆیان بە جوانی ئەنجام بدەن. رێبەران دەشێ یارمەتی ئەندامان و کادرەکان بدەن بۆ ئەوەی کە پرسەکان لە روانگەی دیکەشەوە ببیندرێن. پرسیارێک بخوڵقێنن کە ئەندامان و کادرەکان هان بدرێن بۆ فێربوون. دیارە کە رێبەرانی سەرکەوتوو و دووربین لە کۆکردنەوەی پۆتانسیەلی مرۆڤ سەرکەوتوون. رێبەرێکی ئاسۆبین بۆ ئەوەی کە وزەکان ئامانجدار بن، ناوەند پێک دێنێت. هەروەک بە پێکهێنانی کمیسۆنەکانی ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، قاسملوو ویستوویەتی ناوەندگەلی جۆراوجۆر لە پێوەندی لە گەڵ بەرێوەبردنی خەباتی هەمەلایانەی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێکبێنێت و وزەکان کانالیزە بکات. هەرکام لەو کومیسیۆنانە خاوەنی ئەرک و ئامانجی روون بوون و لەو چوارچێوەیەدا ئەندامانی بەشەکان بریاراتی خۆیان دەدا و جێبەجێیان دەکرد. ئەمرۆ پێویست بە شێوازی نوێی رێبەری دەکات. دەشێ پێداچوونەوە بکرێت بە شێوازی رێبەری و بەرێوەبەری ریکخراوەکان و رێبەری حیزب بۆ وەڵامدانەوە بەهەلومەرجی نوێی خەبات


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دابرێژرێتەوە.

بزاڤی کورد سەردەمی قەیرانی "بڕوا" تێپەر دەکات. بۆیە دەشێ سەرمایەگوزاری بکرێت لە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی بڕوا و پێکهێنانی هێزی لەیەک گەیشتن. ئاستی بڕوا نیشانەی رادەی بڕوایەکە کە ئەندامانی حیزب لە ناوخۆ بەیەکتر هەیانە و بە پێی هەو لە گەڵ دەورەبەر دەجۆڵێنەوە. رادەی بڕوا بە زمانێکی سادە وەک رادەی حیسابی ماڵی یان رادەی داراییەکە کە لە بانک یان شوێنێک پاشکەوتمان کردووە. کاتێک حیسابە بانکیەکان خاڵی دەکرێن و پاشکەوتەکان بەکار دەبردرێن، ئیتر مرۆڤ خاوەنی بڕوای دارایی نیە. بە هەمان شێوە خاڵی کردنی پاشەکەوتی هەستیش دەبێتە هۆی لە ناو چوونی بڕوا. کردەوەگەلی وەک با پێشتر تێبگەین ئەوکات تێ بگەیەنین، دلۆڤانی، وەفاداری بە قەوڵ و پەیمانەکان، راستگۆیی و دەروەست بوون لە کاتی بڕیاردان و جێبەجێ کردنیان دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی پاشەکەوتی هێزی بڕوامان. بە پێچەوانەوە هەڵاواردن، ناوچەگەرایی، تایفەگەرایی و خزمگەرایی و جیاوازی خستنەوە لە نێوان ئەندامان و کادرەکان دەبێتە هۆی کەمبوونی رادەی بڕوا و خوڵقاندنی قەیرانی بڕوا.


بۆ ئەمەش پێویستە چاویلکەی بڕیار و قەزاوەتی پێشوەخت و هەڵسەنگاندنی لە سەر بنەمای "زێهنیەتی" پێشدا دیاری کراو هەڵگیرێت و بەجیاتی ئەو هەوڵ بدرێت تێگەیشتن و ئاستی وێک گەیشتنی نێوان ئەندامانی رێکخراوە گەشە پێبدرێت. ئەمەش لە رێبەریەوە دەست پێ دەکات.

۱۵ی جوولای ۲۰۱٤



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕێبەریی ٣٦٠ پلە




مێژووی کورد و کوردستان ڕێبەری کلاسیکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە. خانی لەپزێڕین ڕێبەری خەباتی قەڵای دمدم دژی پاشایی سەفەویەکان بوو. شێخ عوبەیدوللا نەهری سەرۆکی جوڵانەوەی نەهری بوو و سەرەرای ئەوەی کە یەکەم تەڤگەری کورد بوو کە ئامانجی رزگاری هەموو کوردستان بوو، بەڵام دوای لەناوچوونی ڕێبەری جوڵانەوەکە، بزاڤی نەهری تێک چوو. سمایل ئاغای سمکۆ کە بە باوکی ناسیۆنالیزمی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوە جوڵانەوەکەی بە ناوی خۆیەوە تۆمار کراوە. لە ئاستی جیهاندا ویلیام والاس (William Wallace) ڕێبەری خەڵکی سکۆتلاند بوو بۆ سەربەخۆیی ئەو وڵاتە. وینستۆن چێرچیل بە ڕێبەری خەبات و بەرخودانی لە شەڕی دووەمی جیهانی دژی ئەڵمانیای نازی و هەروەها زیرەکی و هۆشمەندی لە جیهانی سیاسەت دا ناسراوە. ماهاتما گاندی ڕێبەری خەباتگێری هیندۆستان بوو و بە ڕێبەری خەباتی مەدەنی و دوور لە توندوتیژی ناسراوە. مارتین لوتێر کینگ بووبە خەونی ئاشتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و قازی محەمەد بە پێشەوای کورد کە کۆماری کوردستانی دامەزراند بە حیکمەت و بەمشووری خۆیەوە ناسراوە.

هەرکام لەو کەسانە ڕێبەری گەورەبوون. هەرکام لەوانە کاردانەوەیەکیان هەبووە کە شوێندانەر بووە لە سەر ژیانی بەملیۆنان مرۆڤ. بەڵام هەر ئەو نموونانە دەتوانن هەڵخەڵەتێنەر بن. ئەوەی راستی بێت لە سەدا ٩٩ی ڕێبەری نەک لەسەرەوە بەڵکوو لە ناخی خودی ڕێکخراوەوە روو دەدات. هەر ڕێکخراو بە گشتی یەک کەسی وەک ڕێبەر هەیە. بەڵام ئەگەر بێت و کەسێک ئەندامی ڕێبەری نەبێت دەبێ چی بکات؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

لە ڕێگای ڕێبەری ٣٦٠ پلەدایە کە مرۆڤ دەتوانێت فێربێت لە هەر شوێنێک بێ، دەتوانێت شوێندانەر بێت لە سەر ڕێکخراوەکە. مرۆڤ فێر دەبێت تا ڕێبەری کەسانی بەرپرس، ئەندامانی ئاسایی و کادرەکان بکات. کە لە ڕێگای یارمەتیدانی کەسانی دیکە یارمەتی خۆیانیش دەدەن. کەسانی وەک نێلسۆن ماندێلای ئەفریقای باشووری، دکتۆر قاسملوو، بیل کلینتۆن سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، کۆفی عەنان سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ریزی ڕێبەرانی ٣٦٠ پلەن. هەرکەسێک کە ئاستی لێهاتوویی بەرزتر لە ئاستی لێهاتوویی نێونجی بێت و لەو ڕێگایەدا خەبات بکات دەتوانێت ببێتە ڕێبەری ٣٦٠ پلە. هەروەک بەرلە کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکرتی کوردستانی ئێران، قاسملوو سەلماندی، پێویست ناکات بۆ ئەوەی کەسێک ڕێبەر بێت ئەندامی دەستەی ڕێبەرایەتی یان کۆمیتەی ناوەندی بێت، بەڵکوو ڕێبەری باش نەتەنیا لەو شوێنەی کە هەیە دەتوانێت ڕێبەری خەڵک بکات، بگرە دەتوانێت ڕێبەری کەسانێک بکات کە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریشن.

لەو بەشەدا بە کورتی بابەتەکانی خوارەوە شی دەکرێنەوە:

* تێگەیشتنی هەڵە لە پلەی ڕێبەری
* بەربەرەکانی لە گەڵ بەهێزترین چالش و لێگەریک کە کادرەکانی دەرەجە سێ و دووی حیزب بەدەستیەوە دەناڵێن
* ئەزموون لە ڕێبەری و بەڕێوەبەریدا
* دەستنیشان کردنی نرخ و بایەخەکانی ڕێبەریی ٣٦٠ پلەیی

## تێگەیشتنی هەڵە لە پلەی ڕێبەری

لە کۆنگرەی چواردەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاتێک لە دوو کاندیدی ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندیم پرسیار کرد کە بۆچی خۆیان بۆ ئەندامەتی ڕێبەری کاندید دەکەن؟ وەڵامیان بۆ من سەرسوڕهێنەر بوو: "چونکە هەمووکەس خۆی کاندید دەکات ئێمەش دەکەین"! بەرلەوەش زۆر کەس لەو کەسانەی کە خۆیان کاندیدی ڕێبەری کرد، بەو وتەیە کە "جارێ ناتوانین باسی بەرنامەی سیاسی بکەین، تا نەبین بە ئەندامی ڕێبەری" خۆیان گەیاندە ئەندامەتی ڕێبەری و دواتریش بینرا کە نە سیاسەتێک گۆردراو و نەش فەرهەنگێک. یەکێک لەو هەڵەتێگەیشتنانەی کە زۆر کەس لە ڕێبەری هەیانە ئەوەیە کە ئەوان پێیان وایە ڕێبەری واتا "پۆست" و "پلەی تەشکیلاتی"ە. بەڵام بەکردەوە وا نیە. بۆ ئەوەی کەسێک ڕێبەر بێت پێویست ناکات بەرزترین پلە و پۆستی تەشکیلاتی هەبێت. ئەو کەسەی کە وا بیر دەکاتەوە تووشی هەڵەتێگەیشتن لە ڕێبەری بووە. پێوانەی سەرەکی ڕێبەری شوێندانەر بوونە نەک شتێکی دیکە. ڕێبەری واتا پێشکەوتن و گەشەسەندن و مافی ڕێبەری کاتێک کە کەسێک دەبیندرێت و گفتگۆی لە گەڵ دەکرێت بەدەست دێت. ئەمەکە لە چ ئاست و قۆناغێکی ڕێبەریت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گرێدراوە بە رابردوو و پێوەندی خۆت و ئەو کەسەی لە گەڵی گفتگۆ دەکەی. پۆست و ئاستی تەشکیلاتی کاریگەری کەمتر لە پلەی رێبەریدا هەیە. شوێندانەر بوون لە سەر خەڵک لە ئامادەیی مرۆڤ بۆ رێبەری سەرچاوە دەگرێت نەک پلەی تەشکیلاتیانەوە. رێبەری هەڵبژاردەیەکە کە مرۆڤ دەکات نەک کورسیەک کە لە سەری دادەنیشێت. هەڵەیەک کە مخابن لە ساڵانی رابردوودا هەر بەهۆی ئەو کورسیەی رێبەریەوە بوو بە هۆی خولقاندنی قەیرانی بڕوا لە ناو حیزبی دێموکرات دا. هەرکەسێک دەتوانێت ببێتە رێبەرێک بە بێ ئەوەی خاوەنی کورسی بێت.

## ئامانجی هەڵە

زۆر کەس پێیان وایە، کە کاتێک پلە یان پۆستی رێبەریان بەدەست هێنا، ئەوکات رێبەری دەکەن. کەچی ئەزموونی ساڵانی رابردوو لە نێو حیزبی دێموکرات و زۆر لە ریکخراوەکانیش دەریخستووە کە کاتێک کەسێک بە تەواوی خۆی پێنەگەیاندووە و شارەزایی رێبەری بەدەست نەهێناوە هەڵبژاردن یان بەدەستهێنانی پۆستی رێبەری ناتوانێت هاوکار بێت بۆ ئەوەی وەک رێبەرێک ببیندرێت. کەسانێک کە بەرلە ئەندامەتی لە ریزی رێبەریدا خۆیان پێنەگەیاندووە و پێیان وایە لە پرۆسەی بڕیاردانەکانی ریبەریدا پیدەگەن، لەوانەیە ببنە هۆی زیانی قەرەبوو نەکراو بۆ رێکخراو. کۆنگرە دەتوانێت پۆستی رێبەری بەکەسێک ببەخشێت بەڵام ناتوانێت پلەی ریبەری بەکەسێک بدات. شوێندانەری دەبێ بەدەست بهێندرێت هەروەک رێبەری حیزب و رێکخراویش دەبێ بەدەست بهێندریت. پۆست و پلەی ئیداری تەنیا هەلێکە بۆ هەڵبژێدراوان. هەلی ئەوەی کە هەڵبژاردە هێزی رێبەری خۆی بسەلمێنێت. رێبەرانی راستی بە بێ بوونی پلەی تەشکیلاتیش دەتوانن کاریگەر بن. ئەوەی کە پلەی رێبەری بە مرۆڤ دەبەخشێت پلەی تەشکیلاتی نیە، ئەوە پلەی رێبەریە کە پلەی بایەخ بە پلەی تەشکیلاتی دەدات.

## هەڵە تێگەیشتن لە ئەزموون

تەمەنی درێژ لە ناو رێکخراوێکدا بە واتای ئەزموونی بەرێوەبەری نیە، تەنانەت بوونی پلەی تەشکیلاتی و بەرپرسایەتی جۆراوجۆر بە بێ ئامادەیی رێبەری ناتوانێت یاریدەدەری کەسان بێت بۆ بوون بە رێبەر. لە گەڵ ئەمەش بە بێ بوونی ئەزموونی پێویست ناکرێ رێبەری رێکخراوێک بکرێت. کەسێک کە بێ ئەزموون بێ بە رێبەری رێکخراوێک لەوانەیە وا هەست بکات، کە بەو پێیەش دەسەڵاتی زیاتر بووە. کەچی کاتێک کەسێک لە ئاستی هەرە سەرەوەی بەرپرسایەتی رێکخراو بێت زیاتر لە جاران هەست بەوە دەکات کە پێویست بە هێزی شوێندانان بە سەر خەڵکەوە هەیە و چونکە هۆیەکانی دیکەی رێکخراویی و ژینگەیش دەبنە هۆی کۆنترۆل کردنی رێبەر.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕێبەری واتە بەرپرسایەتی

کەسانێک هەن کە بەهەڵە وا تێگەیشتوون کە کاتێک بوون بە بەرپرس و کەسی یەکەمی ڕێکخراوێک دەبنە خاوەنی هەموو ئازادیەکان و هیچ شتێک ناتوانێت سنووریان بۆ دیاری بکات. لەکاتێکدا مرۆڤ پێبەپێی بەرزبوونەوەی پلەی تەشکیلاتیەکەی ئاستی بەرپرسایەتیشی بەرز دەبێتەوە و هەرچی ئاستی بەرپرسایەتی زیاتر بێت، ئازادی کارو کردەوەشی لە دەست دەدات. کاتێک مرۆڤ پلەی بەرزتر بێت و لە ڕێکخراوێکدا بەرپرسایەتی بەدەست بێنێت یا پێی ببەخشرێت لە بەرمابەری دا چاوەڕوانی لەو زیاتر دەبێت. ڕێبەرێک کە نەتوانێت لانی کەمی چاوەڕوانی لایەنگرانی جێبەجێ بکات، ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر لە بیروهزری خەڵکدا بە ڕێبەر بمێنێتەوە و دەوروبەری ڕۆژژمێری دەکەن بۆ دوورخرانی لە دەسەڵات.

## هەڵەگەیشتن لە تواناییەکان

زۆرکەس لە پۆتانسیەل و تواناییەکانی خۆیان هەڵە تێدەگەن وپێیان وایە تا نەبنە ئەندامی ڕێبەری یا خود کەسی یەکەمی ڕێکخراو ناتوانن هەموو پۆتانسیەل و تواناکانی خۆیان ئاشکرا کەن. مرۆڤ دەشێ لە کاروچالاکی و شوێندانەری دا بەرز بێت نەک لە پلەی تەشکیلاتی و ڕێکخراوەییدا. هەر مرۆڤێک هەوڵ دەدات کە تواناییەکانی خۆی بەرز بکاتەوە و شوێندانەر بێت. مەرج نیە بەرزترین پلەی ڕێکخراوەیی باشترین شوێن بێت بۆ شوێندانەری و کاریگەربوون.

## ڕێبەری ٣٦٠ پلەیی

سەرکەوتن لە بەرامبەر بیروبۆچوونێک کاتێک ئەستەمە کە مرۆڤ بۆخۆی خاوەنی ئەو بیروهزرە نەبێت. لە ماوەی کۆنگرەکانی ١٠ تا ١٣ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، هەوڵێکی زۆر درا بۆ گۆرانی ئامانجی دوارۆژی حیزبی دێموکرات. دوای ئەوەی کە بە ئەنجام نەگەیشتن. عەبدوڵا حەسەنزادە لە وتەیەکدا وتبووی "ئەو دروشمە بە کەس لاناچێت، چونکە قاسملوو داینـاوە". بیری قاسملوو مەرج نیە بیرێکی ڕەها و هەتاهەتایی بێت، بەڵام وتەی بەرێز حەسەنزادە نهێنیەکی تێدایە. بۆ کەسێک کە بهیەوێ دروشم و ئامانجێک لە حیزب و ڕیکخراوێکدا بگۆڕێت دەبێ ئاڵترناتیڤێکی چاکتر لەوەی کە تا ئێستا هەیە هەیبێت. ئەمەش پیویستی بە سەرمایەگوزاری لە سەر بیروباوەڕ و ئامانجی نوێ دەکات. مرۆڤ هەرچی زیاتر لە سەر بیروبۆچوونی خۆی سەرمایەگوزاری بکات، زیاتر وەک بیروبۆچوونی خۆی دەچێت. لە ڕەوشێکی وادا، بیروبۆچوونی مرۆڤ لە بیروبۆچوونی کەسانی دیکە بەجۆشتر و نزیکترە بە جێبەجێ بوون.


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

ڕێبەری کەسانێک کە تەمەنێکی زیاتر لە ژیانی سیاسی و خەباتی نەریتی دا بوون، کارێکی ئاسان نیە. ڕێبەری واتە شوێندانەر بوون. ڕێبەرێک کە نە ئامانجێکی هەبێت و نە شوێندانەر بێت، کەس پێرەوی لێ ناکات. لە حیزبێکی نەریتیدا هەرچی مرۆڤ لە دەرەوەی بازنەکانی کۆنی دەسەڵات بێ، لەوانەیە ڕێگای پێنەدرێت ڕێبەریان بکات. ئەمەش یەکێک لە چالشە سەرەکیەکانی دکتۆر قاسملوو بوو لەو ڕۆژەوە کە ئەو ویستی بە شێوەیەکی چالاکانە لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ڕۆل بگێرێت. بۆیە ڕێبەرانی ٣٦٠ پلەیی بە جیاتی ئەوەی بڵێن: "خوازیاری پلەیەکم کە خەڵک پێرەویم لێ بکات" دەڵێن "دەمهەوێ بگەمە ئاستێک کە کە خەڵکانی دیکە پێرەویم لێ دەکەن"، دەگۆڕن.

ڕێبەری ئەندامانی ڕێبەری حیزب یان ریکخراوێک یەکێک لە گەورەترین چالش و لێگەرەکانی ریبەرانی ٣٦٠ پلەییە. زۆربەی ڕێبەران پێیان خۆشە ڕێبەری بکەن بەڵام ڕێبەری نەکرێن. زۆربەی ڕێبەران پێیان خۆشە کە بایەخیان زیاتر بێت. کە مرۆڤ لە روانگەی بەرزکردنەوەی بایەخی خۆیەوە بە پرسی ڕێبەری نزیک بێتەوە زۆرترین هەلی هەیە بۆ شوێندانەر بوون لە سەر خەڵکانی دیکە. لە کاتێکی وادا ستراتێژی مرۆڤ دەبێ پشتیوانی لە تەواویەتی ڕێبەری رێکخراو و لە ڕێگای ئەنجامی کارە بەرچاوەکان خۆی لە هاوکارانی جیابکاتەوە. بەو واتایە کە بەجیاتی ئەوەی کە سەرنج بداتە کەموکۆری کەسانی دیکە، باشترینی خۆی نیشان بدات. کە مرۆڤ هەموو شتێک بە شێوەی ڕێکوپێک و بەردەوام ئەنجام بدات، ئەوکات بایەخی ئەو لە ناو ڕێکخراودا بەرز دەبێت و ڕێبەرایەتی بە چاوی ریزەوە سەیری دەکات. لە حیزبێکی پێشکەوتوو و بەرپرسدا ڕێز لە کەسانی وادەگیرێت و بە کەسانی وا بڕوا دەکرێت و لە کاتی پێویست دا راوێژی لە گەڵ دەکرێت. لەوەها رەوشێکدا شوێندانەری کەسەکە زیاد دەبێت و کەسەکە هەلی زیاتری دەست دەکەوێت بۆ ڕێبەری کردن.

یارمەتی سەرکەوتنی ڕێبەر لە ئەرکەکانیدا، یارمەتی ڕێکخراوەیە لە کارەکانیدا. ئەمە بە واتای ئەوەیە کە کەسەکە ئەندامی تیمە. واتا کەسەکە لە راستای ئامانجەکانی تیم کار دەکات و دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورەتر بگێرێت.

کەسانی سەرکەوتوو ئەو کارانە ئەنجام دەدەن، کە مرۆڤە ناسەرکەوتووەکان توانای ئەویان نیە. ئەمەش بە واتای ئەوەیە کە ئەو کەسانە دەبێ کاری زەحمەت و دژوار ئەنجام بدەن. کاتێک کە مرۆڤ هەڵبژاردەی زەحمەت هەدەبژێرێت و گەیشتن بە ئامانجیش زەحمەت بێت، ڕێبەران دەکەونە پراکتیکەوە. ئەمەش بەواتای ئەوەیە کە دەبێ بەرژەوەندیە شەخشی و تاکەکەسی و گرووپیەکان قوربانی بەرژەوەندی گشتی بکرێت.

**ڕێبەرایەتی ئەمرۆی حیزبی دێموکرات دەشێ لە رەوشی بەرێوەبەریەوە بەرەو ڕێبەری کردن ئاڵوگۆر بەسەر خۆیدا بێنێت. دەشی زێهنیەت و تێگەیشتنی خۆی بەرفراوان بکات. مادام پێشتر قاسملوومان هەبووە،**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**دەبێ ڕێوشوێنی خوارەوە بۆ بەرەوپێشچوون و بەرزبوونەوەی ئاستی ڕێبەری حیزب وەبەرچاو بگیرێت:**

* بیرکردنەوە لە هەلومەرجی درێژخایەن
* لێکۆڵینەوە لە سەر ئاستی شوێندانەری بڕیارەکان
* هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگای دیکەی
* سەرنجدان بە بابەتگەلی وەک ئەنگیزە و هاندان، ورە، هەستەکان، چاوەڕوانیەکان، ژینگە و دۆزینەوەی کات
* دۆزینەوەی کەسانی چاک و کارا و سەرمایەگوزاری لە سەر ئەوان
* ڕێبەران دەبێ هەمیشە هۆی گۆڕانکاری بن، نەک بەشێک لە گۆڕانکاری

قاسملوو لە ژیانی ڕێبەری خۆیدا، هاڕێیان و هاوکارانی خۆی هان دەدا بۆ پێشکەوتن و دۆزینەوەی ئەنگیزەی بەرەوپێشچوون و گەشەسەندن. ڕێبەری ٣٦٠ پلەیی بۆ سەرکەوتن دەبێ بە هاوکارانی خۆی نیشان بدات کە بۆچی دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت و پێرەوی لەو بکرێت. ڕێبەری ٣٦٠ پلەیی هاوکاری هاوکارانی دەکات بۆ سەرکەوتن لە کارەکانی خۆیدا. کاتێک کاری وا ئەنجام دەدرێت، نەتەنیا خزمەت بە حیزب کراوە بەڵکوو ڕێبەر خزمەتی خۆشی کردووە. ڕێبەر نابێ لە بەرامبەر کەسانی ژێر ڕێبەری ئەودان بە تەنیا کار بکات و نیشان بدات کە هۆگری لایەنگرانی خۆیەتی. لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت کە ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی چالاکی حیزب و ڕێکخراوەکەی بناسێت. سروشتیە کە لەناو حیزب و ڕێکخراوەکاندا ڕکەبەری و کێبەرکێ هەیە بۆ بەدەست هێنانی پلە و پایەی تەشکیلاتی و سیاسی. ڕێبەری ٣٦٠ پلەیی دەشێ کەشێکی تەندوروست لە ناو ڕێکخراودا پێک بێنێت، بۆ ئەوەی کە لە گەڵ ئەوەی کە ڕکەبەری (ڕقابەتی دەروون حیزبی) لە ناو حیزبدا بپارێزرێت، کاری تیمیش پەرە پێبدرێت.

ڕێبەر تەنیا کەسێک نیە کە بە شێوەی ئاسۆیی پێوەندی بە ئەندامان و لایەنگرانیەوە هەبێت. ڕێبەر دەبێ هاوکات لە گەڵ ڕێبەرایەتی، دۆست و نزیکی کەسانی دەوروبەری خۆی بێت. مرۆڤ زۆرجار هەلومەرجی جیاوازی هەیە لە پێوەندی لە گەڵ خەڵکانی دەوروبەری خۆی: هاوکار، هاوتیم، شەریک، ڕەقیب و.... بەڵام ئەوەی کە خەڵکانی دیکە و پێرەوان لە ڕێبەران دەیانهەوێ "دۆست" بوونە. بەو واتایە کە ڕێبەر دەبێ "دۆستی" ئەندامان و لایەنگرانی خۆی بێت نەک ئەوەی دوای دۆست لەناو ئەواندا بگەڕێت.

قاسملوو لە ناو پێشمەرگەکاندا کەسێک بوو کە خۆی لە سیاسیکاری دەپاراست و وەک یەکێک لەوان لە ریزیاندا دیار بوو. لە ناو ڕێکخراودا سیاسەت کردن لە گەڵ هاوڕێیان و هاوکاران دەبێتە هۆی نەخۆشی ژینگەی سیاسی و ڕێکخراوەیی. خۆپاراستن لەو کردەوەیە لە بەرامبەردا دەبێتە هۆی پێکهێنانی کەشێکی تەندوروستی ڕێکخراوەیی کە تاکەکان سەربەخۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پەروەردە بكرێن و سەركەوتنی خۆیان لە سەركەوتنی تەواویەتی ڕێكخراو ببینن. كەسانێك كە لە ناو ڕێكخراودا سیاسەت دەكەن كەسانی هەلپەرەستن كە تەنیا ئامانجیان بەرژەوەندی تاكەكەسی و گرووپی خۆیانە و ڕێكخراو و كاری ڕێكخراوەیی تەنیا پردێكە بۆ گەیشتن بە ئامانجە تایبەتیەكانیان.

ئەوەی قاسملوو وەک ڕێبەرێكی ٣٦٠ پلەیی لە ڕێبەرانی دیكە جیا دەكاتەوە و دەكاتە ڕێبەرێكی تاقانە، ئەوەیە كە قاسملوو هەوڵی دەدا لە سەر دەوروبەری خۆی شوێندانەر بێت و ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕ. هەوڵی قاسملوو و شوێندانەری قاسملوو بوو كە ئەمڕۆش ڕێبوارانی ئەو درێژەدان بە ڕێگای ئەو بە ئەركی خۆیان بزانن. گەیشتن بە ڕێبەرێی ٣۶٠ پلەیی كارێكی ئاسان نیە. ئەمە ئەركێكی قورس و درێژخایەنە و لە شەورۆژێكدا ئەنجام نادرێت. بەڵام هەوڵدان لەو ڕێگایەدا بایەخدارە. لەوانەیە هەمووجارێ هەوڵەكان بە ئاكامی دڵخواز نەگەن، بەڵام بە بێ هەوڵ هیچ ئاكامێكیش بەدەست نایەت.

ڕێبەرانی ٣٦٠ پلە ئەو بایەخانەی خوارەوە بە ڕێكخراو دەبەخشن:

١- دەبنە هۆی پێكهێنانی تیمێكی ڕێبەری كارامە

٢- حیزب فێردەكەن كە ڕێبەران لە هەموو ئاستەكانی تەشكیلاتی دا پێویستن

٣- سەركەوتوویی لە ئاستێک مەرجی ڕێبەری لە قۆناغی داهاتووە

٤- ڕێبەرانی چاک لە ئاستەكانی ناوەندی دا بە واتای بوون بە ڕێبەرانی چاكتر لە ئاستەكانی سەرەودان

٥- ڕێبەرانی ٣٦٠ پلەیی خاوەنی چۆنیەتی و كوالیتەی پێویست بۆ حیزبن، كە بریتین لە:

* سازگاری
* هێزی لێكدانەوە
* پێوەندی
* هێمنایەتی
* ڕۆحیەی خزمەتكردن
* بەهرەمەندی لە سەرچاوەكان
* پێگەیشتوویی فیكری
* لەسەرەخۆ بوون
* هەست بە بەرپرسایەتی كردن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

گەشەکردن و پێشکەوتنی حیزب گرێدراوە بە گەشەکردنی فەرهەنگ و کولتووری ڕێکخراوەیی، کە ئەویش لە ڕێگای ڕێبەرانی کارامەوە جێبەجێ دەکرێت. ئەمەش کاتێک جێبەجێ دەبێت کە حیزب بە کردەوە هەنگاوەکانی پێویست بۆ گۆڕانکاری ڕێکخراوەیی و نووژەنکردنی فەرهەنگی ڕێکخراوەیی هەڵگرێت و ڕێبەرانی داهاتوو لەسەر بنەمای بیری ڕێبەری ٣٦٠ پلەیی پەروەردە بکات. قاسملوو ڕێبەری حیزبی دێموکرات و پەروەردەی ئەو حیزبە بوو. حیزبێک کە لە ئاستەمترین سەردەمی کولتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری کوردستاندا قاسملوو پەروەردە بکات، دەتوانێت لە داهاتووشدا ڕێبەرانی قاسملوو ئاسا پەروەردە بکات و پێشکەش بە بارەگای نەتەوەی کورد بکات.

سەرچاوە: فیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٨ی جوولای ٢٠١٤

---

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

گەلاوێژی ٢٧٢٤ی کوردی = جوولای ٢٠٢٤ی زایینی

---






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێی تێکۆشەر د. مەجید حەقی بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتارو بابەتەکان.**

**دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**




https://serchawe.com